ژمارە
48

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

## کۆنفرانسی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی:

## پلانەکانی پشکنین بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەی سەربازی



زستان 2025

# ٢٠٢٥ ساڵی وەرچەرخان و دەرکەوتنی ئاسۆی ڕوون

سەروتار



لیوا عوسمان محەمەد

بە گشتی ساڵی ٢٠٢٥ ساڵێکی پڕ لە دەستکەوت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بوو. لەو ساڵەدا ئامانجێکی گەورە بەدی هات، کە بریتی بوو لە سەرخستنی پرۆژەی یەکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە چوارچێوەی فەرماندەیی دەڤەرەکان، فیرقەکان، لیواکان و فەوجەکاندا. ئەم هەوڵ و ئەنجامە گرنگە بەرهەمی بوێری، شەونخوونی، کاری بەکۆمەڵ و بڕیاری دروستی سەرکردایەتی و کۆنترۆڵکردن بوو. بەتایبەتی ئەزموونی هەوڵ و ئەنجامەکانی ئەمساڵ سەلماندی کە هەبوونی فەرماندەی ئەکادیمی و دڵسۆز، گەرەنتی دارشتنی هێزێکی ڕێکخراو و نیشتمانییە. دەرکەوت هەر کاتێک فەرماندەی ئەکادیمی و یەکەی مەیدانیی زانستیانە هەبێت، ئەوا هێزێکی تۆکمە و ڕێکخراو بەرهەم دێت. لە ئێستادا فەرماندە سەربازییەکانی ناو وەزارەتی پێشمەرگە و دەڤەر و فیرقەکان، خاوەن ڕۆحییەتی پێکەوەکارکردن و لێکتێگەیشتنێکی باڵان کە مایەی هیوا و ئومێدە بۆ داهاتوویەکی گەشی دامەزراوەی سەربازیی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمەش بەڵگەیە کە بە یەکدەنگی گەیشتووینەتە ئاستێکی دڵخۆشکەر و دەبێتە مایەی بەهێزتربوونی یەکریزی، تەبایی و پابەندبوونی زیاتر لە پێناو سەرخستنی پرۆسەی چاکسازیدا. هەرێمی کوردستان ساڵانێکی زۆرە چاوەڕوانی ئەوەیە وەزارەتی پێشمەرگە بە یەکگرتوویی ببینێت و تەواوی هێزە سەربازییەکانی دەرەوەی وەزارەت، بە شێوەیەکی ڕێکخراو لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگەدا کۆببنەوە .ئەمە ڕێگە ڕاستەکەی بنیاتنانی هێزێکی نیشتمانیی یەکریزو یەکگرتووە و جێگەی شانازییە کە لە ئێستادا شاهیدی هاتنەدی ئەم خواست و چاوەڕوانییە لەمێژینەین.

وەزارەتی پێشمەرگە پۆلێنکاری ئاستەکانی بڕیاردانی سەربازیی بە تەواوەتی ڕێکخستووە و بە ڕوونی هێزەکانی لە بوارە ستراتیژی و تەکتیکییەکاندا ڕیزبەند کردووە. هەروەها سەرکردایەتی و کۆنترۆڵ لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا خاوەن پێگە و ڕۆڵی دیاری خۆیەتی. فەرماندە سەربازییەکان دوای بەشداریکردن لە خولە مەشقییە هاوبەشەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانان، زانیاری و زانستی نوێیان بۆ پەیڕەوکردنی ئەرکەکان و بەجێگەیاندنی فەرمانەکان وەرگرتووە. جیا لەوانە، دەیان پرۆژەی دیکەی هاوشێوە تەواوکراون و ئێستا بەشێکیان کەوتوونەتە واری جێبەجێکردنەوە. پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کە هەر لەمساڵدا، لەسەر ئاستی هەموو پێکهاتە و بەشەکانی وەزارەت و یەکەکانی، پرۆسەکانی مەشق و فێرکاریی ئیداری و کاروچالاکیی میدیایی و هۆشیاری بەچڕوپڕی ئەنجامدراون و چەندین خول و کۆنفرانسی گرنگ لەچوارچێوەی ئەرکە سەربازی و نیشتمانییەکاندا بەڕێوەچوون. بێگومان، لە ساڵی ٢٠٢٦دا، لەسەر ئەم بنەمایە کارەکان بەردەوامییان دەبێت و چاوەڕوان دەکرێت ئاهەنگی گەورەی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوە سازبکرێت. هاوکات، لێکتێگەیشتنێکی نوێی هاوبەش لەگەڵ هاوپەیمانان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی واژۆ بکرێت، کە ئەمەش خاڵێکی ئەرێنی بۆ پێگەی سەربازیی هەرێمی کوردستانە. وەزارەتی پێشمەرگە لە هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکیدا خاوەن دیدگایەکی ڕوونە و بە تەواوی بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان ئامادەیە، تاوەکو بۆ قۆناغی نوێی کارکردن لەسەر ئاستە ستراتیژی و تەکتیکییەکان هەنگاو بنێت، بۆیە پێشبینی دەکەین، ساڵێکی پڕ لە دەستکەوت و سەرکەوتنی ستراتیژیمان لە پێش بێت و ئاسۆی ئەم خواستە پیشەیی و نیشتمانییە بە ڕوونی دەبینین.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# پێشمەرگە

گۆڤارێکی وەرزییە وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
وەزارەتی پێشمەرگە

ژمارەی مۆڵەتی (٤٤٢)ی سەندیکای
رۆژنامەنووسانی کوردستانی دراوەتێ

سەرنووسەر:
لیوا عوسمان محەمەد مستەفا (ریشە)

جێگری سەرنووسەر:
عمید شوان مەحمود ئەحمەد

سەرپەرشتیاری بەشی راگەیاندن:
عمید ستارعبدالکریم عزیز

سەرپەرشتیاری بەشی هۆشیاری نیشتیمانی:
عمید محەمەد صدیق حەمە

بەڕێوەبەری نووسین - راگەیاندن:
عقید رەنج جەعفەر ئەحمەد

بەڕێوەبەری نووسین - هۆشیاری:
عقید قارەمان مەهدی محەمەد

دیزاین : بلال بکر سید غریب

پەیوەندییەکان بۆ گۆڤار و ماڵپەڕی وەزارەتی پێشمەرگە لەرێگای سەرنووسەر و ئەم ئیمەیل و ژمارە تەلەفۆنانەوە دەبێت

(+964) 750 466 1364 Data@mopa.gov.krd (+964) 772 531 5240



کۆنفرانسی ساڵانەی
بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی
گشتی
پلانێکی فراوان بۆ
بەهێزکردنی تواناى سەربازی

٢



عەقیدەی سەربازی
پەروەردە ، راهێنان ، شەڕ و
ستراتیژییەت

٤١



کۆنفرانسی
ئاسایش و هۆشیاریی
نیشتمانی.. پێشمەرگە و
ڕوبەڕوبوونەوەی ئاڵەنگاری و
پێشهاتەکان

١٩



فەرماندەیی ئەرکەکان
فەلسەفەی سەرکەوتن لە
تەمومژی جەنگدا

٥٦



چالاکییە ژینگەیی و
مرۆییەکان
پێشمەرگە و ڕۆڵی کاریگەری
لە پاراستنی ژینگەدا

٣٢



بەرگریی لاستیکی
تیۆری روبەڕوبوونەوە لە
مەیدانىدا

٦٦

# کۆنفرانسی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی:

## پلانێکی فراوان بۆ بەهێزکردنی توانای سەربازی

● ئامادەکردنی: عەمید ستار چاوشین

**بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە ڕۆژی ١٦ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەڕێوەبرد، کە تێیدا دەستکەوتەکانی ساڵی ٢٠٢٥ هەڵسەنگاند و پلانی کاری ساڵی ٢٠٢٦ی خستە ڕوو.**
**کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی شۆڕش ئیسماعیل وەزیری پێشمەرگە، فەریق ڕوکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان، ڕاوێژکارانی هێزەکانی هاوپەیمانان لە هەرێمی کوردستان، نوێنەری سەربازی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕاوێژکاری باڵای وەزارەت و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت، فەرماندەی فرقەکانی پیادە و ژمارەیەک ئەفسەرانی باڵای وەزارەت بەڕێوەچوو.**

### ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە پێشکەوتنی سەربازیدا

لیوا دکتۆر عەبدولعەزیز حەمید، بەڕێوەبەری پشکنینی گشتی، لە وتەی بەخێرهاتنیدا ئامانج و مەبەستەکانی ئەنجامدانی کۆنفرانسی ڕوونکردەوە و تەواوی ئەرک و چالاکییەکانی ساڵی ٢٠٢٥ی خستەڕوو، هەروەها ڕوونیکردەوە پشکنینی فێرکارییان بۆ ئەو یەکانە کردووە کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا خراونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، پشکنینی ئەو یەکە سەربازیانەش بەردەوامە کە پێشتر لەسەر میلاکی وەزارەت بوون، لە هەردوو بوارەکەدا چەند پشکنینێکی جیاوازیان هەیە کە خزمەت بە ڕێکخستن و باشترکردنی کارەکانی یەکە سەربازیەکان دەکات بە شێوەیەک کە بتوانن لە گەڵ ئەو ستانداردە دیاریکراوانە هاوتا ببنەوە لەگەڵ بنەماکانی پشکنینی گشتی وەزارەتی بەرگری عێراق.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە
hewalname.com/ku



## ئەرکە سەربازییەکان و هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی

وەزیری پێشمەرگە لە وتارەکەیدا ڕێز و پێزانینی خۆی بۆ ئەفسەرانی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی دەربڕی و کار و چالاکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەی بە کارێکی گرنگ و پێویست زانی بۆ بەرەوپێشبردنی کاروبارەکانی یەکەکانی سەربە وەزارەت. جەختی لەوە کردەوە کە ئەم کۆنفرانسە، بوارێکی گرنگە بۆ هەڵسەنگاندن و نرخاندنی ئەرک و بوارەکانی کارکردنی وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕووی (کارگێڕی، جموجۆڵی سەربازی، لۆجستی، هەواڵگری، توانای جەستەیی، بەکارهێنانی جۆرەکانی چەک، هۆشیاری نیشتیمانی، دانانی پلانی بەرگری، ئامادەباشی جەنگی) بەپێی ستانداردە پەسەندکراوەکان لە سەرجەم بوارە کارگێڕی و سەربازییەکاندا، ئەمەش بۆخۆی بوارێکی گرنگ و ستراتیژی سەربازییە کە وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەوە ئاگاداری دۆخی هەموو یەکە کارگێڕی و سەربازییەکان دەبێت.

هەروەها دوپاتی کردەوە و داوای کرد لەپاڵ بەرەوپێشچوونی زانستە سەربازییەکاندا، بابەتەکانی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتیمانی وەک پشتگیرییەکی بەردەوام بۆ هێز و توانا سەربازییەکان لە عەقیدەی سەربازی، پرنسیپی سەربازی و ئەرکە هەمیشەییە سەربازییەکان بایەخی زیاتری پێبدرێت و توانای ئەفسەرانی هۆشیاری بەرزکرێتەوە کە بەشێکی گرنگن لە وزە و ورەی هێزی پێشمەرگە.

## چاکسازی و ئەرکەکانی پێشمەرگە لە ساڵی نوێدا

سەرۆکی ئەرکان لە وتەیەکیدا سەرەڕای دەستخۆشی لە ئامادەکردنی کۆنفرانسی ساڵانە، پێشکەوتنەکانی پشکنینی سەربازی و ڕەچاوکردنی ڕاسپاردەکانی ڕابردوو، هەندێک تێبینی و پێشنیاری بۆ ساڵی ٢٠٢٦ خستە ڕوو، بە پێویستی زانی ڕاپۆرتەکەیان تەواوی رشتە و بوارە جیاوازەکانی پشکنیین بگرێتەوە، هەروەها پێشنیاریکرد لە ساڵی داهاتوودا پشکنینە فێرکارییەکانیان زیاتر بکەن بۆ ئەوەی بتوانرێت لە نیوەی یەکەمی ساڵی داهاتوودا هەموو ئەو یەکانەی لە نوێ دێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە





پشکنینی فێرکارییان بۆ بکرێت و لە نێوەی دووەمدا تەواوی هێزی پێشمەرگە ئامادەی پشکنینی لە ناکاو بێت، هەروەها پێشنیاری کرد هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق بکرێت و لە ڕێگەی خولەکانەوە توانا مرۆییەکانی پشکنەران بگاتە ئاستێکی باڵای کارکرن. سەرۆکی ئەرکان ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ پشتیوانیکردن و دابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی. ئاماژەی بەوە کرد کە ئەرکی پشکنینی گشتی لە ساڵی نوێدا زۆر قورستر دەبێت، چونکە لە چوارچێوەی پرۆسەی چاکسازیدا سەرجەم یەکە سەربازییەکان یەک دەخرێنەوە و ژمارەی یەکە سەربازییەکان و هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر دەبێت، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاست و توانای سەربازی لە هەموو بوارەکاندا بە پێویستزانی بۆ ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا هێزی پێشمەرگە بگاتە ئاستێکی باڵا لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا.

## ڕاپۆرتی کار و پلانی داهاتوو

عەمید سالار ئیبراهیم ئیسماعیل لە بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی ڕاپۆرتی کۆنفرانسی ساڵی ٢٠٢٥ی خوێندەوە، کە تێیدا ئاماژەی بە کێشە و بەربەستەکان، کار و چالاکییەکانی هەمان ساڵ بۆ پشکنینی یەکەکان و هەڵسەنگاندنی ئەو یەکانەی کە پشکنینیان بۆ کراوە کرد. دواتر عەمید ئیبراهیم یوسف پلانی ساڵی ٢٠٢٦ی خستەڕوو کە تێیدا ئەو یەکە و بەڕێوەبەرایەتیانەی دیاری کرد کە پشکنینیان بۆ دەکرێت لە ساڵی نوێدا، بەپێی فەرمانە وەزارییەکان و ڕێنماییەکانی سەرۆکی هەرێم، وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی ئەرکان دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

## گفتوگۆ و پێشنیارەکان

بەشداربووان گفتوگۆیەکی چڕ و پڕیان لەبارەی چۆنیەتی و شێوازەکان و جۆرەکانی پشکنین و ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی یەکەکان ئەنجامدا. هەندێک لە ئەفسەرانی باڵای وەزارەت پێشنیازی کۆمەڵێک بابەتی نوێیان کرد کە هاندەرە بۆ بەهێزکردنی تواکان، لەوانە بەش و هۆبەی نوێ بۆ هەندێک یەکە.







ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku





## ڕێزلێنان لە ئەفسەران

لە کۆتاییدا کۆنفرانسەکەدا، وەزیری پێشمەرگە و سەرۆکی ئەرکان بڕوانامە و خەڵاتی ڕێزلێنانیان بەخشی بە ژمارەیەک ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی، کە بەشداری خولێکی تایبەت بە پشکنینی گشتییان کردبوو لە وەزارەتی بەرگری عێراق لە بەغدا.

شایانی باسە بەڕێوەبەرایەتی پشکنینی گشتی لە چوارچێوەی بەرنامە و پلانی ساڵانەدا، بە مەبەستی باشترکردنی ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارەکان و نەهێشتنی کەموکوڕییەکان، جۆراوجۆری پشکنینی فێرکاری، پشکنینی بەدواداچوون، پشکنینی تاقیکاری و پشکنینی لەناکاو بۆ یەکە سەربازییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام دەدات لە هەموو ئەو بابەتانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەری ناونیشان و هێما سەربازییەکان.





# لێکتێگەیشتنی وەزارەتی پێشمەرگە و خاچی سوور چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە

## خولی پێگەیاندنی ڕاهێنەران دەستپێکرد

● ئامادەکردنی: ڕەنج جەعفەر

**لە هەنگاوێکی گرنگدا بۆ چەسپاندنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاداشتنامەیەکی هاوکاری لەگەڵ کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق واژۆکرد کە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و لێقەوماوانی جەنگ ناوەڕۆکی بەرنامەی کارەکانییەتی.**
**شۆرش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە لە ڕێورەسمێکدا کە فەریق روکن عیسا عوزێر سەرۆکی ئەرکان و ئەفسەرانی باڵای وەزارەت تێیدا ئامادەبوون، پێشوازی لە کێلنۆر پانگلونگ جێگری بەرپرسی کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە عێراق و تیمی یاوەری کرد و یاداشتنامەکەیان واژۆکرد.**

### پێشینەی پەیوەندی و هاوکاری

کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەساڵی ١٩٩١ەوە لەهەرێمی کوردستان کاردەکات و لەماوەی ساڵانی کارکردنی، بەدەیان خولی هۆشیاری جۆراوجۆری بۆ هێزەکانی پێشمەرگە کردووەتەوە. دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر پەیوەندیی فەرمی و ئەنجامدانی کار و چالاکی هاوبەش لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە هەرێمی کوردستان، قۆناغێکی نوێی هەماهەنگی لە نێوان هەردوولادا هاتە ئاراوە.

بەگوێرەی ئامارێک کە دەستی گۆڤاری پێشمەرگە کەوتووە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٤ خاچی سوور بە هەماهەنگی وەزارەتی پێشمەرگە ١٩ سیمیناری تایبەت لەبارەی یاسای ناکۆکی چەکداری بەسەرپەرشتی کەسانی بەئەزموون و شارەزا لەیاساکان ڕێکخستووە. فەرماندەی لیواکان، فەرماندەی میحوەرکان، پێشمەرگە و ئەفسەرانی لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەم سیمینارانەدا سودیان بینیوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەرەتای



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەمساڵدا کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور خولێکی تایبەتی لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییەکان بۆ ژمارەیەک ئەفسەر و پێشمەرگەی یەکەی یەکسانی ڕەگەزی وەزارەتی پێشمەرگە و بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری مەشق و ڕاهێنان بەڕێوەبردووە.

## واژۆکردنی یاداشتنامەی هاوکاری

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا لێکتێگەیشتنێکی دووڕمەودا واژۆ کرا کە ناوەڕۆکەکەی جەخت لەسەر درێژەدان بە پەیوەندییەکان و ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش دەکاتەوە، بەتایبەتی لەڕووی پێگەیاندنی ڕاهێنەر لە بواری یاسای ناکۆکی چەکداری و بەگەڕخستنی توانا ناوخییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە وەک جێگرەوەی خاچی سوور و درێژەدان بە پرۆسەی هۆشیاری سەبارەت بە یاسا و ڕێسا جەنگی و مرۆییە نێودەوڵەتییەکان لە کاتی ململانێ و پێکدادانە چەکدارییەکاندا.

وەزیری پێشمەرگە لەبارەی ئەم یاداشتنامەیەوە ڕایگەیاند: «ئەم یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنە، بۆ لێک نزیکبوونەوە و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان و گەیاندنی پەیامی پاراستنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەکاندا.»

ئەم یاداشتنامەیە کە بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٠٢٥-٢٠٢٨) دەخایەنێت، ئامانجی سەرەکی، پاراستنی ژیان و کەرامەتی لێقەوماوانی جەنگ و بارودۆخە ناهەموارەکان و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکانە.

یاداشتنامەکە چەندین بەرنامەی جدی لەخۆدەگرێت کە لەلایەن خاچی سوورەوە جێبەجێ دەکرێن، لەوانە تێکەڵکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لەنێو سیستەم و بەرنامەی ڕاهێنانی سەربازی، هزر و بیروباوەڕ، پلان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان. هەروەها خاچی سوور لەڕێگەی خولی هۆشیاری، سازدانی کۆڕ، ڕاهێنان و ناردنی ڕاهێنەرانی پێشمەرگە بۆ خولەکانی ئەم بوارە، ئامانجەکانی یاداشتەکە جێبەجێ دەکات.



## بەڕێوەچوونی وۆرکشۆپی یاسای ناکۆکی چەکداری

وەک سەرەتایەک بۆ جێبەجێکردنی ئەم لێکتێگەیشتن و پرۆژە هاوبەشە، ڕۆژی ١٥ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، دیدارێکی تایبەت بەڕێوەچوو. لەم دیدارەدا لیوا ڕوکن بەختیار محەمەد سدیق ئەمینداری گشتی وەزارەت و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ڕاوێژکار و ئەفسەرانی باڵای وەزارەت، لەگەڵ تیمێکی باڵای خاچی سووری نێودەوڵەتی ئامادە بوون.

لە دیدارەکەدا بەرپرسان و شارەزایانی خاچی سوور لە هەرێمی کوردستان و وڵاتی میسر، زانیاری و ڕوونکردنەوەی وردیان لەسەر یاسای ناکۆکی چەکداری خستە ڕوو، هەروەها لە چەندین تەوەردا مادده و خاڵەکانی یاساکە و کاریگەری و ڕەهەندە یاسایی و مرۆیی و جەنگییەکانیان شیکردەوە.

لە بەردەوامی وۆرکشۆپەدا، چالاکیەکانی پارێزگاریکردن لە کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و ڕێککەوتنامەکانی جنێف و یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ، یاسای جەنگ و هەروەها ململانێیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە پێکدادانە چەکدارییەکان و پابەندبوون بە پاراستنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ خرایە ڕوو.

هەر لەمیانەی وۆرکشۆپەکەدا، کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند، لەنێوان وانەبێژان و ئامادەبووان گفتوگۆی بەرفراوان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان کرا و بە سەرنج و ڕاگۆڕینەوەی بەشداربووانیش کۆتایی بە وۆرکشۆپەکە هات.

## دەستپێکردنی خولی پێگەیاندنی ڕاهێنەران

لە ڕۆژی دواتردا و وەک بەشێکی کردەیی لە پرۆژەکە، یەکەمین زنجیرەی خولی ڕاهێنەران لە شاری هەولێر دەستی پێکرد. ئەم خولە تایبەت کراوە بە مەشق و ڕاهێنانی پۆلێک لە ئەفسەرانی بنکەکانی مەشقی پیادە و وانەبێژانی بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی وەزارەتی پێشمەرگە.

ئامانجی سەرەکی خولەکە ئەوەیە کە بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی ڕاهێنەری تایبەتمەند لە بواری یاسای ناکۆکی چەکداری لە ناو یەکەکانی وەزارەتی پێشمەرگە پێدەگەیەنرێن. ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا وەزارەتی پێشمەرگە بتوانێت بە توانای ناوخۆیی خۆی وەک جێگرەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور، لەناو یەکەکانی پێشمەرگەدا درێژە بەم پابەندی و پرۆسە مرۆیی و یاساییانە بدات.

ئەو تیمەی خاچی سووری نێودەوڵەتی کە سەرپەرشتی و بەشداریی ئەم پرۆژەیە دەکەن پێکهاتوون لە ئەحمەد موحەرەم، بەرپرسی هێزە چەکدارەکان لە عێراق و موحسین زوهێری، ڕاوێژکار بۆ هێزە چەکدارەکان لە عێراق، هەروەها لوقمان ڕەشید، ڕاوێژکار لە کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە هەرێمی کوردستان بۆ هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنییەکان، لەگەڵ ئەڤین یاسین بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن لە خاچی سوور لە هەرێمی

کوردستان و محەمەد ڕەشاد، کارمەندی بەشی پارێزگاری لە هەولێر.

## کۆتاییهاتنی خولی یەکەم

لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥، لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی لیوا سەربەست جەباری ڕاوێژکاری یاسایی و لیوا عوسمان محەمەد بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری و ژمارەیەک لە ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە و بەرپرسانی خاچی سوور، خولی یەکەمی پێگەیاندنی ڕاهێنەران لە بواری یاسای ناکۆکی چەکداری کۆتایی هات.
خولەکە لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتنێکی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور ڕێکخرابوو، کە ئەمەش پلانێکی گشتگیرە و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت.
لە زنجیرە خولەکەدا ژمارەیەک ئەفسەر و کارمەندی بنکەکانی مەشقی پیادە و بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە، بەشدار بوون و مەشق و ڕاهێنان ئەنجامیاندا. ئەم خولە جیاواز لە زۆربەی خولەکانی تر، هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی پێویست بۆ بەشداربووانی ئەنجام دەدرێت.

## پشتگیری نێودەوڵەتی

کێلنۆر پانگلونگ جێگری بەرپرسی کۆمیتەی خاچی سوور دڵخۆشی خۆی و پاڵپشتی ڕێکخراوی خاچی سووری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دووپاتکردەوە و ڕایگەیاند: «لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام دەبین لە کاری پێکەوەیی و پاراستنی یاساکانی جەنگ، دڵنیاین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارێتی باڵادایە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.»

## بنەمای یاسایی

یاداشتنامەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لەگەڵ ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ و پرۆتۆکۆلەکانی پاشبەندی ساڵی ١٩٧٧دا هاوتەریبە. پێشمەرگەش وەک ئەرکی هەمیشەیی خۆی و کاریگەرتر، پارێزگاری لە پرەنسیپە مرۆییە جیهانییەکان دەکات.
وەزیری پێشمەرگە تەکیدی لەسەر ئەوە کردەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و بەرپرسیارێتی دایە و هەمیشە لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا پارێزگاری لە خەڵکی سڤیل و لێقەوماوانی جەنگ لە ناوچەکەدا کردووە.

## ئاکامە چاوەڕوانکراوەکان

ئەم یاداشتنامەیە چاوەڕوان دەکرێت ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هێزەکانی پێشمەرگە دەربارەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بگێڕێت. هەروەها دەبێتە هۆی چەسپاندنی کلتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لەنێو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا.
بە واژۆکردنی ئەم یاداشتنامەیە، وەزارەتی پێشمەرگە و کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوور هەماهەنگییەکانی نێوانیان لە پێناو برەودان و چەسپاندنی بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی فراوانتر دەکەن. ئەمەش نیشاندەری پابەندبوونی هەرێمی کوردستانە بە پەیڕەوکردنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لە پرۆسەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکاندا.
جێی ئاماژەیە کە ئەم لێکتێگەیشتن و پرۆژە هاوبەشە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام دەبێت. لەو ماوەیەدا بە مەبەستی ڕاهێنان و پێگەیاندنی ڕاهێنەر لە بواری یاسای ناکۆکی چەکداری، چەندین کۆبوونەوە و کۆڕ و خول ئەنجام دەدرێت. ئەم پرۆژەیە نیشانەی بایەخدانێکی نێودەوڵەتی خاچی سوورە بە قەوارەی هەرێم و پێشمەرگەی کوردستان، هاوکات هەنگاوێکی گرنگی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ پابەندبوونی زیاتر بە یاسا و ڕێسا مرۆیی و نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، کە ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر ڕەوشتە کەلتووری و خەباتگێڕییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پەیڕەوکردنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ڕێساکانی جەنگ و بەها مرۆییەکان.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# ئەفسەرانی پۆل..

## دەستپێکێکی بەهێز لە پڕۆژەی ستراتیژی بۆ پەرەپێدانی توانای ڕاهێنەرانی هێزی پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: بارزان ڕزگار






لە سەردەمێکدا کە پێویستی پەرەپێدانی توانا پیشەیی و سەربازییەکان لە پێشەوەی هەموو ستراتیژییەتەکانەوەیە، هاوکاریی نێودەوڵەتی دەرفەتێکی بێ وێنە بۆ گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی پێشکەش دەکات. لەم چوارچێوەیەدا، هاوکاریی ستراتیژیی نێوان وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و راوێژکاران و هێزەکانی ئەڵمانیا وەک یەکێک لە نموونە سەرکەوتووەکانی ئەم جۆرە هاوکارییانە دەبینرێت.

کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەفسەرانی پۆل، کە بە هاوکاری تەکنیکی و پیشەیی راوێژکارانی ئەڵمانی لە بنکەی مەشقی پیادەی دهۆک بەڕێوەچوو، نموونەیەکی ڕوونی ئەم هاوکارییە سەرکەوتوانەیە. ئەم پڕۆژە نوێیە نەک تەنها گرنگی خۆی لە پەرەپێدانی کادرە راهێنەرییەکانی هێزی پێشمەرگەدا دەردەخات، بەڵکو بە هەنگاوێکی بنەڕەتی بۆ دامەزراندنی بناغەیەکی پتەو و بەردەوام لە پێگەیاندنی ئەفسەران بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و میتۆدە نوێیەکانی فێرکردن لە زانستی سەربازیدا دادەنرێت.

وەزارەتی پێشمەرگە ئامانجیەتی لە ڕێگەی ئەم پڕۆژەیەوە توانای خۆماڵی خۆی لە بواری راهێنان و پێگەیاندن بەهێز بکات و بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ نەوەیەکی نوێ لە ئەفسەرانی بەتوانا و پیشەیی ئامادە بکات کە شایستەی بەرپرسیارێتییە گەورەکان و پێداویستییە ئۆپەراسیۆنییەکانی سەردەم بن.

## پاشخانی پڕۆژەکە

پڕۆژەی پێگەیاندنی مامۆستایانی ئەفسەرانی پۆل لە چوارچێوەی هاوکاریی دوولایەنەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا هاتووەتە ئاراوە. ئەم هاوکارییە لەسەر بنەمای پشتگیری لە پەرەپێدانی توانای نیزامی و پیشەیی هێزەکانی پێشمەرگە دامەزراوە، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی و پیشەیی ئەفسەران.

گرنگی دامەزراندنی سیستەمێکی بەهێز و خۆماڵی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەران لە ڕوانگەی دڵنیاکردنەوە لە بەردەوامی کۆالیتی راهێنان و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە لایەنە دەرەکییەکان لە مەودایەکی درێژخایەندا، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دەستپێکردنی ئەم پڕۆژەیە.

## جێبەجێکردنی خولی یەکەم

لە ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٥ بە ئامادەبوونی لیوا روکن بەختیار محەممەد سدیق، ئەمینداری گشتیی وەزارەت و کۆڵۆنیل فۆگیت نوێنەری وەزارەتی بەرگریی ئەڵمانیا، کۆڵۆنێل سێبستیان کلینک فەرماندەی هێزەکانی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و جێگرانی سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان و ئیدارە و میرە، ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی گشتی و ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە، یەکەم خولی پێگەیاندنی مامۆستایانی

> ”لەڕووی دەستکەوتە ستراتیژییەکانەوە، ئەم خولە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی یەکەم گرووپی مامۆستایانی خۆماڵی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی پۆل.“

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

**ئەم تێکەڵەیە لە ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی، دڵنیایی دەدا کە بەشداربووان نەك تەنها زانیاریی تیۆری وەردەگرن، بەڵکو توانای جێبەجێکردنی ئەو زانیارییانەشیان لە دۆخی ڕاستەقینەی جیاوازدا هەیە.**

ئەفسەرانی پۆل بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێهات.

خولەکە لە بنکەی مەشقی پیادەی دهۆک بەڕێوەچوو و بۆ ماوەی حەوت هەفتە بەردەوام بوو. دە ئەفسەری پۆل لەم خولەدا بەشداریان کرد و لە هەموو بوارەکانی زانستە سەربازییەکاندا، ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکییان وەرگرت.

## ناوەڕۆك و میتۆدی خول

خولەکە لەسەر دوو تەوەری سەرەکی بنیاتنرابوو کە تەواوکاری یەکتر بوون:

لە لایەنی تیۆرییەوە: بەشداربووان فێری پرەنسیپەکانی فێرکردنی نوێی سەربازی بوون، میتۆدەکانی وانەگوتنەوە و ڕاهێنان، پلاندانانی پرۆگرامی خوێندن، شێوازەکانی هەڵسەنگاندن و پێوانە، هەروەها سەرپەرشتیکردن و ڕێبەریی ڕاهێنەران.

لە لایەنی پراکتیکییەوە: ئەفسەرانی بەشدار جێبەجێکردنی وانە نموونەییەکان، مەشق و ڕاهێنانی مەیدانی، شیکاری تاکتیکی و ئۆپەراسیۆنی، کارکردن بە ئامێرە نوێیەکانی فێرکردن و سیناریۆکانی ڕاستەقینە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەنجامدا.

ئەم تێکەڵەیە لە ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی دڵنیایی دەدا کە بەشداربووان نەک تەنها زانیاریی تیۆری وەردەگرن، بەڵکو توانای جێبەجێکردنی ئەو زانیارییانەشیان لە دۆخی ڕاستەقینەی جیاوازدا هەیە.

## دەرەنجام و دەستکەوتەکانی خولی یەکەم

ژمارەیەک ئەفسەری پۆل بە سەرکەوتوویی خولەکەیان تەواوکرد و بڕوانامەی پێگەیاندنی مامۆستایی ئەفسەری پۆلیان وەرگرت. ئەم کادرە پێگەیشتووانە، بارگاوین بە زانست و زانیاری سەربازیی ئێستا و ئامادەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی ڕاهێنەر لە خولەکانی داهاتووی پێگەیاندنی ئەفسەرانی پۆل بگێڕن. ئەوان دەبنە بناغەی پەرەپێدانی ئەم پرۆژە گرنگە و لە داهاتوودا خۆیان دەبنە مامۆستا بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی ئەفسەرانی پێشمەرگەی کوردستان.

لەڕووی دەستکەوتە ستراتیژییەکانەوە، ئەم خولە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ دامەزراندنی یەکەم گرووپی مامۆستایانی خۆماڵی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی پۆل. گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی لە ڕاهێنەرانی ئەڵمانی بۆ ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا، کە ئەمەش بەرزکردنەوەی توانای خۆماڵی وەزارەتی پێشمەرگە لە بواری ڕاهێناندا دەگەیەنێت.

هەروەها ئەم پرۆژەیە پەیوەندییەکانی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکارانی ئەڵمانیای لە هەرێمی کوردستان پتەوترکرد و نموونەیەکی باشی بۆ هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانان و وڵاتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە بوارەکانی تری پەرەپێدانی توانا سەربازییەکان خستەڕوو.

## پلانی داهاتوو

بەپێی پلانی دانراو، پرۆژەکە بۆ بنکەکانی تری مەشقی پیادە فراوان دەکرێتەوە. خولەکانی داهاتوو لە بنکەکانی مەشقی پیادەی هەولێر، سلێمانی و کەرکووک دەکرێنەوە. فراوانکردنی پرۆژەکە بە شێوەیەکی هەماهەنگ و بەپێی خشتەی کاتی دیاریکراو، بە مەبەستی دڵنیاکردنەوە لە هاوشێوەی ستاندارد و کوالیتی ڕاهێنان لە هەموو بنکەکاندا بەڕێوەدەچێت.

ئامانج ئەوەیە کە وەزارەتی پێشمەرگە توانای تەواوی بۆ پێگەیاندنی ئەفسەرانی پۆل بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەردەوام هەبێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە پشتگیریی بەردەوامی دەرەکی هەبێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە توانای ڕاهێنەرە پێگەیشتووەکان.

## ئامانجەکانی پرۆژە

لە کورتخایەندا: ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە، ژمارەیەکی پێویست لە مامۆستای ئەفسەری پۆل لە ماوەی ساڵێکدا پێبگەیەنێت و پرۆژەکە هەموو بنکەکانی سەرەکی مەشق بگرێتەوە، هەروەها ستانداردێکی یەکگرتوو بۆ ڕاهێنان دابمەزرێنێت.

لە درێژخایەندا: ئامانج بەدیهێنانی سەربەخۆیی تەواوە لە پێگەیاندنی ئەفسەران، بەرزکردنەوەی کوالیتی و توانای ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی پێشمەرگە، پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆگرامەکانی ڕاهێنان، هاوشێوەکردنی میتۆدەکانی ڕاهێنان لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و دامەزراندنی سیستەمێکی بەهێز بۆ هەڵسەنگاندن و باشترکردنی بەردەوام.

## کاریگەریی پرۆژەکە

ئەم پرۆژەیە کاریگەری ئەرێنی لەسەر چەندین ئاست دەبێت:

- لە ئاستی تاکەکەسیدا: توانا پیشەییەکانی ئەفسەران پەرەی پێدەدرێت.
- لە ئاستی دامەزراوەییدا: توانای خۆماڵیی وەزارەتی پێشمەرگە بەهێز دەبێت.
- لە ئاستی ستراتیژیدا: ئامادەیی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە بەرزدەبێتەوە.

ئەمەش واتە پرۆژەکە نەک تەنها کاریگەری لەسەر ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداریان تێدا دەکەن دەبێت، بەڵکو کاریگەریی درێژخایەن و فراوانی لەسەر تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە و توانا ئۆپەراسیۆنی و پیشەییەکانیان دەنوێنێت.



# قەڵغانی زێڕین؛

## بەرزکردنەوەی توانای ئەفسەران
## فەرمان وەرگرتن و فەرمان دەرکردن
## شێوازە نوێەکانی پرۆسەی بڕیاردان

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

**لە هەنگاوێکی نوێدا بۆ پێشخستنی ئاستی سەربازی، وەزارەتی پێشمەرگە خولی تایبەتی ڕاهێنانی «دروستکردنی بڕیار» و «جەنگی ئەلیکترۆنی» بەڕێوەبرد کە بە «قەڵغانی زێڕین» ناودەبردرێت. ئەم خولە پسپۆڕییە بە ئامانجی گەشەپێدانی تواناکانی ستاف و ئەفسەرانی سەربازی لە بەڕێوەبەرایەتی جموجۆڵی سەربازی ڕێکخرا.**

### بنەمای ڕاهێنانەکە

خولەکە بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی جموجۆڵی سەربازی و بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیمانان بەڕێوەچوو. لیوا ڕوکن ڕێبوار عەلی کریم، جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپراسیۆنەکان، و لیوا ڕوکن سەلیم سورچی، بەڕێوەبەری جموجۆڵی سەربازی، سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی خولەکەیان دەکرد. ئەفسەرانی ستافی فیرقەکانی ٥ و ٦ی پیادە یەکەم گروپی بەشداربوو بوون، لەگەڵ بەرنامەی بەردەوام بۆ فیرقەکانی تر.

بەشداربووان لە بەشە جیاجیاکانی وەزارەتەوە هاتبوون، لەوانە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گەیاندن، هۆشیاری نیشتمانی، هەواڵگری، مەشقی سەربازی، نەخۆشخانەی پێشمەرگە و سەنتەری ئۆپەراسیۆن، کە گرنگی خولەکە و فراوانی بەشداربووانی دەردەخست.

### ئامانجە ستراتیژییەکان

لیوا ڕوکن ڕێبوار عەلی کریم ڕوونی کردەوە کە خولەکە بەشێکە لە پرۆژەی گشتیی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە. ڕایگەیاند: بەرزکردنەوەی ئاستی فیرقەکان لە کارکردنی وەک یەک ستاف و دابەشکردنی دروست و کارای ئەرکەکان لە گرنگترین ئامانجەکانمانە.

ڕاهێنانەکە سێ ئامانجی سەرەکی لەبەردەمدا بوو. یەکەم، ڕاهێنان لەسەر



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سەربازی به شێوازی سیستەماتیک. دووەم، بەرزکردنەوەی توانای تیمی ستاف له پلاندانان و جێبەجێکردنی فەرمانە ئۆپراسیۆنییەکان. سێیەم، ئامادەکردنی فەرماندەکان بۆ بەڕێوەبردنی کۆنترۆڵی باڵا له دۆخە کردارییەکاندا.

## ڕوانگەی فەرماندەکان

لیوا ڕوکن ئیبراهیم سالح، فەرماندەی فیرقەی ٦ی پیادە، ئاماژەی بە گرنگیی کارکردنی تیمی یەکگرتوو کرد. لەم بارەیەوە گوتی: ئەم جۆرە خولانە یارمەتیدەری ستافەکانمانە بۆ ئەوەی وەک تیمێکی یەکگرتوو پلان ئامادە و فەرمانە ئۆپراسیۆنییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکەن.

لەلایەکی ترەوە، لیوا ڕوکن سەلیم سورچی جەختی لەسەر کاریگەریی کردارییی کردەوە و ڕایگەیاند «ڕاهێنانی دروستکردنی بڕیار لە ئاستی کۆنترۆڵی باڵا دەتوانێت فەرماندە و ئەفسەران به ئامادەبوونێکی باش بۆ شەڕکردنی ڕاستەقینە ڕابهێنێت.»

## دەستکەوتە پسپۆڕییەکان

عەمید نزام عەلی موتەلب، بەڕێوەبەری مەشقی سەربازی، ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامبوون و سیستەمکردنی پرۆسەی بڕیاردان کرد. پێی وابوو کە بەردەوامیی ئەم جۆرە ڕاهێنانە هەموو یەکەکانمان دەگەیەنێتە ئاستێکی پرۆفیشناڵ لە سیستەمکردن و بەرهەمهێنانی بڕیاری کارا لە فەرماندەیی کردندا.

عەمید فەریدوون عودل حەمە ڕەش، ڕاگری کۆلیژی ئەرکان، گرنگی ڕاهێنانی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سەربازی ڕوونکردەوە و گوتی «ئەم ڕاهێنانە تایبەتە بە سیستەمی MDMP کە کاریگەرییەکی بەردەوامی لە مەیدانی جەنگی ڕاستەقینەدا هەیە.»

لە ئاستی جێبەجێکاریشدا، موقەدەم بەخشی سۆفی، ئەفسەری فیرقەی ٥ی پیادە، ئاماژەی بە پێویستی بەردەوامبوونی ئەم ڕاهێنانانە کرد و ڕووونی کردەوە کە بەردەوامیی ئەم جۆرە خولانە بەرەوپێشبردنی ئاستی هۆشیاریی سەربازیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

## دەرئەنجامە پراکتیکییەکان

خولەکە توانی دەرەنجامی بەرچاو بەدیبهێنێت. ڕاهێنانی تیمی کارای ستاف کە دەتوانێت ئەرکەکانی بە شێوەیەکی یەکگرتوو و سیستەماتیک بەڕێوەببات یەکێک لە گرنگترین دەستکەوتەکان بوو. هەروەها فیرقەکان ئەزموونیان بە کارکردن لە ژووری ئۆپەراسیۆن لە دۆخێکی نزیک بە مەیدانی ڕاستەقینەی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن بەدەستهێنا.

جگە لەمانە، توانای پلاندانان، بڕیاردان، جێبەجێکردن و چاودێریی فەرمانەکان لە ئاستێکی بەرزتردا کاری لەسەر کرا، کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئامادەیی ئۆپەراسیۆنی فیرقەکان لە مەیدانی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەدا دەبێت.

## چاوەڕوانییەکانی داهاتوو

ئەم خولە تایبەتە هەنگاوێکی گرنگە لە ڕێگای چاکسازیی بەردەوامی وەزارەتی پێشمەرگە. بەردەوامبوونی ڕاهێنان بۆ فیرقەکانی تر، دڵنیایی دەدات کە هەموو یەکەکانی هێزی پێشمەرگە بە ستانداردێکی یەکسان ڕاهێندراون. ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی هێزێکی پێشەییانەتر و کاراترلە جێبەجێکردنی ئەرکە سەربازییەکاندا.

«قەڵغانی زێڕین» نموونەیەکە لە هاوکاریی سەرکەوتووی نێوان بەشە جیاوازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی، کە پێکەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هاوبەش، «بەرزکردنەوەی توانای کرداری و پیشاندانی ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان» کاردەکەن.



# یەکسانی ڕەگەزیی لەناو هێزەکانی پێشمەرگە

## ڕێزگرتن لە بنەماکان و هاوسەنگی لە ئەرك و کارەکاندا

یەکەی یەکسانی رەگەزی لە وەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاریی ڕێکخراوی «ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی» و بە پشتگیریی میدیکا مۆندیالی ئەڵمانی، ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ سیمینارێکی تایبەتی بە ناونیشانی «یەکسانی ڕەگەزیی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە و ڕەنگدانەوەی بڕیاری ١٣٢٥» لە هۆتێل شیراتۆنی هەولێر بەڕێوەبرد.

لەم سیمینارەدا ژمارەیەک لە ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە بەشداربوون، لەوانە لیوا ڕوکن بەختیار محەممەد سدیق ئەمینداری گشتیی وەزارەت، لیوا ڕوکن ڕێبوار عەلی جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان، لیوا عوسمان محەممەد مستەفا بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری و عەمید شوان مەحموود جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، لەگەڵ ژمارەیەک ئەفسەر و بەڕێوەبەری دیکە.

### دامەزراندنی یەکەی یەکسانی ڕەگەزی وەك بنەمای چاکسازی

لیوا ڕوکن بەختیار محەممەد سدیق ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە، لە وتارەکەیدا ڕایگەیاند کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بۆ بەرەوپێشبردنی پرسە پەیوەندیدارەکان بە ژنان لە چوارچێوەی یاسایی و فەرمیدا، یەکەی تایبەت بۆ هاوسەنگی رەگەزیی لە وەزارەتدا دامەزراوە. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئامانجیان بەرزکردنەوەی پێگەی ژن لە ناو هێزەکان و دابینکردنی پاراستنی یاساییە بۆیان. ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەم هەنگاوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، پەیوەندارە بە بنەمای چاکسازی لە دامەزراوە سەربازییەکاندا.

### هاوسەنگیی ڕەگەزی وەك پێداویستییەکی ئەمڕۆیی

بەشداریکردنی ژنان لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان ئیتر تەنها بابەتێکی مافی مرۆڤ نییە، بەڵکو پێداویستییەکی ستراتیژی و پێشکەوتنخوازانەیە بۆ بەهێزکردنی توانای دامەزراوەکان. ئافرەتان دیدگایەکی جیاوازیان لە چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە و دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر لە بواری ئاسایش، ڕاوێژکاری و پلاندانانادا بگێڕن.

جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئۆپەراسیۆنەکان ئاماژەی بەوە کرد کە ڕێژەی بەشداریکردنی ژنان لە یەکەکاندا ساڵ بە ساڵ بەرەو زیادبوونە، بەتایبەتی لە یەکە ئیدارییەکاندا. هەروەها ئاماژەی بەوەدا لە ئێستادا ژمارەیەک ژن لە پلەی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

سەربازی و ئەفسەری لە یەکەکاندا جێگەی متمانەن و بۆ گەیشتن بە هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە، داوای بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیەی کرد.

## مێژوویەکی درەوشاوە لە خزمەتکردن

لیوا عوسمان محەممەد مستەفا بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری نیشتمانی، لە وتەکەیدا ڕوونی کردەوە کە بەشداربوونی ئافرەتان لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا شتێکی نوێ نییە، بەڵکو ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی لە مێژووی خەباتی کوردیدا هەیە. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە لە دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمەوە، ئافرەتان لە وەزارەتی پێشمەرگەدا بەشداربوون و تا ئێستاش سێ یەکە بە تەواوی تایبەتن بە ئافرەتان: دوو یەکە لە هێزەکانی حەفتا و یەکەیەک لە هێزی زێرەوانیدا هەن.

لیوا عوسمان هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی قارەمانانەی ژنانی پێشمەرگە کرد کە چەندین شەهیدیان لە سەنگەرەکاندا داوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ژنان هەمان ئازایەتی و بەرپرسیارێتییان لە پاراستنی نیشتمان و دابینکردنی ئاسایشدا هەیە.

## لە یەکسانییەوە بۆ تواناگەری

عەمید شوان مەحموود، جێگری بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، لە وتەیەکدا چەمکێکی نوێی خستەڕوو. ئەو داوای ئەوەی کرد کە دەستەواژەی «یەکسانی جێندەر» بگۆڕدرێ بۆ «تواناگەریی ئافرەت»، چونکە وەک وشەیەکی کوردی شیاوتر و گونجاوترە. عەمید شوان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەرچەندە دەکرێت باسی یەکسانی مافەکان بکرێت، بەڵام هاوسەنگیی ڕاستەقینە واتای ئەوە نییە کە ژن و پیاو بە هەمان شێوە بەکاربهێنرێن، بەڵکو واتای ئەوەیە کە تایبەتمەندی و تواناکانی ئافرەت بناسرێن و بە شێوەیەکی شیاو بەکاربهێنرێن. ئەو گوتی: «بەپێی ڕێنماییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێمە وەکو کۆمەڵگە باوەڕمان بە سوودوەرگرتنە لە تواناکانی ئافرەت لە هەموو پرۆسەکاندا، لە پەروەردەکردنەوە تا بەشداریکردن لە شۆڕش و خەباتدا.»

## بڕیاری ١٣٢٥ وەک چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی

بەهار عەلی، سەرۆکی ڕێکخراوی «ئێمە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی»، ڕوونی کردەوە کە ئامانجی سیمینارەکە ئاگاداریی زیاتر لەسەر کاریگەریی بڕیاری ١٣٢٥ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەرچووە. ئەم بڕیارە یەکەمین بەڵگەنامەی فەرمی نێودەوڵەتییە کە دان بە ڕۆڵی تایبەتی ژنان لە ئاشتیسازی، ڕێگریکردن لە ململانێ و بنیاتنانەوەی دوای شەڕ دەنێت.

بەهار عەلی ئەوەشی خستەڕوو کە ئەم بڕیارە تەنها بڕیارێکی سەر کاغەز نییە، بەڵکو بنەمایەکە بۆ بەشداریی فەرمی و کاریگەری ژنان لە کارە پەیوەندیدارەکان بە ئاسایش و پاراستنی کۆمەڵگە. ئەمە واتای ئەوەیە کە ئافرەتان نابێت تەنها وەک قوربانیانی ململانێ لێیان بڕواندرێت، بەڵکو وەک هاوبەشی چالاک لە چارەسەرکردنی کێشەکان و دروستکردنی ئاسایشی بەردەوام چالاکی دەنوێنن.

## سوودەکانی هاوسەنگیی ڕەگەزی بۆ دامەزراوەکان

بەشداریی بەربڵاوی ژنان لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکاندا سوودی فرەلایەنی هەیە. یەکەم، جۆراوجۆری دەهێنێتە ناو دامەزراوەکان









و توانای بڕیاردان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەهێزتر دەکات. دووهەم، باوەڕی هاووڵاتیان بە دامەزراوەکان زیاتر دەکات، کاتێک دەبینن کە دامەزراوەکان نوێنەرایەتی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەن. سێهەم، ژنان دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەرتر لە کارکردن لەگەڵ ئافرەتان و منداڵانی قوربانی لە ناوچەکانی شەڕ و ململانێکاندا بگێڕن.

هەروەها بەشداری ژنان لە هێزە سەربازییەکان پەیامێکی بەهێزە بۆ کۆمەڵگە کە ئافرەتان دەتوانن هەر ئەرکێک ئەنجام بدن و هیچ بوارێکی پیشەیی داخراو بەرامبەریان نییە. ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ کچان، بێ سنووردانان بەهۆی ڕەگەزەوە، بیر لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان بکەنەوە.

## هاوکاریی نێوان وەزارەت و ڕێکخراوە مەدەنییەکان

بەهار عەلی جەختی لەسەر گرنگی هاوکاری لەگەڵ یەکەی یەکسانی ڕەگەزی لە وەزارەتی پێشمەرگە کردەوە بۆ دروستکردنی ستراتیژیی تەواو بۆ پاراستنی ڕۆڵی ئافرەتان لە ناو دامەزراوە سەربازییەکاندا. ئەم هاوکارییە دەبێتە نموونە بۆ چۆنیەتی بەیەکەوە کارکردنی دامەزراوە فەرمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ گەیشتن بە گۆڕانکاری بەردەوام. لەو بارەوە گوتی: ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری تەکنیکی و شوێنکەوتنی جێبەجێکردنی یاسا و سیاسەتەکان بگێڕن. هەروەها دەتوانن پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دامەزراوە فەرمییەکان و ژنانی ئاسایی بۆ تێگەیشتن لە پێداویستی و ئاستەنگەکانیان دروستبکەن.

## دەستپێکێکی نوێ بۆ داهاتوویەکی یەکسان

سیمینارەکە بە گفتوگۆی چڕوپڕ، پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی تایبەت و ئامرازی هاندەر بەڕێوەچوو، دەرفەتێک بوو بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و ئەزموونی نێوان بەشداربووان. لە کۆتاییدا هەموو بەشداربووان ڕەزامەندیی خۆیان سەبارەت بە کارکردنی هاوبەش بەرەو چاکسازی یاسایی، زیادکردنی بەشداریکردنی ژنان و دابینکردنی سەرچاوە و پشتگیری پێویست لە هێزی پێشمەرگە دەربڕی.

ئەم سیمینارە دەستپێکێکی نوێیە بۆ فەرمیکردنی کار و هاوبەشی بەردەوام لە نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و هیوایەکە بۆ داهاتوویەک کە تێیدا ئافرەتان بەشێکی سەرەکی لە پاراستن و بەرزکردنەوەی ئاسایشی نیشتمانی بن. هاوسەنگیی ڕەگەزی لە دامەزراوە سەربازییەکان تەنها مەسەلەیەکی دادپەروەری نییە، بەڵکو بەشدارییەکە بۆ داهاتوویەکی بەهێزتر و سەقامگیرتری هەرێمی کوردستان.




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# پێشمەرگە ویژدانی هەمیشە بەئاگای کوردستان..

## ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو

● موحسین خالیدی (کاکەلاو)

**پێشەکی**

پێشمەرگە لەمێژووی هاوچەرخی کورددا تەنیا هێزێکی سەربازی نەبووە، بەڵکو سیمبولی ئیرادەی نەتەوەیەک بووە بۆ مانەوە و ئازادی و کەرامەت. پێشمەرگە لە چیاکانی زاگرۆسەوە تا سەنگەرەکانی بەرەنگاربوونەوەی داعش، هەمیشە نوێنەرایەتی تێکەڵاوبوونی باوەڕ و قوربانیدان و پابەندبوون بە دۆزی نەتەوەیی کوردیان کردووە. ئەم وتارە بە بۆچوونێکی شیکاری، بەدواداچوون بۆ پێگەی مێژوویی و ڕۆڵی ئێستا و داهاتووی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات کە بەردەوامە لەویژدانی هۆشیار و بڕبڕەی پشتی ئاسایش و شوناسی هەرێمی کوردستان.

**• پێشمەرگە : لەدایکبوونی داستانێک لە دڵی مێژوودا**

لە ئەدەبیاتی سیاسی و کلتووری کوردیدا، دەستەواژەی پێشمەرگە مانایەکی لە سەرووی هێزێکی سەربازییەوە هەیە. وشەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: «پێش» و «مەرگ»، واتە «کەسێک کە ئامادەیە پێش ئەوانی تر بمرێت.» لەگەڵ ئەوەشدا لە ناوەرۆکدا جەوهەری ژیان بەرجەستە دەکات: ژیانێکی ئازاد، شەرەفمەند و هۆشیار. لە سەدەی بیستەمدا، کاتێک گەلی کورد لە نێوان دابەشبوونی سیاسی و گوشارە مێژووییەکاندا گیری خواردبوو، پێشمەرگە لە ناو دڵی ئازارەکانەوە سەریهەڵدا، ئەمەش وەڵامێکی سرووشتی بوو بۆ پێویستی مانەوە و نارەزایی ئەخلاقی میللەتێک کە نایەوێت لە مێژوودا بسڕێتەوە.

پێشمەرگە هەر لەسەرەتاوە تەنیا سەرباز نەبوو، ئەو هەڵگری پەیامی ئەخلاقی نەتەوەیەک بوو کە «ئازادی بەبێ قوربانیدان ناکرێت.» لە سەردەمێکدا کە حکوومەتە ناوەندییەکان کوردستانیان پەراوێز خستبوو، پێشمەرگە بە کەمترین سەرچاوە، بەڵام بەوپەڕی باوەڕەوە، بوو بە سیمبولی هیوا. لە شاخدا نەک هەر بۆ خاک، بەڵکو بۆ کەرامەت و گەیاندنی دەنگی کوردستان شەڕی کرد. ڕەگ و ڕیشەی ئەم دیاردەیە دەتوانرێت لە پەیوەندیی مێژوویی نێوان شاخ و ئازادی و بەرخۆدان بدۆزرێتەوە. چیاکان هەمیشە پەناگە و دۆستی کورد بوون و پێشمەرگەش منداڵی ئەو چیایانەیە. ئەو لە دڵی کلتووری سەربەخۆیی خەڵکەوە سەریهەڵدا. کلتوورێک کە تێیدا مرۆڤ بەبێ ئازادی هیچ مانایەکی نییە، بۆیە لە هزری نەتەوەی کورددا، وشەی پێشمەرگە تێکەڵ بە چەمکەکانی وەک ڕاستگۆیی و ئازایەتی و شەرەف بووە.

**• پێشمەرگە لە سەردەمی هاوچەرخدا.. لە بەرگرییەوە بۆ بنیاتنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:**

پەرەسەندنەکانی دەیەکانی ڕابردووی سەدەی بیستەم و دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١، لاپەڕەیەکی نوێی لەمێژووی پێشمەرگەدا کردەوە و لە هێزێکی شاخەوە گۆڕدرا

بۆ هێزێکی ڕێکخراو لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمدا. بە گرنگیدان بەوەی کە ئێستاش، جەوهەری ئەخلاقی و جەماوەریی پێشمەرگە نەگۆڕاوە، هەمان پابەندبوون بە ڕوخساری نەوەکانی نوێییاندا دیارە. بەهەمان ڕاستگۆیی و هەستکردن بەئەرک لەبەرگریکردن لە نیشتمانیان کوردستان. لە دەیان ساڵی ڕابردوودا، هێزەکانی پێشمەرگە نەک هەر پاسەوانی سنوورەکان بوون، بەڵکو پارێزەری شوناس و سەقامگیریی سیاسیی ناوچەکەش بوون و تەنانەت لە کاتێکدا کە پێکهاتەکانی دەوڵەت لە عێراق هێشتا لاوازبوون، وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی سەقامگیری و ئاسایش کاریان کرد. دواتریش، ڕۆڵیان لە شەڕی دژی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ تا ٢٠١٧ جارێکی دیکە ڕووی ڕاستەقینەی ئەم هێزەی بۆ جیهان ئاشکراکرد. کاتێک سوپای گەورەی ناوچەکە لە بەرامبەر شەپۆلی تیرۆردا ڕووخا، پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی مەخموور و کەرکووک و شەنگال وەستا. نەک تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو بۆ هەموو عێراق و تەنانەت بۆ مرۆڤایەتیش، بۆیە میدیا نێودەوڵەتییەکان بەردەوام بە «پاڵەوانی بەرگریی دژی داعش» ناوی دەبەن.

هەرچەندە چاوخشاندنێکی شیکارانە لەم سەردەمە دەریدەخات کە سەرەڕای هەموو قوربانیدانەکان، پێشمەرگە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەتەوە. لەگەڵ ئەو غەدرەی بەغدا لێی دەکات، هاوکات، نەبوونی یەکڕیزیی ناوخۆیی و پێویستی مۆدێرنکردنی پێکهاتەی سەربازی و لۆجستیکی، لەو بابەتانەن کە چاودێرانی ناوخۆ و بیانی جەختی لەسەر دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پرۆسەی چاکسازیی بەرگری کە بە هاوکاری هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان و وەزارەتی پێشمەرگە دەستپێکردووە، هەنگاوێکی جددییە بەرەو پرۆفیشناڵکردنی ئەو هێزانە. لەبواری کۆمەڵایەتیشدا، پێشمەرگە ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەپێدانی متمانەی جەماوەر بەدامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بینیوە و لە ساتە هەستیارەکاندا، خەڵک، سەرەتا چاویان لەسەر ئازایەتی ئەوانە نەک بەربەستە سیاسییەکان. ئەم سەرمایە کۆمەڵایەتییە، بەرهەمی دەیان ساڵ قوربانیدان و پەیوەندیی سۆزداری نێوان خەڵک و ڕۆڵەکانیان بە جلوبەرگی پڕشانازیی پێشمەرگەوەیە.

پێشمەرگە نەک هەر پاسەوانی سنوورە جوگرافییەکانە، بەڵکو پارێزەری سنوورە ئەخلاقی و ویژدانییەکانی کۆمەڵگەی کوردیشە.

- **داهاتووی پێشمەرگە لە ئایدیالەوە بۆ نوێبوونەوەی پیشەیی:**

ئەمڕۆ، هەرێمی کوردستان لە قۆناغی بەرخۆدانەوە دەگوازێتەوە بۆ قۆناغی سەقامگیری و پێشکەوتن. لەم هەلومەرجەدا دەبێت پێشمەرگەش خۆی لەگەڵ پێداویستییە نوێکاندا بگونجێنێت. لە کاتێکدا دوێنێ قارەمانێتییان لە خۆڕاگری و قوربانیدان کورت دەکرایەوە، ئەمڕۆ دەبێت لە دیسپلین و شارەزایی و یەکڕیزیدا دەربکەوێت. پێشمەرگەی داهاتوو دەبێت تێکەڵەیەک بێت لە ڕۆحی تەقلیدی و پێکهاتەی مۆدێرن. لەلایەکەوە هەڵگری هەمان ئایدیالی ئازادیخوازیی درێژخایەن و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکانی هێزی بەرگریی پیشەیی هاوتەریب بێت. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا پێویستییەکی سەربازی نییە، بەڵکو پێویستییەکی سیاسیشە، چونکە هێزی هەرێم لەبەغدا و دەوروبەری، تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەیەکڕیزی و کاریگەریی دامەزراوەیی پێشمەرگە دەبەستێت.

لەڕوانگەیەکی شیکارییەوە، پێشمەرگە دەتوانێت لەداهاتوودا ببێتە ئامرازی دیپلۆماسییەتی بەرگریی لە هەرێم. هاوکات، بەشداریکردن لە هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانی دژە تیرۆر و هاوکاریی لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی جیهان و بوون بە مۆدێلێکی سەرکەوتووی هێزێکی خۆماڵیی سەربەخۆ، پێگەی کوردستان لەسەر ئاستی هەرێم بەهێزتر دەکات.

لەم ڕێگایەدا، یەکگرتنی فەرماندەیی، مەشقی بەردەوام و دوورخستنەوەی دەستوەردانی حزب لە پێکهاتە سەربازییەکان، یەکێک لە گرنگترین مەرجەکانی سەرکەوتنن. لەپاڵ گرنگیدان بەم لایەنە پێکهاتەیەش، دەبێت ڕەهەندی کلتووری پێشمەرگەش بپارێزرێت، بەجۆرێک، نەوەی گەنجی کورد کە ئێستا لەشارە مۆدێرنەکانی هەرێمدا گەورەدەبن، پێویستە بەڕۆح و فەلسەفەی پێشمەرگە ئاشنا بن.

پێشمەرگە تەنیا مێژوو نییە. ئەمە بەهایەکی زیندووە کە دەتوانێت پەیوەندی لەنێوان نەوەکاندا دروست بکات. قوتابخانە، زانکۆ و میدیا لە هەرێمدا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە بەرهەمهێنانەوەی ئەم شوناسەیە دەگێڕن.

- **دەرئەنجام:**

پێشمەرگە ناوێکە هەرگیز کاڵ نابێتەوە. لە دنیای ئەمڕۆدا کە سیاسەتەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، چەمکگەلێکی کەم هەن، بەرگەی تاقیکردنەوەی مێژوو و سۆز بگرن و مانا و متمانەی خۆیان بپارێزن. پێشمەرگە یەکێکە لەو چەمکانە. دەستەواژەیەک کە بە درێژایی دەیان ساڵ مانای جێگیری هێشتووەتەوە، لە چیای ساردەوە تا شارە گەشەسەندووەکان، بەردەوام هەڵگری ئەم پەیامە بووە: وەستانەوە دژی چەوساندنەوە، دڵسۆزیی بۆ نیشتمان و باوەڕبوون بە داهاتوو.

شیکردنەوەی واقیعی ئەمڕۆ ئەوە دەردەخات کە پێشمەرگە چیتر تەنیا هێزێکی سەربازی نییە. ئێستا بەشێکی دانەبڕاوە لەپێکهاتەی حوکمڕانی هەرێم و ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەگەشەسەندنی سیاسی و ئەمنیی کوردستاندا دەگێڕێت. داهاتووی کوردستان بەهەر ئاڕاستەیەکدا بڕوات، بەبێ پێشمەرگە خەیاڵ ناکرێت. بەڵام بەدەر لە لێکدانەوە، ڕاستییەکی سادە دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە پێشمەرگە ویژدانی هەمیشە بە ئاگای کوردستانە. ئەوان بیرمان دەخەنەوە کە ئازادی دیاریی ئاسمان نییە، بەڵکو دەرئەنجامی خوێن و خواستی خەڵکی ئازادە. هەرکاتێک ئاڵای کوردستان لە شەقامەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا سەما بکات، ڕۆحی پێشمەرگەی تێیدا گەشە دەکات، بێ ئەوەی بەدوای ناودا بگەڕێت و داوای پاداشتیش بکات.

پێشمەرگە ڕۆڵەی چیاکانن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەکانیان لە دڵی خەڵکدایە. سیمبولی ڕابردووی پڕ ئازار و ئێستای سەربەرز و ئایندەیەکی پڕ ئومێدن. تا ویژدان زیندوو بێت، ناوی پێشمەرگە بە هەرمانی دەمێنێتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# دەروازەیەك بۆ
# شرۆڤەی ڕووداوەكان

# دۆسیەی ژمارە

## كۆنفرانسی
## ئاسایش و هۆشیاری نیشتمانی..
## پێشمەرگە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگاری
## و پێشهاتەكان

- مەترسی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان
- ڕۆڵی میدیا لە بەرزكردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی
- داهاتووی كوردستان و پرۆژەی نیشتمانی





بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاریی نیشتمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕاگەیاندنی وەزارەتی پێشمەرگە، بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی ڕەها بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی، ڕۆژی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥ لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی گرنگیان بە ناونیشانی «ئاسایش، هۆشیاری و ئینتیمای نیشتمانی» بەڕێوەبرد.

کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی لیوا ڕوکن هۆشمەند حەیدر ڕەشید، جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ کاروباری ئیدارە و میرە، هەروەها بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پشکنین، خانەنشین، ڕاگەیاندن و چاکسازی، لەگەڵ ژمارەیەک لە بەڕێوەبەران، نووسەران و ئەکادیمیکاران بەڕێوەچوو.

دوای دەقیقەیەک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، لیوا عوسمان محەممەد مستەفا، بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و هۆشیاریی نیشتمانی، وتاری وەزارەتی پێشمەرگەی پێشکەشکرد و جەختی لەسەر گرنگیی بەرزکردنەوەی هۆشیاریی نیشتمانی لە قۆناغی ئێستادا کردەوە.

## بەشداریی نووسەران و شارەزایان

لە بەشێکی گرنگی کۆنفرانسەکەدا، سێ نووسەر و شارەزای بواری میدیا و ئاسایش بابەتە توێژینەوەییەکانی خۆیان پێشکەشکرد:

عەبدولرەحمان سدیق شارەزای بواری پەروەردە و هۆشیاریی نیشتمانی، باسێکی لەسەر ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە دروستکردنی نەسڵێکی نیشتمانپەروەر پێشکەشکرد و جەختی لەسەر گرنگیی هەماهەنگی نێوان قوتابخانە، خێزان و میدیا کردەوە.

زیرەک کەمال سیاسەتمەدار و نووسەری ناسراوی کورد، بابەتێکی بە ناونیشانی «ڕۆڵی میدیا لە بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی» پێشکەشکرد. لە بابەتەکەیدا تیشکی خستە سەر بەرپرسیارێتی مێژوویی میدیای کوردی لە پارێزگاریکردن لە بوونی نەتەوەیی و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پێویستە میدیا شان بە شانی هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە وەک هێزێکی نەرم بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبگرێت.

ئەبوبەکر کاروانی توێژەر و شارەزای بواری ئاسایش، وتارێکی لەسەر مەترسییە هاوچەرخەکان و شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەیان پێشکەشکرد، بە تایبەتی ئەو هەڕەشانەی کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای دیجیتاڵەوە دروست دەبن.

## نمایشی فیلمی دیکۆمێنتاری

ڕێکخراوی ڕەها فیلمێکی دیکۆمێنتاری تایبەت بە مێژووی خەباتی کورد نمایش کرد کە بە شێوەیەکی ورد قۆناغە جیاوازەکانی بەرخۆدان و شۆڕشەکانی نەتەوەی کوردی خستەڕوو. ئەم بەرهەمە وەک هەوڵێک بوو بۆ پاراستنی بیرەوەری کۆمەڵایەتی و زیندووڕاگرتنی یادی قوربانیدانەکانی نەوەکانی پێشوو.

ئەم کۆنفرانسە بەشێک بوو لە هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ بەرزکردنەوەی توانا و ئاستی هۆشیاریی ئەفسەران و پێشمەرگە، بە مەبەستی دروستکردنی هێزێکی چەکداری هۆشیار و نیشتمانپەروەر کە بتوانێت بەرەنگاری مەترسی و هەڕەشە هاوچەرخەکان ببێتەوە.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی کتێبخانەی هەواڵنامە داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# مەترسی ماددەی هۆشبەر لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان

د. عەبدولڕەحمان سدیق

گەلی کورد لە درێژایی مێژووی خۆیدا هەمیشە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕوون لە مەیدانی شەڕدا بەرەنگاری دوژمنانی بووەتەوە و بە قارەمانی و دلێرانە جەنگاوە، بەڵام هەرگیز بیری لە بەکارهێنانی شێوازە نامرۆڤانە و نایاساییەکانی شەڕکردن نەکردووەتەوە، کە دوژمنانی بەرامبەر بە ئەم گەلە بەکاریان هێناوە.

ئەمڕۆ دوژمنان بە شێوەیەکی نوێ و تاوانبارانە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکانەوە، پیلان و بەرنامە نامرۆڤانەکانی خۆیان دەرهەق بە کوردستان بەڕێوەدەبەن. ئەم ماددە هۆشبەرانە کاریگەری قووڵ و فراوانیان لەسەر ئاسایشی نیشتمانی هەیە، چونکە ماددە هۆشبەرەکان ژەهرێکی کوشندەن و بە دەست دوژمنانەوە وەک چەکێکی نارەوا دژ بە گەلی کورد بەکاردەهێنرێن.

## مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان بە گشتی

مەترسی ماددە هۆشبەرەکان لە چەند لایەنەوە دەردەکەوێت. یەکەم، ئەم ماددانە چەکێکی بێدەنگن و هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان. دووەم، ماددە هۆشبەرەکان توانای ئەوەیان هەیە جەنگێکی ناوخۆیی بەرپا بکەن و مرۆڤ ڕاستەوخۆ بکەنە ئامانج. سێیەم، ئەم ماددانە بوونەتە چەکێک بە دەست تۆڕەکانی تاوانکاری ڕێکخراوەوە و باڵێکی سەرەکی ڕێکخراوە تیرۆریستییە سنووربڕەکانن، کە هاوڵاتیی ئاسایی دەکەنە گۆڕەپانی جەنگەکانی خۆیان.

## کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ماددە هۆشبەرەکان کاریگەریی وێرانکەریان لەسەر بنەمای کۆمەڵگە هەیە. شیرازەی خێزانەکان تێکدەدەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپچڕێنن. هەروەها دیاردەکانی دزی، کوشتن و دەستدرێژی بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکەن. ئەنجامی کۆتایی ئەم کارەساتە، بەرهەمهێنانی نەوەیەکی نائومێد، بێهیوا، لاواز و بێبەرگرییە کە ناتوانێت بەرپرسیارێتی داهاتووی نیشتمان هەڵبگرێت.

## زیانە ئابوورییەکان

لە بواری ئابووریشدا، ماددە هۆشبەرەکان کارەساتی گەورە بەرهەم دێنن. دەرامەت و سامانی نیشتمانی بەفیڕۆدەدەن و دەوڵەت ناچار دەکەن بڕە پارەیەکی زۆر لە چارەسەرکردنی قوربانییەکان و هەڵمەتی ڕاوەدوونان و گرتنی تاوانباراندا خەرج بکات. کەسانی ئالوودەبوو توانای کارکردنیان لەدەست دەدەن و بەهۆی بێکاری و ناکارامەییەوە، زۆربەیان ڕوو لە تاوانکاری دەکەن. جگە لەمەش، سەرمایەی مرۆیی کۆمەڵگە وێران دەبێت و دەیان نەخۆشی جەستەیی و دەروونی تووشی تاکەکان و کۆمەڵگە دەبن. لە کۆتاییدا، گرووپە تیرۆریستییەکان بە فرۆشتنی ماددە هۆشبەرەکان سەرچاوەیەکی دارایی بۆ خۆیان دابین دەکەن تا شەڕی جەستە و مێشکی مرۆڤی پێ بەرپا بکەن.



د. عەبدولڕەحمان سدیق

## ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە

بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان، پێویستە چەندین هەنگاوی کاریگەر بنرێت. لە پێشەوەی هەموویانەوە، بایەخدانی زیاتر بە ڕۆڵی خێزان دێت لە پەروەردەکردن و چاودێریی منداڵان و گەنجاندا. هەروەها پێویستە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی بەردەوام لەلایەن زانایانی ئایینی، گوتارخوێنانی مزگەوت و نوێنەرانی هەموو ئایینەکانەوە بەڕێوەببرێت.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیانەوە، لە بینراو، بیستراو و خوێندراو، دەبێت ڕۆڵی کاریگەر لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا بگێڕن. ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، پێویستە بەرنامەی تایبەت بۆ

مەترسیی مادده هۆشبەرەکان لە چەند لایەنەوە دەردەکەوێت، ئەم ماددانە چەکێکی بێدەنگن و هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان.

ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان دابنێن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا مرۆیی و خێرخوازییەکانیش دەتوانن یارمەتیدەری گرنگ لەم بوارەدا بن.

لە ئاستی یاسادانان و جێبەجێکردندا، پێویستە پەرلەمانی کوردستان و لێژنەکانی بەردەوام بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢٠) بکەن. هەروەها گرنگە ستراتیژیی بەرەنگاربوونەوەی تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی ماددەی هۆشبەرەوە بەهێزبکرێت. کاراکردنی سندووقی چاکبوونەوەی ئالوودەبووان یەکێکی ترە لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ گێڕانەوەی قوربانییەکان بە سەلامەتی بۆ نێو کۆمەڵگە. لە کۆتاییدا، سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو لە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی تۆڕەکانی ماددەی هۆشبەر و چارەسەرکردنی ئالوودەبووان، دەتوانێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو یارمەتیدەرێکی باش بێت.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی کتێب داگیراوە هەواڵنامەی

# ڕۆڵی میدیا لە بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی

زیرەك کەمال

## میدیا: هێزێکی نەرم لە خزمەت نیشتماندا

لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە میدیا بووەتە یەکێک لە کاریگەرترین هێزەکانی شێوەپێدانی بیروڕای گشتی، گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پەروەردەکردنی نەسڵێکی نیشتمانپەروەر ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەردەکەوێت. میدیای کوردی بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی قورسی لەسەر شانە کە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە بوونی نەتەوەیی و بەهێزکردنی هەستی خۆناسینی نیشتمانی لەنێو هاووڵاتیاندا. ئەم بەرپرسیارێتییە لە سەردەمێکدا قورستر دەبێت کە شەپۆلەکانی جیهانگیری و گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆژیا، هەڕەشەی جدی لە ناسنامە و کلتوورە نەتەوەییەکان دەکەن.

## شان بە شانی پێشمەرگە

پێویستە میدیای کوردی شان بە شانی هێزە گیانفیداکانی کوردستان، بە تایبەتی هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە، ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. میدیا وەک هێزێکی نەرم، دەتوانێت کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر بیر و هزری کۆمەڵگە دابنێت و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی بۆ بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی لە ئەستۆیە. ئەگەر پێشمەرگە بە چەکی خۆی نیشتمان دەپارێزێت، میدیاش دەبێت بە قەڵەم و دەنگ و وێنەی خۆی، ڕۆح و ناسنامەی نەتەوەیی بپارێزێت و بەهێزی بکات.

## چوارچێوەی یاسایی و پشتیوانیی پێویست

لەم چوارچێوەیەدا، پێویستە بە یاسا ڕۆڵی میدیا لە کوردستاندا دیاری بکرێت. دیاریکردنی ستانداردەکانی پیشەیی بۆ ڕاگەیاندنی نیشتمانپەروەرانە، پاراستنی ئازادی ڕاگەیاندن لەگەڵ دیاریکردنی سنوورەکانی بەرپرسیارێتی، دابینکردنی پشتیوانی حکومی و دارایی بۆ میدیای بەرپرسیارانە و دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردنی کوالیتی ناوەڕۆکی میدیایی، هەموو ئەمانە پێکەوە دەتوانن چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ کاری میدیایی کاریگەر و بەرپرسیار دابین بکەن.

## هاوکاریی نێوان دامەزراوەکانی کۆمەڵگە

میدیای ئازاد بە تایبەتی ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەریدا هەیە. کاتێک میدیا بە بەرپرسیارێتییەوە کار دەکات و هاووڵاتیانیش لە ڕێگەی پەروەردە و دەرفەتی یەکسانەوە هەست بە بەشداری و خاوەندارێتی نیشتمان دەکەن، ئەوکات هەستی نیشتمانپەروەری بە شێوەیەکی ڕاستەقینە و قووڵ ڕیشە دادەکوتێت. ئەمەش پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی نێوان چەندین لایەن هەیە، لە حکومەت و میدیا و قوتابخانەکان و خێزانەوە بگرە تا دەگاتە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.



ئەبوبەکر کاروانی

حکومەت دەبێت ژینگەیەکی ئازاد بۆ کاری میدیایی دابین بکات، میدیاکاران دەبێت بەرهەمی کوالیتی بەرز پێشکەش بکەن و لە پەروەردەکردنی ڕۆژنامەوانی پیشەیی بەردەوام بن، هەروەها پێویستە تەکنەلۆژیای نوێ بۆ گەیشتن بە مەودای فراوانتر بەکار بهێنرێت. قوتابخانەکان دەبێت مێژوو و کلتووری نەتەوەیی فێری منداڵان بکەن، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەروەردە بکەن و توانای لێکدانەوەی میدیایی لەلای خوێندکاران بەرزبکەنەوە. خێزانیش وەک یەکەی بنەڕەتی کۆمەڵگە، دەبێت گفتوگۆ لەسەر بابەتە نیشتمانییەکان بکات، نموونەی ڕەفتاری نیشتمانپەروەرانە نیشان بدات و منداڵان بۆ فێربوونی زمانی دایک هان بدات.

**بە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتییە هاوبەشەکانمان، دەتوانین نەوەیەك پەروەردە بکەین کە سەرفرازانە شانازیی بە کوردبوونی خۆی بکات، بە دڵسۆزییەوە خەریکی ئاوەدانکردنی نیشتمان بێت و بە هیوا و ئومێدەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشاوە بڕوات.**

## ئەرکی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی

هەر تاکێکی ئێمە دەبێت نموونەیەکی زیندوو لە ڕەفتار و بیرکردنەوەی نیشتمانی بێت. ڕێزگرتن لە ڕەمزە نیشتمانییەکان وەک ئاڵا، سروودی نیشتمانی و میراتی کلتووری، نەک تەنها کردەوەیەکی جوانە، بەڵکو ئەرکێکی پیرۆزە کە دەبێت بە ویژدانەوە جێبەجێی بکەین. پاراستن و پەرەپێدانی زمان و کلتوورمان، لەگەڵ پێشکەشکردنی ڕەخنەی بونیادگەرانە بۆ باشترکردنی بارودۆخ، دەبێت لەسەر بنەمای خۆشەویستی ڕاستەقینە بۆ نیشتمان بنیاد بنرێت، نەک لەسەر بنەمای ڕق و کینە یان دوژمنکاری.

یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پاراستنی نیشتمان پێشمەرگەیە، ئەو هێزەی کە بە درێژایی مێژوو قوربانی بێ وێنەی داوە بۆ پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان. پێویستە ئێمەی کورد شانازی بە پێشمەرگە بکەین و ڕێز لە قوربانیدان و فیداکارییەکانیان بگرین. ئەم ڕێزگرتنە نابێت تەنها لە وتە و دروشمدا بێت، بەڵکو دەبێت لە کردەوە و هەڵوێستی ڕۆژانەماندا ڕەنگ بداتەوە.

## بەرەو داهاتوویەکی گەشاوە

ڕۆڵی میدیا لە بەرزکردنەوەی ئینتیمای نیشتمانی، تەنها لە گێڕانەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان سنووردار نییە، بەڵکو بریتییە لە شێوەپێدانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری نەسڵەکان، دروستکردنی دیدگای هاوبەش بۆ داهاتوو و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای خۆشەویستیی نیشتمان. میدیای کوردی دەبێت ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە بە تەواوی درک بکات و بە هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەرەو دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هەستیار و نیشتمانپەروەر هەنگاو بنێت.

شانازیکردن بە پێشمەرگە و ڕەمزەکانی کوردستان نەک تەنها مافێکی سرووشتی و ڕەوایە، بەڵکو ئەرکێکی نەتەوەییە کە هەموومان دەبێت بە جدی و بە بەرپرسیارێتییەوە هەڵیبگرین. بە یەکگرتنەوە و هاوکاری، بە تێگەیشتن لە بەرپرسیارێتییە هاوبەشەکانمان، دەتوانین نەوەیەک پەروەردە بکەین کە سەرفرازانە شانازیی بە کوردبوونی خۆی بکات، بە دڵسۆزییەوە خەریکی ئاوەدانکردنی نیشتمان بێت و بە هیوا و ئومێدەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشاوە بڕوات.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# داهاتووی کوردستان و پرۆژەی نیشتمانی

د. ئەبوبەکر کاروانی

لە سەردەمێکدا کە گەلی کورد بەردەوام لە گەڕان بەدوای ئاسۆی سەربەخۆیی و ئازادیدایە و لە قۆناغێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایەتی گۆڕانکاریی گەورەی سیاسی و جیۆستراتیژییە، دەنگی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی نیشتمانپەروەر وەک چرایەکی ڕێنوێن بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای داهاتوو دەدرەوشێتەوە.

## عیشقی نیشتمان لە خۆشویستنەوە بۆ گیانفیداییی

خۆشەویستیی من بۆ کوردستان عیشقە، نەک تەنها خۆشویستن. ئەم جیاکارییە وشەییە قووڵایی هەستێکی مەعنەوی و فیداییانەیە، چونکە عیشق واتە خۆبەخشین و لەخۆگوزەرکردن لە پێناو نیشتمان، نەک تەنها هەستێکی سادە.

ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی کە کوردستانی تێدا دەژیت، ڕیشەی درێژیان هەیە و لە قووڵایی مێژوومان شوێنپێیان هەیە. کێشەی بنەڕەتی و قوڵی ئێمە ئەوەیە کە فەرهەنگی یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان ئێمەدا بەشێوەیەکی تەندروست جێگیرنەبووە.

شەرەفخانی بەدلیسی بە ئازاری دڵەوە دەڵێت: ئەگەر کورد لە دەوری یەکتر کۆببوونایەوە و یەکدەستیی نیشاندابا، ئێستا خاوەنی سەروەری و سەربەخۆیی خۆمان دەبووین و دەسەڵاتی سیاسیمان لەسەر سەرزەوییەکەمان دەبوو. ئەم وتەیە وەک ئاوێنەیەکە کە ترس و دڵەڕاوکێی ئێمەی تێدا دەبینینەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگایەک بۆ چارەسەر پیشان دەدات.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا پێویستە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا بکەوێتە سەر پێ و ڕۆڵی سەربەخۆ و چارەنووسسازانەی هەبێت، ڕۆڵێک کە لەگەڵ قەبارە و بوونی مێژوویی و جوگرافی و دیمۆگرافی گەلەکەماندا بگونجێت. ئەم بانگەوازە بانگهێشتێکە بۆ دەرچوون لە باری بێدەنگی و لاوازیی سیاسی و گەیشتن بە پلەیەکی بەرز لە بەشداریی سیاسی و نێودەوڵەتی.

## تراژیدیای دابەشکاری: زوڵمی مێژوویی

تاکی کورد هەرگیز لە ناخەوە و بە ئیرادەی خۆیەوە نەبووتە عێراقی، ئێرانی، تورکی و سووری، بەڵکو بە زۆرداری و بە زوڵمی نێودەوڵەتی و بە پیلانی ئیمپریالیستی و بە یاریی دەوڵەتە گەورەکان و بە ڕێککەوتنە نهێنییەکانیان، ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا بەشکراوە بە زۆری زۆردار ناسنامەی سیاسیان بەسەرماندا سەپاند. ئەم دابەشکارییە نەتەوەییە برینێکی قووڵ لە جەستەی نەتەوەی کورد دروستکردووە کە هەتا ئێستاش ئازاری دەدات.

## دەستکەوتەکانی سی ساڵ و دەرفەتەکانی داهاتوو

لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، کورد لە باشووری کوردستان وەکو دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ ڕەفتاری کردووە و شارستانییەتێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بنیاتناوە. لە داهاتووشدا، لە ئەنجامی بوومەلەرزە جیۆسیاسی و گۆڕانکارییە ستراتیژییەکان لە



ئەبوبەکر کاروانی

ناوچەکەدا، کورد دەرفەتی زۆر باش و مێژوویی بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆژەی نیشتمانی بۆ دێتەپێش. باشووری کوردستان دەبێت دڵ و چاوی داهاتووی کورد بێت لە هەر چوار پارچەی نیشتمان، وەک کوانویەکی ئومێد و هێزێکی ڕاکێشەر بێت بۆ یەکگرتنی نەتەوەیی.

## فەلسەفەی نەتەوەسازی، لەبیرکردنی ئازارەکانی دوێنێ

نەتەوە و وڵات بە لەبیربردنەوەی ڕابردوو و بە گەورەتر بینینی بەرژەوەندییە گشتییەکان دروست دەبێت، نەک بە نەهێشتنەوە و بەشەقامکردنی برینە کۆنەکان. جیاوازی بیروڕا و دابەشبوونی نێوخۆیی و بەبیرخستنەوەی ڕابردوو و کینە و تۆڵە لە یەکتر، کەلێنی گەورە بۆ نەتەوەسازی و دەوڵەتسازی دروست دەکات و هێزی ئێمە پەرت دەکاتەوە.

> پێشمەرگە وەك هێمای پاراستن و بەرگری و فیداییکردن، دەبێت بەشێك بێت لە پرۆژەیەکی فراوان و گشتگیری نیشتمانی کە هەموو کوردێك بە بێ جیاوازی لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، لە ژێر یەك ئاڵا کۆدەبێتەوە.

## ڕێگاچارە، یەکگرتوویی و هاوبیری

پێویستە کورد لە باشووری کوردستان لە هەموو شتێک جیاواز نەبێت و خاڵی کۆک و هاوبەشیان زۆر بێت و لە بیر و بۆچووناندا نزیکایەتی زیاتر دروست بکەین و لە پێناو سەرخستنی بیری نەتەوەییمان و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان یەکدەست بین. ئەم یەکگرتوویە نەتەوەییە بنەمای هەموو پێشکەوتنێکە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

## پێشمەرگە، هێمای پارێزگاری و پرۆژەی نیشتمانی

پێشمەرگە ناوک و تۆوی پرۆژەی نیشتمانیی سەربەخۆی و هێمای بەرگری و فیداکارییە. پێشمەرگە نوێنەری ئایندەیە بۆ پاشەڕۆژی کوردستان و پاسەوانی ئاواتەکانی نەتەوەیەکە زۆر پێویستیی بە ئازادی و سەربەخۆیی هەیە. بێ پێشمەرگە، پرۆژەی نیشتمانی بێ پشتیوان و پارێزەر دەبێت.

یەکگرتوویی نەتەوەیی، لەبیرکردنی کێشە ناوخۆییەکان و کینە و تۆڵەی ماوە، ڕێزگرتن لە جیاوازی بیروبۆچوون و ئامادەیی بۆ قۆستنەوە لە دەرفەتە مێژووییەکان، کلیلی دەرچوون لە دۆخی ئێستا و گەیشتن بە ئاواتی دێرینەی سەربەخۆیین.

پێشمەرگە وەک هێمای پاراستن و بەرگری و فیداییکردن، دەبێت بەشێک بێت لە پرۆژەیەکی فراوان و گشتگیری نیشتمانی کە هەموو کوردێک بە بێ جیاوازی لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە، لە ژێر یەک ئاڵا کۆدەبێتەوە. تەنها بە یەکگرتوویی و بە خەباتێکی هاوبەش، دەتوانین ئەو کوردستانەی خەونی پێوە دەبینین بنیات بنێین، کوردستانێک کە تێیدا ئازادی، دادپەروەری و سەربەخۆیی بەرقەرار بێت.

ڕێگای داهاتوو هەرچەندە درێژ و سەخت بێت، بەڵام بە عیشقێکی ڕاستەقینە بۆ نیشتمان و بە باوەڕێکی قایم بە توانای نەتەوەکەمان، دەتوانین بەرەو ئاسۆیەک بڕۆین کە بۆ سەدەیەکە چاوەڕێی دەکەین. ئێستا کاتی بڕیاری مێژووییە و ئێمە دەبێت شایانی ئەم بەرپرسیارەتییە مێژووییە بین.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# میدیای سەربازی و پەیوەندیی دامەزراوەیی ئەرك و کارە نوێیەکان لە ناو پێشمەرگە

● ئامادەکردنی: محەمەد عەزیز حاجی

رۆژانی ٢٥ و ٢٦ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، خولێکی دوو رۆژە بە ناوی «پەیوەندیی دامەزراوەیی» بۆ ژمارەیەک ئەفسەری بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە بەڕێوەچوو. ئەم خولە بە هەماهەنگی لەگەڵ نێردراوی سەربازیی وڵاتی فەرەنسا و بە چاودێریی فەریق روکن عیسا عوزێر، سەرۆکی ئەرکانی وەزارەتی پێشمەرگە رێکخرا.

خولەکە کە لەلایەن ستۆوانیار دێنێز دۆژاردێن لە هێزی دەریایی فەرەنساوە پێشکەشکرا، مەبەست لێی، پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی ئەفسەرانی وەزارەتی پێشمەرگە لە بواری میدیا و پەیوەندیی دامەزراوەیی بوو. پەیوەندیی دامەزراوەیی وەک پرۆسەیەکی سیستەماتیک و ستراتیژی سەیردەکرێت کە لە ڕێگەیەوە دامەزراوەیەک بەها و ئامانج و ئاڕاستەکانی خۆی بە جەماوەرە جیاوازەکان دەگەیەنێت، لەوانە کارمەندان، خەڵک، هاوکاران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بە ئامانجی دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی و ناوبانگێکی باش بۆ دامەزراوەکان و بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵیاندا.

لە بەشی یەکەمی خولەکەدا، تیشک خرایە سەر بنەماکانی پەیوەندیکردن وەک پرۆسەیەکی دووئاڵی ناردن و وەرگرتنی زانیاری، کە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی هاوبەش و تێگەیشتنی یەکلاکەرەوە هەیە. پاشان بەشداربووان ئاشنا کران بە ئامرازەکانی پەیوەندی ناوخۆیی کە بۆ یەکخستن و هاندانی کارمەندان بەکاردێن، لەوانە رێکخستنی بۆنە و چالاکی و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی وەک رۆژنامە و پەیامی میدیایی.

## پەیوەندی لەگەڵ راگەیاندنەکان و شێوازەکانی کاری پیشەیی

یەکێک لە بەشە گرنگەکانی خولەکە وردبوونەوە بوو لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووسان و راگەیاندنەکان. بۆ بەشداربووان روونکرایەوە، نووسینی هەواڵنامەی پیشەیی، دەبێت وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان بداتەوە (کێ، چی، کەی، لەکوێ، بۆچی، چۆن) و لە یەک لاپەڕەدا کورت بکرێتەوە، هەروەها گرنگی دانانی زانیاریی پەیوەندی و ناردنی هەواڵنامەکە چەند رۆژێک پێش بۆنەکە. هەروەها فێری دروستکردنی پاکێجی چاپەمەنی بوون کە کۆمەڵێک دۆکیومێنت و وێنەی پیشەیی لەخۆدەگرێت بۆ رۆژنامەنووسان، لەوانە پێشاندانی دامەزراوە، وێنە و لۆگۆی بە کوالیتی بەرز، ژیاننامەی کورتی سەرکردایەتی، هەواڵنامە نوێکان، ڕاپۆرتی راگەیاندنی پێشوو و زانیاریی پەیوەندی. لەوەش گرنگتر، بەشداربووان فێری رێکخستنی کۆنفرانسی سەرکەوتووی رۆژنامەوانی بوون کە دەبێت پەیامێکی ڕوون و شایانی هەواڵ هەبێت، لە کاتێکی گونجاودا ئەنجام بدرێت، قسەکەرێکی ئامادە و شارەزای هەبێت و پاش پێشکەشکردنەکە دەرفەتی پرسیار و وەڵام بۆ رۆژنامەنووسان دابینبکرێت.

## ڕێکخستنی پەیوەندی لە کاتی قەیراندا

بەشێکی تایبەت تەرخان کرا بۆ ئاشناکردنی بەشداربووان بە شێوازەکانی ڕێکخستنی پەیوەندی لە کاتی قەیراندا، کە بریتییە لە ڕێکخستنی ستراتیژ و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە کاتی ڕووداوە لەناکاوەکان بۆ پاراستنی ناوبانگی دامەزراوە و متمانەی لایەنە پەیوەندیدارەکان. لایەنە سەرەکییەکانی پەیوەندی لە کاتی قەیراندا بریتین لە: پلاندانان و ستراتیژی پێشوەختە، دروستکردنی تیمی تایبەت بۆ ڕێکخستنی قەیران، دیاریکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان، دیاریکردنی قسەکەری فەرمی، دروستکردنی پەیامێکی ڕوون و شەفاف، بەکارهێنانی چەندین کەناڵ بۆ بڵاوکردنەوەی خێرای زانیاری، پەیوەندیکردنی کراوە و ڕاستگۆیانە و بەردەوامبوون لە پەیوەندیکردن تەنانەت دوای تێپەڕینی قەیرانەکەشدا. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە یارمەتی دامەزراوەکان دەدات بۆ پاراستنی ناوبانگ، کەمکردنەوەی زیان، پاراستنی متمانەی کارمەندان و خەڵک، دڵنیابوون لە بەردەوامی کارەکان و ئامادەیی ڕێکخراوەیی بۆ وەڵامدانەوەی خێرا و کاریگەر.

لە خولەکەدا لیوا عوسمان محەممەد، بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، عەمید نەوزاد محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی، لەگەڵ ژمارەیەک بەڕێوەبەر و جێگری بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەزارەت ئامادەبوون.

لە ڕێوڕەسمی کۆتایی خولەکەدا، لیوا عوسمان محەممەد سوپاسی تیمی سەربازیی کونسوڵخانەی فەرەنسا و ڕێکخەرانی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم خولانە ڕۆڵی گرنگیان بۆ پێشخستن و بەرزکردنەوەی توانستی هۆشیاریی هێزی پێشمەرگە و زیاتر ئاشناکردنیان بە بواری ڕاگەیاندن و کۆکردنەوەی زانیاری و دروستکردنی هەواڵ و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری گونجاودا هەیە. هەروەها بەردەوامبوونی ئەم جۆرە خولانەی بە پێویست زانی و هیوای خواست زانیارییەکان بۆ بەشداربووان سوودبەخش بووبن. هەر لە هەمان ڕێوڕەسمدا، عەمید نەوزاد محەممەد بە ناوی وەزارەتی پێشمەرگەوە سوپاس و پێزانینی ئاراستەی ڕاوێژکارانی سەربازیی فەرەنسای کرد بۆ هەماهەنگیکردن و ڕێکخستنی ئەم خولە و هیوای خواست ئەم هەماهەنگی و چالاکییە هاوبەشانەی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانان و ڕاوێژکارانی سەربازیی هێزەکانی فەرەنسا لە بوارە جیاوازەکان بەردەوام بێت.

شایانی باسە، پێشتر لە ڕۆژانی ٢٨ و ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥، خولێکی تری هاوشێوە لەبارەی هەمان بابەت ئەنجامدرابوو، کە ئەمەش نیشانەی بەردەوامی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتییە لە بواری پەرەپێدانی توانای پیشەیی و لێهاتوویی ئەفسەرانی پێشمەرگە. لە کۆتاییدا، بڕوانامەی بەشداریی بە ئەفسەرانی بەشداربوو بەخشرا.

ئەم خولە بەشێکە لە بەرنامەی بەردەوامی لێهاتوویی کە وەزارەتی پێشمەرگە بە هاوکاریی هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی بۆ بەرزکردنەوەی توانای کارگێڕی و ڕاگەیاندنی هێزەکانی بەڕێوەی دەبات، ئەوەش بە ئامانجی دروستکردنی سیستەمێکی پێشکەوتووی ڕاگەیاندنی سەربازی کە بتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر و ڕاگەیاندنەکان بکات و لە کاتی پێویستدا بە شێوەیەکی پیشەیی لەگەڵ قەیرانەکان بجوڵێتەوە.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# سەنتەری تەکنەلۆژیا و زمانەکان:

## پەیمانگایەك بۆ پێگەیاندن
## پێشمەرگە و فێربوونی زمانە جیاوازەکان بەردەوامی هەیە

● ئامادەکردنی: خۆشی ستار عەبدولکەریم

سەنتەری زمان و تەکنەلۆژیا یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان کە بە ئامانجی گەشەپێدانی تواناکانی پێشمەرگە لە بواری زمان و تەکنەلۆژیادا دامەزراوە. وەزارەتی پێشمەرگە بۆ پێگەیاندن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی زمانە بیانییەکان لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان سوودی لە دامەزراندنی سەنتەری تەکنەلۆژیا و زمانەکان وەرگرتووە. لە ئێستادا ئەم سەنتەرە بووەتە بناغە بۆ پێگەیاندن و ئامادەکردنی کەسانی زمانزان و شارەزا لە زمانە بیانییەکان.

### مێژووی دامەزراندن

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر سەنتەری زمان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خولەکانیان، گۆڤاری پێشمەرگە بە پێویستی زانی لە ڕێگەی عەقید مەجید بادین بەڕێوەبەری سەنتەری تەکنەلۆژیا و زمان، زانیاری زیاتر بخاتەڕوو.

عەقید مەجید روونیکردەوە: «مێژووی دامەزراندنی سەنتەری زمان و تەکنەلۆژیا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەڕی داعش. لەسەر پێشنیازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دوای گفتوگۆ لەگەڵ هاوپەیمانان، لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی هاوبەشی بەرپرسان و ئەفسەرانی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە، بڕیار لەسەر پڕۆژەی چاکسازیی پێشمەرگە درا. پاش بە ڕاوێژکردن لەگەڵ هێزەکانی ٧٠ و ٨٠، بڕیاری جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی درا.»

لە ساڵی ٢٠١٧دا، وەزارەتی پێشمەرگە یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی هەڵگرت کە



لە ٣٥ پرۆژەی گشتی پێکهاتبوو. لە ساڵی ٢٠١٩دا، پرۆژەیەک بۆ دامەزراندنی سەنتەری زمان زیادکرا.

### ئامانجە سەرەکییەکان

بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا و زمانەکان ئاماژەی بەوەکرد کە ئامانجی سەرەکی





سەنتەرەکەیان لە بابەتی زمانەکان، ئامادەکردنی پێشمەرگە بووە بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات لەڕووی زمانەوە. بەهۆی ئەوەی کە هەماهەنگییەکی باش هەبووە لە نێوان پێشمەرگە و هاوپەیمانان بۆ ناردنی پێشمەرگەی کوردستان بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات، هەروەها ئامانج لە کردنەوەی خول لە بابەتی کۆمپیوتەر دەگەڕێتەوە بۆ پێویستی کارمەندانی ئیداری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ فێربوونی پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر.

## تایبەتمەندیی خولەکان

لەبارەی بابەتی خولەکان و ماوەی فێرکردن، عەقید مەجید بادین ڕایگەیاند کە خولەکانی زمان پێکدێت لە زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی، بۆ هەر یەکێک لەزمانەکان بنەماکانی فێرکردن جیاوازن.

سەبارەت بە کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی، هەر کۆرسێک سێ مانگە و هەر فێرخوازێک بۆ تەواوکردنی هەر کۆرسێک پێویستە ١٠٨ کاتژمێر لە پۆلدا بێت. زمانی ئەڵمانی بەهۆی قورسی زمانەکە هەر کۆرسێک چوار مانگە، واتە فێرخواز مەرجە ١٣٢ کاتژمێر لە پۆل بێت. زمانی فەرەنسی هەر خولێک سێ کۆرسە، هەر کۆرسێک شەش مانگە و بەگشتی ماوەی خولەکە ١٨ مانگ دەخایەنێت.

دەربارەی زمانی ئیتاڵی بەهۆی نەبوونی مامۆستا و کۆرسی ڕاستەوخۆ، توانراوە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە سێ کۆرس بکرێنەوە کە مامۆستایان لە ئیتاڵیاوە وانەیان بە پێشمەرگە فێرخوازەکان دەگوتەوە. لە پلاندایە کۆرسێکی ڕاستەوخۆی زمانی ئیتاڵی بکەینەوە.

## تاقیکردنەوەی ECL

بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی زمانزانیی ئەو پێشمەرگانەی کە دەیانەوێت لە کۆرسەکانی زمان بەشداربن، یاخود بۆ خولەکانی دەرەوەی وڵات بڕۆن، تاقیکردنەوەی ECL بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی زمانی ئینگلیزی ئەنجام دەدرێت

تاقیکردنەوە ECL هەر مانگەی جارێک لە سەنتەری زمان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەتی پێشمەرگە ئەنجام دەدرێت. لە مانگی یەکەوە تا مانگی پێنجی ئەمساڵ، پێنج جار تاقیکردنەوەکە ئەنجامدراوە و ٢٤٩ کەس بەشداربوون. بەڵام بەداخەوە بەهۆی ناهەمواری ناوچەکە لە مانگی شەش و حەوتەوە ڕاگیراوە. لە پلاندایە لە کۆتایی مانگی نۆدا دووبارە دەست بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان بکرێتەوە.

## ئامارەکانی ئەمساڵ

لەبارەی کۆی ئەو خولانەی ئەمساڵ کراونەتەوە، عەقید مەجید بادین ئاماژەی بەوەدا کە لەم ساڵدا:

- زمانی ئینگلیزی: دوو کۆرس کراونەتەوە - لە کۆرسی یەکەم ٢٥ فێرخواز و لە کۆرسی دووەمدا ٢٦ فێرخواز بەشداربوون
- زمانی ئیتاڵی: یەک کۆرس کراوەتەوە کە لە ١٠ فێرخواز پێکهاتبوو،
- زمانی فەرەنسی: یەک خولی درێژخایەن و سێ کۆرس کراونەتەوە - هەر کۆرسێک شەش مانگە و ١٤ ئەفسەر بەشداریان تێدا کردووە.
- کۆرسی کۆمپیوتەر: پێنج کۆرس کراونەتەوە و ٦٠ فێرخواز سوودمەندبوون.

## هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان

لەبارەی ناردنی پێشمەرگە یان ئەفسەر بۆ خولەکانی دەرەوە، بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا و زمانەکان ڕێگەیاند: لە سەرەتادا هاوپەیمانان بە وەزارەت ڕادەگەیەنن کە خولێکیان هەیە بۆ پێشمەرگە، وەزارەتیش کەسەکان بەگوێرەی ئەو داواکاری و تایبەتمەندییانەی کە هاوپەیمانان دیاریان کردووە، هەڵدەبژێرێت. پاشان وەزارەت دەیاننێرێت بۆ سەنتەری زمان بۆ ئامادەکردنیان لە ڕووی زمانەوە.

ڕوونی کردەوە، لە ئێستادا بەپێی پلانی ساڵانە هەماهەنگیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشقی سەربازی و تیمی هاوپەیمانان لە هەموو وڵاتەکاندا هەیە. لە سەرەتای ساڵەوە ژمارەی ئەو خول و کۆرسانەی کە بۆ پێشمەرگە تەرخانیان کردووە، پێیان دەگات بۆ ئەوەی ئەوان بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی مەشق، پێشمەرگەیان بۆ هەڵبژێرن و ئامادەیان بکەن.

گوتیشی کە پەیوەندیان لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانە هەیە کە لەنێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتیدان و لەڕووی تەکنیکی و مادیشەوە هاوکاریانن.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



کونسولخانەکانیش پەیوەندییان لەگەڵ تیمی سەربازیی خۆیان هەیە و لە ڕێگەی نوێنەرەکانی خۆیان لە وەزارەت و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوان، کەسەکان هەڵدەبژێرن.

## پەیوەندیی لەگەڵ زانکۆکان

لەبارەی پەیوەندیی سەنتەری زمان لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان، بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا و زمانەکان ئاماژەی بەوەکرد کە پەیوەندیی باشیان لەگەڵ زانکۆکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا هەیە. ئەم زانکۆیانە بریتین لە زانکۆی کوردستان و زانکۆی جیهان لە هەولێر، زانکۆی دهۆک، زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی و دهۆک. ئەم زانکۆیانە هاوکارییەکی تەواوی سەنتەری زمان دەکەن و خولی تایبەتیان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەنتەرەکە و ڕێکخراو و لایانە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشمەرگە کردووەتەوە.

## پلانەکان بۆ داهاتوو

سەبارەت بە پلانەکان بۆ ساڵی داهاتوو و پەرەپێدانی سەنتەر و فراوانکردنی، بەڕێوەبەری تەکنەلۆژیا و زمان ڕایگەیاند: ئامانجی یەکەمیان گەورەکردنی سەنتەرەکەیە لەڕووی میلاک و ستاف، تەنانەت فراوانکردنی شوێنەکەش. ئامانجی دووەمیان ئەوەیە کە سەنتەرەکەیان وەکوو پەیمانگایەکی زمان بێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کە خول بۆ هەموو زمانەکان بکەنەوە. ئامانجی کۆتاییشیان کردنەوەی لقە لە پارێزگاکانی دیکەی کوردستان بۆ خزمەتکردنی زیاتری پێشمەرگە.

## مامۆستایان و ئاستی زانستیان

سەبارەت بە مامۆستایان و ئاستی زانستیان، عەقید مەجید بادین ڕوونیکردەوە کە لە بواری زمانی ئینگلیزیدا سێ مامۆستایان هەیە کە هەرسێکیان بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەیە و خولی مامۆستاییان لە ئەمریکا بینیوە و خاوەن بڕوانامەن، لە ئێستاشدا سێ مامۆستای دیکەیان لە ئەمریکا لە ڕاهێناندان بۆ ئەوەی ببن بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی. بۆ زمانی ئەڵمانی یەک مامۆستایان هەیە کە بەکالۆریۆسی لە زمانی ئەڵمانی هەیە، بەڵام بە شێوەی گرێبەست لە سەنتەری زمان خولەکان بەڕێوەدەبات. هەروەها یەک مامۆستای کۆمپیوتەریان هەیە. بەداخەوە مامۆستای زمانی ئیتاڵی و فەرەنسیان لە ئێستادا نییە.

## پرۆفایلی مامۆستایان

سۆزان جەمال عەبدولقادر لە ئەڵمانیا یاسای خوێندووە و لە زانکۆی سلێمانی بەشی ڕۆژنامەگەری و پەیوەندییە گشتییەکانی تەواو کردووە، هەروەها بڕوانامەی ماستەری هەیە لەم بوارەدا. لە ساڵی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ بە پلەی ٨٠ بۆ ئەمریکا ڕۆیشت بۆ کۆرسی بەیلیک. کۆرسەکەی نۆ مانگ بوو لە پەیمانگای DLI لە سائەنتۆنیۆ کە بنکەکەی لە گەورەترین بنکەکانی فڕۆکەوانی سەربازیی ئەمریکایە.

جێگر ئەفسەر، ئورفە مونیر ئەحمد ماوەی ساڵ و نیوێکە وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سەنتەری زمان کاردەکات. ئەو بەکالۆریۆسی لە شیکاری نەخۆشییەکان هەیە و لە ساڵی ٢٠١٥ بووە بە پێشمەرگە. لە ساڵی ٢٠٢٣ بە نمرەی ٨٦ بۆ وڵاتی ئەمریکا ڕۆیشتووە بۆ خولی بەیلیک (Basic American language Instructor Course) بۆ ڕاهێنان وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی. هەتا ئێستا پێنج خولی بەڕێوەبردووە. ساڵی ڕابردوو لە سێ کۆرس وانەی گوتووەتەوە و ئەمساڵیش لە ٢٠٢٥ هەتا ئێستا دوو کۆرسی بەڕێوەبردووە.

نسار مستەفا ڕەسوول لە ساڵی ٢٠١٤ کۆلێژی ئەندازیاریی بیناسازیی تەواوکردووە. لە ساڵی ٢٠١٦ بووە بە پێشمەرگە و لە ئینژنیاتی سەربازی دەستبەکار بووە. لە ساڵی ٢٠١٨ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووە و لە بەڕێوەبەرایەتی ئەشغاڵی سەربازی دەستی بەکار کردووە. لە ساڵی ٢٠٢٣ لە وڵاتی ئەمریکا کۆرسی (بەیلیک)ی تەواوکردووە کە نۆ مانگ بوو لە پەیمانگای زمانی بەرگری (Defense Language Center) DLI. هەتا ئێستا شەش کۆرسی بەکۆتاهێناوە و لە سەنتەری زمان لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی وەزارەتی پێشمەرگە لەخزمەت بەردەوامە.

# چالاکییە ژینگەیی و مرۆییەکان

## پێشمەرگە و ڕۆڵی کاریگەری لە پاراستنی ژینگەدا

● ئامادەکردنی: گۆران ڕەشید

هێزی پێشمەرگە لە مێژووی نوێی کوردستاندا وەک یەکێک لە هێزە سەرەکییەکانی بەرگری لە هەرێمی کوردستان ناسراوە، بەڵام ڕۆڵی ئەم هێزە تەنها بە بوارە سەربازییەکان سنووردار نابێتەوە، بەڵکو لە زۆر قۆناغدا بەشداریی چالاکانەی لە چالاکییە ژینگەیی و مرۆییەکان هەبووە کە دەرخەری پەیوەندییەکی توند و بەهێز لەگەڵ هاووڵاتیان و خەمخۆری بۆ داهاتووی کوردستانە.

### پێشمەرگە: لە پاراستنی نیشتمانەوە تا خزمەتی ژینگە

سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە بە هێزێکی سەربازی ناسراوە، بەڵام بەشداریی چالاکانەی لە خزمەتگوزارییەکانی پاراستنی ژینگە هەبووە. ئەم بەشدارییانە دەرخەری پەیامێکی گرنگە: هێزە سەربازییەکان لە کوردستان تەنها بەشداری لە جەنگدا ناکەن، بەڵکو بە هێزێکی ئاشتیخواز و ژینگەپارێزیش ناسراون. بە واتایەکی دیکە، بوونی هێزی پێشمەرگە لە هەر شوێنێک واتای بوونی ئاوەدانی، ژیان، دڵنیایی و ژینگەیەکی جوان و پاکە.

### کوژاندنەوەی ئاگر: پاسەوانی دارستان و پاراستنی ژینگە

لە زۆر شوێن و کاتدا، پێشمەرگە لە پرۆژەکانی چاندنی دار و پاککردنەوەی شوێنە وێرانەکانی دوای جەنگ وەک هاوکارییەکی گەورە بۆ گەڕاندنەوەی ژیان و دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوز بۆ ناوچەکان بەشداربووە. هەروەها بە کوژاندنەوەی ئاگر و پاراستنی دارستانەکان بۆ پاراستنی ژینگەی سرووشتی و دابینکردنی داهاتوویەکی سەوز بۆ هەرێمی کوردستان یارمەتیدەر بوون.

یەکەکانی پێشمەرگە لە چەندین ناوچە لە کوژاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی ئاگر بە هاوکاری لەگەڵ تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بەشدارییان کردووە. لەوانە:

- لیوای (٤)ی سەر بە فرقەی (٣)ی پیادە لە سنووری ناحیەی کانی ماسی و گوندەکانی دەوروبەری چەندین جار بەشدارییان لە کوژاندنەوەی ئاگر و ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ئاگر بۆ کەمکردنەوەی زیانە گیانی و مادی و ژینگەییەکان کردووە. ئەم یەکەیە بە خێرایی وەڵامی هەر هەڵمەتێکی ئاگرکوژاندنەوە دەداتەوە و هاوکاریی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە لە پاراستنی دارستانەکاندا دەکات.
- لیوای ٥ی پیادە لە ناحیەی کوڵەجۆ بەردەوام چاودێریی دارستانەکانی ناوچەکە دەکات و لە کاتی ئاگرکەوتنەوەدا بە شێوەیەکی خێرا دەستبەکار دەبێت. ئەم لیوایە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا سێ جار بەشداری کوژاندنەوەی ئاگری لە دارستانە چڕەکانی ناوچەکە کردووە.
- لیوای ٦ی پیادە لە سنووری ڕاپەڕین هەمیشە ئامادەیی تەواوی هەیە



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بۆ کوژاندنەوەی هەر ئاگرێک کە هەڕەشە لەسەر ژینگەی ناوچەکە دروست دەکات، بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا کە مەترسی ئاگر زیاتر دەبێت.

- لە دەستپێشخەرییەکی نیشتمانپارێزانەدا، دوای ئەوەی ئاگر لە دەغڵ و دانی گوندی سەعوودیە و دەوروبەری لە سنووری ڕەبیعە کەوتەوە، پێشمەرگەکانی فەوجی ١ی لیوای ٨ی پیادە وەک ئەرکی هەمیشەیی و نیشتیمانپارێزیی خۆیان، ئاگرەکەیان کوژاندەوە و دەغڵ و دانی ناوچەکەیان لە سووتان پاراست. ئەم دەستپێشخەرییە خێرایە خزمەتێکی زۆری کرد بە هاوڵاتیانی ناوچەکە و ڕێگریکرد لە لەدەستچوونی بەرهەمی کشتوکاڵی چەندین خێزان.

## هەڵمەتی سەوزکردنەوە

لیوای ١٨ی پیادە بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی دهۆک هەڵمەتێکی بەرفراوانی چاندنی نەمامی لە سنووری شارەوانی دهۆک ئەنجامدا. لە هەڵمەتەکەدا ٢٠٠ نەمامی جۆراوجۆر بە مەبەستی جوانترکردن و خزمەتکردنی ناوچەکە و دروستکردنی ژینگەیەکی سەوز بۆ هاووڵاتیان چێندران. ئەم هەڵمەتە لە چوارچێوەی بەرنامەی گشتیی سەوزکردنەوەی هەرێمی کوردستان، بە بەشداریی چالاکانەی پێشمەرگەی بەڕێوەچوو.

## پاککردنەوە و پاراستنی گیانداران

لیوای (١٤) لە سنووری بەرپرسیارێتی لیواکەیان بە درێژایی (٤) کیلۆمەتر ژینگەی ئەو ناوچەیان بە تەواوی خاوێنکردووەتەوە. ئەم کارە تەنها بۆ جوانی نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی تەندروستی هاووڵاتیان و دابینکردنی ژینگەیەکی پاکە بۆ منداڵان و گەنجان.

لە درێژەی کارە ژینگەپارێزییەکانی هێزی پێشمەرگە لە چیای قەرەچوغ، پێشمەرگەکانی فەوجی (٢)ی لیوای



(١٤) بە مەبەستی پاراستنی گیاندار و باڵندە کێویەکان، چەندین چاڵاوی ئاویان دروستکردووە. ئەم چاڵاوانە بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا گرنگن بۆ ئەوەی ئاژەڵە کێوییەکان بتوانن ئاو بدۆزنەوە و لە وشکەساڵی بپارێزرێن. ئەم دەستپێشخەرییە نیشانەی خەمخۆری پێشمەرگەیە بۆ هەموو بوونەوەرێکی زیندوو لە کوردستان بۆ ئەوەی سرووشتی کوردستان وەک خۆی بە جوانی و ڕەنگینی بمێنێتەوە.

## چالاکییە مرۆییەکان و دڵسۆزیی بۆ کۆمەڵگە

ئەم چالاکییانە تەنها کاری ژینگەپارێزی نییە، بەڵکو ئاماژەی ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە هەستیان بە ئەرکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بۆ ژینگەپارێزیی و بەهێزکردنی خەونەکانیان بۆ ئاشتی و هاوسەنگی ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە.

## هەڵمەتی خوێنبەخشین و ژیان بەخشینەوە بە نەخۆشان

لە چالاکییە مرۆییەکانی هێزی پێشمەرگە، بەخشینی خوێن بۆ نەخۆشەکان یەکێکە لەو کارە گرنگانەی کە نیشانەی هەستی مرۆڤایەتی و هاوبەشییانە لە خەمی کۆمەڵگە وەک هێزی پاراستنی ژیان و هەڵگرتنی هەستی مرۆڤخوازانە.

لیوای ١١ی پیادە لەسەر داوای نەخۆشخانەی گشتیی کۆیە، هەڵمەتێکی بەرفراوانی خوێن بەخشینی ئەنجامدا. دەیان پێشمەرگە بە خۆبەخشانە بەشداریان لەم هەڵمەتەدا کرد و خوێنیان بەخشییە بانکی خوێنی کۆیە بۆ نەخۆشەکانی تالاسیمیا و هەر حاڵەتێکی پێویست و فریاگوزاری. بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی کۆیە سوپاسی بەدەمەوەهاتنی هێزەکانی پێشمەرگەی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم هەڵمەتە کاریگەرییەکی گەورەی لە ڕزگارکردنی ژیانی زۆر نەخۆش هەبووە، بە تایبەتی منداڵانی تووشبووی تالاسیمیا کە بەردەوام پێویستیان بە خوێنە.

## نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دروستکردنی ژینگەیەکی باشتر بۆ پەروەردە

پێشمەرگە بە شێوەیەکی چالاک بەشداریی لە خزمەتگوزاری بۆ فێرخوازان لە قوتابخانەکاندا کردووە، وەک: هەڵمەتی هۆشیاری، دابینکردنی کەرەستەی فێرکاری و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان.

تیمێکی وەرشەی فەوجی ١ی لیوای ٢٢ی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی



قوتابخانەی گوندی کەوەڵەی سەر بە ناحیەی لەیلانی کرد بە مەبەستی چاککردنەوەی کارەبایی و کورسی قوتابیانی قوتابخانەی گوندەکە. تیمی تەکنیکی ئەم لیوایە سیستەمی کارەباییان نۆژەنکردەوە و ٣٠ کورسیی خوێندکارانیان چاککردەوە کە شکابوون و بۆ بەکارهێنان نەدەشیان.

مامۆستایان و فێرخوازانی قوتابخانەی گوندی کەوەڵە سوپاس و دەستخۆشیان ئاڕاستەی تیمەکەی لیوای ٢٢ی پیادە کرد و ئاماژەیان بەوە دا کە وێڕای پاراستنی گوندەکەیان لە تیرۆریستان، ئەمڕۆ خزمەتیان بە قوتابیان کردووە و ژینگەی فێربوونیان باشتر کردووە. بوونی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە ناوچەکەدا بە گرنگ زانی.

## دابینکردنی خزمەتگوزاریی سەرەتایی بۆ خوێندکاران

لە هاوکارییەکی نموونەییدا لەگەڵ کرانەوەی وەرزی نوێی خوێندن، بەشی هۆشیاریی نیشتیانی لیوای ٢ی پیادە بە فەرمانی فەرماندەی لیوا، هاوکاری مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەی گوندی دووشیوانی سەر بە ناحیەی قوشتەپەیان کرد کە ئەم هاوکارییە بریتی بوو لە دابینکردنی ئاوی پاک بۆ قوتابخانەکە و شۆردنی هەموو پۆلەکان پێش دەستپێکردنی وەرزی خوێندن.

پێشمەرگەکان ٢٠٠٠ لیتر ئاوی پاکیان بۆ قوتابخانەکە گواستەوە و ١٢ پۆل و هۆڵیان بە تەواوی شۆرد و پاککردەوە. مامۆستایان وێڕای دەستخۆشی، سوپاسی ئەم هاوکارییەیان کرد و ڕوونیانکردەوە کە ئەم کارانە کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر دەروونی قوتابیان هەیە و بۆ خوێندن لە ژینگەیەکی پاک و خۆشدا هانیان دەدات.

## خزمەتگوزاریی سەرتاشی

لە دەستپێشخەرییەکی جوان و سەرنجڕاکێشدا، چەند پێشمەرگەیەکی لیوای ٢ی پیادە کە شارەزای سەرتاشین، سەردانی قوتابخانەی گوندی ڕۆڵکەی سەر بە ناحیەی بێستانەیان کرد بە مەبەستی سەرتاشینی قوتابیانی قوتابخانەکە. ٨٥ قوتابی سوودیان لەم خزمەتە وەرگرت.

مامۆستایان و ئیدارەی قوتابخانەی گوندەکە دەستخۆشیان بۆ ئەفسەر و پێشمەرگەکانی لیوای ٢ی پیادە هەبوو و ئەم جۆرە هاوکاری و پەیوەندییەیان لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی گوندەکان بە گرنگ زانی. ئەم دەستپێشخەرییە جوانەی پێشمەرگەی کوردستان دەرخەری ڕۆڵی فراوانی پێشمەرگەیە لە خزمەتی کۆمەڵگە کە سەرەڕای ئەرکە سەربازییەکان، وەک پردێک بۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵتر لەگەڵ هاووڵاتیانی مەدەنی کوردستان هەنگاو دەنێت.

ئەم کارانە نەک تەنها خزمەتگوزارییەکی سادەن، بەڵکو پەیامێکی قووڵە بۆ منداڵان کە پێشمەرگە هەمیشە چاویان لێیانە و خەمخۆریانن، ئەمەش ڕێزی پێشمەرگە لە دڵی منداڵان و خێزانەکانیاندا زیاتر دەکات.

## ڕۆڵێکی گەورە لە داهاتوویەکی گەش

ئەم چالاکییانە نیشانەی ئەوەن کە هێزی پێشمەرگە نەک تەنها لە مەیدانی جەنگدا کاریگەری هەیە، بەڵکو وەک هاوپەیمانییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە بەرهەمهێنانی داهاتوویەکی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان بەشدارێکی کارایە.

چالاکییە ژینگەیی و مرۆییەکانی هێزی پێشمەرگە نیشانی دەدات کە ئەم هێزە تەنها بەرپرسیارێتی سەربازی نییە، بەڵکو ڕۆڵێکی گەورەی لە خزمەت بە کۆمەڵگە و پاراستنی ژینگەدا هەیە. ئەم دەستپێشخەرییانە وێنەیەکی ئەرێنی دەکێشن لەوەی پێشمەرگە وەک هێزێکی بەرپرسیار و خزمەتگوزار، گرنگی بە ژیانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە دەدات. پێشمەرگە سەلماندوویەتی کە نەک تەنها پاسەوانی سنوورە، بەڵکو پاسەوانی داهاتوو و ژینگە و ژیانیشە. لافاوەکەی ئەم دوییەی قەزای چەمچەماڵ و دەوروبەری و بەهاناوە چوونی هاولاتیان، جارێکی دیکە سەلماندییەوە کە پێشمەرگە بەتەنیا لەسەنگەری پێشەوەی بەرگرییە نییە بەڵکو لە هەموو دۆخە ناهەموارەکاندا ئامادەی جێبەجێکردنی ئەرکە مرۆییەکانە، لەم بارەیەوە یەکەکانی فیرقەی ٢، بەرگری و فریاکەوتن و کۆماندۆ، ڕۆڵێکی جوامێرانەیان بینی گیانی زۆرێک لەوانەیان ڕزگارکرد کە نزیکبوونەوە لە مردن.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

شەهیدی فەرماندە

### لە بناری پیرمام و گڕاوەوە بۆ گوڵاڵەی گڕو بڵێسە

ئامادەکردنی: ئەحمەد مەلاشێخ

# شەهیدی فەرماندە عەمید سەرباز گڕاوی



شەهیدی فەرماندە عەمید سەرباز گڕاوی لە بناری چیای سەفینی بەنی پیرمامەوە، لە گەرمەی شۆڕشی کوردان، لە گوندە جوان و سەرکەشەکەی گڕاو لە خێزانێکی جووتیاری کوردپەروەر لەدایک بوو. لەگەڵ گەشە و گەورە بوونی لە ناو بۆمبارانی تانک و فڕۆکە و تۆپخانەکانی دوژمنانی کورد، هەرزوو گیانی کوردبوون و نیشتمانپەروەری لە ناخیدا چەکەرەی کرد. غەدر و ناسۆری نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول هێندەی تر گیانی بەرخۆدانی لە ناخیدا چەسپاند. شەهیدی فەرماندە سەرباز گڕاوی هێندە شێلگیرانە بە شۆڕش و بەرخۆدانەوە سەرسام بوو، هەرزوو ئامادەیی هەموو قوربانییەک بوو، بە شەهیدبوونیشەوە.

**ناسنامە و خەباتی شاخ**

ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا ئیبراهیم محەممەد)، ناسراوە بە (سەرباز گڕاوی) یە، لە ڕۆژی ١٩٧٠/٦/١ لە گوندی گڕاوی بناری پیرمام (سەری ڕەش)ی چیای سەفین لە خێزانێکی جووتیاری کوردپەروەر لەدایک بوو. هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە، ئەو کاتەی پۆلی چواری ئامادەیی بوو، بەهۆی گوشاری توند و دڕندانەی بەعسییەکان بەرامبەر بە





گەلانی عێراق بەگشتی و لاوانی کورد بە تایبەتی، وازی لە خوێندن هێنا و ملی دایە خەباتی شاخ. لە فێرگەی شۆڕشی نوێدا بووە خوێندکاری نیشتمانپارێزی و تێکۆشەری ڕزگاریی نیشتمان. لە ئایاری ١٩٨٥ چەکی شەرەفی کردە شان و لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بووە بە پێشمەرگە. یەکێک بووە لە پارتیزانە کاراکانی دوای ئەنفال و تا ڕووخاندنی گوندەکان لە پێشمەرگایەتی بەردەوام بووە و بەشداریی لە چەندین شەڕی قارەمانانەدا کردووە.

## ڕاپەڕینی ١٩٩١ و بەشداریی قارەمانانە

لە ساڵی ١٩٩١ پەیوەندیی دەکاتەوە بە شانە چەکدارەکانی برووسک و لە ئازادکردنی شاری هەولێر لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی کاریگەر و قارەمانانەی دەبێت. لە کۆڕەوەکەدا، لە داستانی شارۆچکەی کۆیە، بەرگرییەکی قارەمانانە دەکات. شەهید سەرباز لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا سێ جار بریندار بووە.

## ڕۆڵ و قۆناغەکانی ئەرکی فەرماندەیی

لە ساڵی ١٩٩٩ دەچێتە خولی ئەفسەرانی قەڵاچوڵان و بە سەرکەوتوویی پلەی ملازم وەردەگرێت. لە ملازمەوە تا عەمید، هەموو پلە سەربازییەکانی سەرکەوتووانە بڕیوە. لە ساڵی ٢٠٠٠ برایەکی گەورەی لە شەڕی بەرگری لە کوردستان بەناوی (محەممەد گڕاوی) شەهید بوو، ئەم کارەساتە گەورەیە گیانی بەرخۆدان و تێکۆشانی زیاتری پێ بەخشی.

لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆربەی پلەکانی بە لێهاتوویی خۆی بڕیوە و لە ساڵی ١٩٩١ بووە بە فەرماندەیی کەرت، لە ساڵی ١٩٩٣ بووە بە فەرماندەی تیپ، لە ساڵی ١٩٩٦ فەرماندەیی هێز و دواییش لە ساڵی ١٩٩٨ جێگری فەرماندەی لەشکر، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە جێگری بەڕێوەبەری بنکەی مەشقی دۆڵە بەفرە. لە ساڵی ٢٠٠٨ گواستراوەتەوە بۆ ناو سوپای حکومەتی عێراقی فیدراڵ و بووە بە فەرماندەی فەوجی (١١)ی کۆمپانیای نەوتی باکوور بۆ ماوەی پێنج ساڵ. لەم ئەرکەدا بەردەوام بووە و ئەم پۆستە بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لەسەر شان دادەنا لە پارێزگاری و پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور.

## گەڕانەوە بۆ پێشمەرگە و بەرەنگاربوونەوەی داعش

دوای پێنج ساڵ خزمەت لە حکومەتی فیدراڵ، گەڕایەوە ناو (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) لە هێزەکانی (٧٠) و درێژەی بە خزمەت دا. لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە ئەندامی لیوای ١٢٤ی باڵەک. شەهید سەرباز هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی شەمشەمە کوێرەکانی داعش لەگەڵ لیواکەیان، میحوەری گوڵاڵەیان پێ دەسپێردرێت و قارەمانانە شارۆچکەی گوڵاڵە لە چەتەکانی داحش پاک دەکەنەوە.

## شەهادەت لە گوڵاڵە

زۆر بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠١٤/٧/٢٤، لە ئازادکردنی گوڵاڵە، دوای شەڕێکی دەستەو یەخە، لە بەرگرییەکی قارەمانانەی بێ وێنەدا شەهید دەبێت و بۆ دواجار ماڵئاوایی لە خۆشەویستانی دەکات و دەبێتە سونبوڵ و سەردەستەی شەهیدە فەرماندەکان. ئەمەش ئەو شەرەفەی پێبەخشی کە لە سەرەتای پێشمەرگایەتییەوە خۆی بۆی ئامادە کردبوو.

## میرات و یادی نەمر

شەهیدی فەرماندە عەمید سەرباز گڕاوی لە دوای خۆی پێنج کوڕی بۆ نیشتمان جێهێشتووە بە ناوەکانی: شامێر، خۆشەنگ، خۆشمێر، خۆشەوی، شاد.

سڵاو و درود بۆ شەهید عەمید سەرباز و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



## شەهیدی زیندوو

# کاتێك ڕۆح لە جەستە بەهێزترە

ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد مەلاشێخ

# وشیار عەزیز کەریم

## ئەو پێشمەرگەیەی بە زامی سەختەوە خۆڕاگرانە لەسەر پێی خۆی وەستا

**منداڵێک لە دەشتەکانی هەولێر**

چیرۆکی قارەمانی ئەم جارەمان بەسەرهاتی پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێری ئەم نیشتمانە، کاک وشیار عەزیز کەریم-ە. لە ناو زۆرگ و دەشتەکانی پیرە هەولێر، لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر و چەوساوە، کە بریندارى مێژوویەکی پڕ ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی بوو، لە باوەشی دایک و باوکێکی ماندووی میهرەبان، منداڵێکی چاوگەش لە ١٩٨١/١٢/٢ لەدایک بوو و پێ نایە ناو ئەم ژیانە پڕ لە ناسۆرە. ناوی لێنرا وشیار، بە ئومێدی ئەوەی ببێتە وشیارێک بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

**لە کارکردنەوە بۆ پێشمەرگایەتی**

بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەتی خێزانەکەی، وشیار تەنها چەند ساڵێک توانی لە خوێندن بەردەوام بێت. ناچار بوو بەو تەمەنە بچووکەوە بخرێتە بەر ئەرکی گرانی کارکردن بۆ دەستگیری و بژێوی خێزانەکەی. لە ساڵی ١٩٩٨دا، چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی کردە شان و بووە یەکێک لە پارێزەرانی خاک و نیشتمان لە سوپای ڕزگاری و لە جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگایەتی بە دڵسۆزییەکی سەرسوڕهێنەرانە بەردەوام بوو. دواتر گوازرایەوە بۆ فەرماندەیی سلێمانی یەکەی ٤٨. لە زۆربەی کوردستان ئەرکی پێشمەرگایەتی بینیوە، هەر لە خانەقینەوە تاکو هەولێر، بە دڵسۆزی و ئامادەیی تەواوەوە خزمەتی نیشتمانەکەی کردووە.

**تەقینەوەی گوێر- مەخموور و بریندار بوونێکی قورس**

لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٢٥، لە سەختترین ڕۆژەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی داعشی تیرۆریست لە میحوەری گوێر-مەخموور، بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلەکەیاندا تەقییەوە. وشیار بە سەختترین شێوە بریندار بوو و زیانێکی گەورەی بەرکەوت. لە ئەنجامی ئەم تەقینەوە کارەساتبارە، قاچ و چاو و گوێی چەپی بەتەواوی لەدەست دا، دەستی چەپیشی زەبری گەورەی بەرکەوت و تاکو ئێستاش وەک پێویست کار ناکات. هەموو جەستەی دەیان پارچەی تێدا بەجێماوە، و بە بڕیاری لیژنەی پزیشکی، ڕێژەی کەمئەندامییەکەی ٩٥٪ـە.

**خێزانێک لە پشت قارەمانێک**

کاک وشیار عەزیز کەریم خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە: دوو کچ و دوو کوڕ بە ناوەکانی ڕۆژین، ڕەیان، ئەمین و ئەحمەد. ئێستا لە کەسنەزان دەژین. چنار خانم، هاوسەرەکەی، بە بوێری و لێهاتوویی هەموو ئەرک و قورساییەکانی ژیانی خێزانی گرتووەتە ئەستۆی خۆی و بە میهرەبانی و لێبوردەییەوە خزمەت بە هاوسەرە قارەمانەکەی و منداڵەکانی دەکات.

**ئەوینێکی بەردەوام بۆ نیشتمان**

سەرەڕای ئەو برینە قووڵانەی بەری کەوتووە و ئەو ئازارانەی بەرگەی گرتووە، کاک وشیار بە بڕوایەکی بەرزو پۆڵاینەوە ئێستاش نیشتمانەکەی خۆش دەوێت و ئامادەی قوربانیدانی زیاتریشە بۆ کوردستان. ئەو پێشمەرگە خۆنەویستە نموونەیەکی ڕاستەقینەی سەربەرزی، بەرگری و فیداکاریی پێشمەرگەیە کە لەگەڵ ئەوەی جەستەی بە توندی بریندار بووە، بەڵام بە ڕۆحێکی بەهێز و ورەیەکی بەرزەوە دەڕوانێتە ژیان.

هیوای تەندروستی و ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ کاک وشیار و خێزانەکەی دەخوازین و سوپاسی ئەم قارەمانە دەکەین بۆ هەموو ئەو قوربانییانەی بۆ کوردستان بەخشیویەتی.

## چیرۆکی سەرکەوتووەکان

# لە ئاوارەییەوە بۆ خوێندن لە کۆلێژە جیهانییەکان



● ئامادەکردنی: هیوا فاتیح

لە جیهانێکی پڕ لە کێشە و ئاستەنگدا، هەندێک کەس هەن کە ناتوانن دەستبەرداری خەونەکانیان بن. موقەدەم روکن رەحمان سۆرکان سلێمان، یەکێکە لەو کەسانەی کە چیرۆکی ژیانی دەیسەلمێنێت کە هیچ دەستپێکێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زۆر سەخت نییە. ئەم ئەفسەرە کوردە کە ژیانی لە ئاوارەیی دەستی پێکرد، ئەمڕۆ خاوەنی چەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی لە بواری سەربازییە. ئەو بە شێوەیەکی پیشەیی و ئاکادیمیانە ئەرکی سەربازیی خۆی جێبەجێ دەکات و نموونەیەکی ڕوونە بۆ نەوەی داهاتووی کوردستان. چیرۆکی ئەو، چیرۆکی خۆ تەرخانکردن بۆ تێکۆشان و خوێندنە و بۆ ئەوەی بزانین چۆن منداڵێک لە ئاوارەیی دەتوانێت ببێتە ئەفسەرێک کە لە باشترین کۆلێژە سەربازییەکانی جیهان ماستەر بەدەست بهێنێت و ناوی کوردستان بەرزبکاتەوە.

### دەستپێکی ژیان - لە ئاوارەییەوە تا کوردستان

لە ساڵی ١٩٨٩ لە کاتێکدا کە هەزاران کورد ناچار بوون وڵاتیان جێبهێڵن، موقەدەم روکن رەحمان سۆرکان لە ئاوارەیی و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ لە دایک بوو. چوار ساڵی یەکەمی ژیانی دوور لە خاکی کوردستان بەسەر برد، تا گەیشتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣دا، خانەوادەکەی بە یەکجاری گەڕانەوە کوردستان و لە زێدی باب و باپیرانیان لە دەڤەری بارزان دەستیان بە ژیانێکی نوێ کردەوە. ئەوێ موقەدەم روکن رحمانی فێری وێنەی ڕاستەقینەی ئازایەتی و شۆڕشگێڕی کرد.

### سەرەتای خوێندن (١٩٩٥-٢٠٠٦)

لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کرد و لە ساڵی ٢٠٠٦دا خوێندنی ئامادەیی تەواوکرد، بەڵام خەونی ئەو لە قوتابخانە نەبوو، بەڵکو خەونی بوون بە پێشمەرگە بوو، هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزوویەکی زۆری هەبوو بۆ ئەوەی ببێت بە پێشمەرگە، دەیویست لە ناو ڕیزەکانی ئەفسەرانی کوردستان خزمەت بە گەل و وڵات بکات. ئەوە بوو لە ساڵی ٢٠٠٦دا پەیوەندیی بە ئەکادیمیای سەربازیی زاخۆ کرد و بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خوێندن و مەشق و ڕاهێنانی سەربازی بەردەوام و یەکێک لە قوتابییە زیرەکەکانی خولی ١٢ بوو، توانی پلەی یەکەم لە توانای جەستەیی لەسەر ئاستی خولەکە بەدەست بهێنێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ پلەی ملازمی دووەمی پێدرا.

**ئەمە تەنها سەرەتای گەشتێکی درێژ بوو، تاقیکردنەوە لە مەیدانی شەڕدا**

### سوپای عێراق - مووسڵ (٢٠٠٨-٢٠٠٩)

یەکەم ئەرکی سەربازی، لە فیرقەی ٢ لە شاری مووسڵ پێ سپێردرا. ئەمە کاتێک بوو کە عێراق هێشتا لە ناو ئاگری شەڕدا بوو دژ بە گروپە تیرۆریستییەکان. لەوکاتەدا بەشداری لە خولی ڕشتەی هەواڵگری لە بەغدا کرد و بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویەوە، کرایە ئەندامی ژووری شیکاری لەسەر ئاستی فیرقە و بەشداری چەندین ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆریستان کرد، بۆیە سوپاس و پێزانینی لە فەرماندەی هەواڵگریی فیرقەی دووی سوپای عێراق وەرگرت.

**گواستنەوەی خزمەتی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە ساڵی ٢٠٠٩**

لە ساڵی٢٠٠٩دا بە ئەزموونێکی سەربازیی باشەوە گوازرایەوە بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و وەکو پێشمەرگە و ئەفسەرێک شانبەشانی ئەفسەرانی تر دەستی بە خزمەتکردن کرد و چەندین پلە و پایەی لە یەکە سەربازییە جیاوازەکان پێ سپێردرا.

**شەڕ دژ بە داعش - تاقیکردنەوەی ڕاستەقینە**

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

تیرۆریستانی داعشەوە تا لەناوچوونیان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، بەشداری چەندین ئۆپەراسیۆنی لە میحوەرەکانی: ناوەران، بادۆش، سەددی مووسڵ و داستانی پردێدا کرد، لەم شەڕانەدا وەک ئەفسەرێکی بوێر ڕۆڵی هەبوو.

**ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرگایەکی نوێ بۆ خوێندن ساڵی ٢٠١٩**

بەهۆی زیرەکی و لێهاتووییەوە، لە ساڵی ٢٠١٩ لە چوارچێوەی پلانی مەشقی هێزەکانی هاوپەیمانان، بەشداری خولێکی سەربازی لە ئەمریکا و لە سەربازگەی Lackland لە تێکساس و پەیمانگای Defense Resources Management Institute لە کالیفۆرنیا کرد. ئەم دوو شوێنە لە گرنگترین سەربازگە و پەیمانگەکانی ئەمریکان کە ساڵانە سەدان ئەفسەری ئەمریکی و وڵاتانی تری جیهان بەشداری تێدا دەکەن. توانی بڕوانامەی دیپلۆمی زمانی ئینگلیزی لە تێکساس و بڕوانامەی خولی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان لە کالیفۆرنیا بەدەست بهێنێت.

**بەریتانیا - لووتکەی سەرکەوتن (٢٠٢٤)**

لە ساڵی ٢٠٢٤دا، لە چوارچێوەی پلانی مەشقی هێزەکانی هاوپەیمانان و پشتگیرییەکانی بەریتانیا، بەشداریی خولی ٢٨ی کۆلێژی فەرماندەیی و ئەرکانی پێشکەوتووی بەریتانیای کرد. ئەم کۆلێژە یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆلێژەکانی پەروەردەی سەربازی لە بەریتانیا و تەواوی جیهان، ئامانجی ئامادەکردنی ئەفسەرانە بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی باڵا لەڕووی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانی و نێودەوڵەتی. وەرگیران لەم کۆلێژە زۆر سەختە هەر ئەفسەرێک لەسەر چەند پێوەرێکی گرنگ دیاری دەکرێت: چ ئەزموون و لێهاتوویەکی هەیە؟ چ سوودێکی دەبێت بۆ بەریتانیا و وڵاتی خۆی؟ چۆن دەتوانێت زانست و ئەزموونەکەی بگەیەنێتەوە بە هێزەکانی خۆی؟

> ئەم چیرۆکە پەیامێکە بۆ هەموو لاوانی کوردستان: «گرنگ نییە لە کوێوە دەست پێدەکەیت، گرنگ ئەوەیە بۆ کوێ دەچیت. دەرفەتەکان بۆ ئەوانەیە کە ئامادەن بۆ خوێندن و تێکۆشان.




## سەفەری زانستی .. دەرچەیەك بۆ خوێندن لە ئیتاڵیای ئەندامی ناتۆ

لە چوارچێوەی پلانی خوێندندا، سەردانی وڵاتی ئیتاڵیای کرد کە وەک ئەندامێکی گرنگی ناتۆ ڕۆڵێکی گرنگی لە مەشقەکانی ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا هەیە. گرنگیی خولەکە، بۆ تێگەیشتن لە پرس و کێشەکان و ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان و بەرگرییەکانی ئیتاڵیا بوو تا لەو ڕێیەوە، فێربن کە چۆن بەشێوەیەکی کاریگەر هێزە نیشتمانییە جیاوازەکان لەناو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەماهەنگ دەکرێن. لەو خولەدا، بەشداری لە چەندین وانە لەلایەن ئەفسەرانی پلە باڵای شارەزا و پانێلێک لەگەڵ وەزیری بەرگریی ئیتاڵیا و ڕاوێژکارانی ناتۆدا کرد کە تێیدا باس لە چۆنیەتی ئامادەکاری ناتۆ بۆ بەرپەرچدانەوەی ڕووسیا کرا، هەروەها گەشتێکی زانستی سەربازییان بۆ وڵاتی ڤێتنام ئەنجامدا و سەردانی شارەکانی (هانۆی، سایگۆن)یان کرد و تێگەیشتن لەوەی چۆن وڵاتی ڤێتنام توانای بەرگریی خۆی بنیات ناوە و چۆن توانی بە سەرکەوتوویی بەرەنگاری وڵاتێکی زلهێزی وەک ئەمریکا ببێتەوە و لە ئێستاشدا، چۆن لە بەهێزکردنی ئاسایشی نیشتمانی لە ڕێگەی پلاندانانی ستراتیژی و هاوبەشی ناوچەیی بەردەوامە.

## بەرپرسیارێتی نیشتمانی و ناساندنی کوردستان بە جیهان

موقەددەم ڕوکن ڕەحمان سۆرکان لە ماوەی خوێندنی لە دەرەوەی وڵات، زۆر بە جدی کاری لەسەر ناساندنی میللەتی کورد و دۆزی نەتەوەیی کورد کردووە، ناساندنی

ئازایەتی پێشمەرگە و باسی ئازایەتی و چاونەترسی پێشمەرگە قارەمانەکانی کرد و بە تایبەت تیشکی خستە سەر شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و ڕۆڵی پێشمەرگەی لە پاراستنی نەک تەنها کوردستان، بەڵکو بەشێکی بەرچاوی عێراق بۆ ئامادەبووان ڕوونکردەوە و هەروەها ناساندنی کولتووری جوانی میللەتی کورد و ناساندنی سروشتی جوانی کوردستان و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاجیاکان لە هەرێمی کوردستانی خستە بەر دیدەی ئامادەبووان.

## وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر

ماستەرنامەکەی موقەددەم روکن ڕەحمان، جێگەی سەرنجی هەموو ئەفسەر و قوتابیانی خولەکە بوو، بابەتەکەی بریتی بوو لە: «هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و پاڵپشتی ستراتیژی و ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی هاوپەیمانان شانبەشانی هێزەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش لە هەرێمی کوردستانی عێراق». ئەم ماستەرنامەیە نەک تەنها دەستکەوتێکی زانستی بوو، بەڵکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بوو کە ڕۆڵی پێشمەرگە و کوردستانی لە یەکێک لە گرنگترین شەڕەکانی سەدەدا تۆمارکرد.

موقەددەم روکن ڕەحمان سۆرکان توانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سەربازی لە وڵاتی بەریتانیا بە پلەی زۆر باش بەدەست بهێنێت. لە ڕێوڕەسمی کۆتایی، موقەددەم روکن ڕەحمان خەڵاتێک کە وێنای سیمبولی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی دەکرد، پێشکەش بە فەرماندەی کۆلێژی فەرماندەیی و ئەرکانی پێشکەوتووی بەریتانیای کرد کە ئەم کردەوەیە نیشانەی شانازیی بە نیشتمان و ڕێز بۆ پێشمەرگە بوو. لە بەرامبەردا، فەرماندەی کۆلێژەکە سوپاسگوزاری خۆی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی و پشتیوانی کۆلێژی ئەرکانی بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی دووپات کردەوە.

لە ساڵی ٢٠٢٥دا گەڕایەوە هەرێمی کوردستان و لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوازێکی ئاکادیمیانە درێژە بە ئەرکی سەربازی خۆی دەدات.

## پەیامێك بۆ نەوەی داهاتوو

چیرۆکی موقەددەم روکن ڕەحمان چیرۆکی سەرکەوتنی ئیرادەیەکی بەهێزە بەسەر هەموو کێشەیەکدا، ئەو منداڵەی کە لە ئاوارەیی لە دایک بوو، ئەمڕۆ لە یەکێک لە بەناوبانگترین کۆلێژە سەربازییەکانی جیهان بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە، ئەمە سەلماندنی ئەوەیە کە هیچ دەستپێکێک زۆر سەخت نییە و خوێندن و تێکۆشان دەرگای گەیشتن بە هەموو ئامانجێک دەکاتەوە و شانازیی بە نیشتمان هێزێکی گەورەیە. ئەم چیرۆکە پەیامێکە بۆ هەموو لاوانی کوردستان: «گرنگ نییە لە کوێوە دەست پێدەکەیت، گرنگ ئەوەیە بۆ کوێ دەچیت. دەرفەتەکان بۆ ئەوانەیە کە ئامادەن بۆ خوێندن و تێکۆشان. هەر ئاوەدان کوردستان.







hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# دەروازەی هۆشیاری

نیشتمانی.. سەربازی .. زانیاری جۆراوجۆر..



**تەوەری ژمارە**

# عەقیدەی سەربازی

## پەروەردە ، راهێنان ، شەڕ و ستراتیژییەت

## پێشمەرگە و عەقیدەی سەربازی بنەمایەك بۆ ناسنامەی نیشتیمانی .. نەخشەڕێگایەك بۆ دامەزراوەیی کردن و دارشتنی پلانی بەرگریکردن

ئا : عقید قارەمان مەهدی

عەقیدەی سەربازی تەنها کۆمەڵێک یاسا نییە، بەڵکو روحی هێزە چەکدارەکانە و زامنی بە دامەزراوەیی بوونیانە. ئەم عەقیدەیە وەک دەستوورێکی فیکری و ستراتیژی وایە، کە بنەماکانی پەروەردە، راهێنان و ئاراستەکردنی گشتی سوپا دیاری دەکات. بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ سەروەرییە، ئەمڕۆ ساتەوەختی وەرچەرخانە بەرەو سوپایەکی مۆدێرن. پێشمەرگە لەم قۆناغەدا پێویستی بە عەقیدەیەکی نووسراو و نیشتمانی هەیە کە لەسەر بنەمای زانستی سەربازی و واقیعی کوردستان دارێژرابێت. دارشتنی ئەم عەقیدەیە دەبێتە نەخشەڕێگایەک بۆ رێکخستنەوەی تواناکان و دروستکردنی ناسنامەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو بۆ پێشمەرگە، تاوەکو ببێتە سوپایەکی دامەزراوەیی و بەرگریکار لە خاک و خەڵک و دەسکەوتەکانی کوردستان.

عەقیدەی سەربازی بریتییە لە کۆمەڵێک بنەما، ڕێسا و ڕێنمایی ستراتیژی گشتگیر کە دەوڵەت و قەوارە سیاسییەکان بۆ هێزە چەکدارەکانیان دایدەڕێژن. ئەم عەقیدەیە وەک دەستوورێکی فیکری، تەکنیکی و ستراتیژی وایە کە چوارچێوەیەکی هزری و ئاراستەیەکی گشتی بۆ سوپا دیاری دەکات، بە مەبەستی ڕێکخستنی توانا مرۆیی و تەکنیکییەکان، چۆنیەتی ئامادەبوون، ڕاهێنانەکان، پرۆسەکانی هۆشیاری و بەرزکردنەوەی توانا هزری و ورەییەکان، هەروەها بەکارهێنانی چەک و لۆجیستی، هێز لە کاتی جەنگ و ئاشتیدا.

## بنەماکانی عەقیدەی سەربازی

عەقیدەی سەربازی لەسەر بنەمای مێژوو، جوگرافیا، توانای مرۆیی، ئەرک و بەرپرسیارێتیە نیشتیمانیەکان، بیروباوەڕ و ئامانجە سەربازییەکان و هەڕەشە ئەمنییەکان دادەڕێژرێت و وەڵامی پرسیارە مەبدەئی و ستراتیژییەکان دەداتەوە، وەک:

- بۆچی چەکمان هەڵگرتووە؟
- ئەرکە نیشتیمانی و سەربازییەکانمان چین؟
- بۆچی بەرگری دەکەین؟
- چۆن شەڕ دەکەین؟
- کێ دوژمنە و چۆن دەستنیشان دەکرێت؟
- ڕێگەکانی بەهێزبوون ، ورەبەرزی ، خۆڕاگری و سەرکەوتن کامانەن؟

## ئامانج لە عەقیدەی سەربازی

ئامانجی سەرەکی عەقیدەی سەربازی تەنها بەرگری و شەڕکردن نییە، بەڵکو ڕێکخستنی شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی سوپایە، دروستکردنی هێزێکی ڕێکخراو، یەکگرتوو و ئامادەیە کە بتوانێت بە کەمترین زیان و باشترین شێواز سەرکەوتن بەدەست بهێنێت یان ئاشتی بپارێزێت.

بۆ ئەوەیە کە هەموو فەرماندە و سەربازەکان خاوەنی یەک تێگەیشتن بن بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەرکەکان. کاتێک هەمووان لەسەر یەک عەقیدە بن، لە کاتی جەنگدا بێ ئەوەی پێویست بە فەرمانی ورد هەبێت، هەمووان دەزانن چۆن بڕیار بدەن و بە چ ئاڕاستەیەک بجوڵێن.

عەقیدە دیاری دەکات کە سوپا چۆن شەڕ دەکات. ئایا سوپایەکی هێرشبەرە یان بەرگریکار ؟ ئایا پشت بە تەکنەلۆژیا دەبەستێت یان ژمارەی زۆری سەرباز؟ ئەمە یارمەتیدەرە بۆ پلاندانانی دروست.

هەروەها عەقیدەی سەربازی ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بە سیاسەتی وڵاتەوە. ئامانجی ئەوەیە هێزە سەربازییەکان بە جۆرێک ڕێکبخرێن کە بتوانن بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و خاک و هاوڵاتیان بپارێزن.

لەلایەکی تریشەوە یەکێک لە ئامانجە گرنگەکان ئەوەیە کە سوپا خاوەنی عەقیدەیەکی بەهێز بێت تا دوژمنان بترسێنێت و نەوێرن هێرش بکەن. واتە ئامادەبوون بۆ جەنگ، بۆ ئەوەی جەنگ ڕوونەدات.

هاوکات عەقیدە دیاری دەکات کە سەربازەکان دەبێت چۆن مەشق بکەن و چ جۆرە چەکێکیان هەبێت.

عەقیدە یارمەتی سوپا دەدات کە بە ڕوونی بزانێت دوژمن کێیە؟ و سروشتی مەترسییەکان چین (تیرۆر، داگیرکاری دەرەکی، یان ئاژاوەی ناوخۆ) و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

## گرنگی و کاریگەرییەکانی عەقیدەی سەربازی

عەقیدەی سەربازی تەنها نووسراوێک نییە، بەڵکو ڕوحی سوپایە و چەندین کاریگەریی گرنگی هەیە:

بناغەی ناسنامە: عەقیدە پێوەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ پێناسەکردن و دیاریکردنی خەسڵەتە نیشتیمانی و زانستیەکانی سوپا.

سەرچاوەی پەروەردە و ئاراستەکردن: سەرچاوەی سەرەکییە بۆ مەشق و ڕاهێنانەکان و ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی هزری نیشتمانی و ئاراستەکردنی توانا فیکری و جەستەییەکانی سەرباز.

پڕکردنەوەی بۆشایی ستراتیژی: نەبوونی عەقیدەیەکی ڕوون، بۆشاییەک دروست دەکات کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ناسنامە و ئامانجەکانی سوپا دەبێت.

بەهێزکردنی ئیرادە: چەک و تەکنەلۆژیا بەبێ باوەڕێکی دامەزراو بەهای نییە؛ عەقیدە خۆراکی فیکریە کە ورە و ئیرادەی پۆڵایین بە سەرباز دەبەخشێت.

یەکخستنی تێگەیشتن: دڵنیایی دەدات کە هەموو پێکهاتەکانی سوپا (پیادە، ئاسمانی، دەریایی و ...) بە یەک فەلسەفە و شێواز کار دەکەن.

## پرۆسەی ئامادەکردنی عەقیدە

مەبەستە سەرەکییەکانی عەقیدەی سەربازی ئەوەیە ، کە دڵنیایی دەدات کە هەموو پێکهاتەکانی سوپا بە یەک فەلسەفە و یەک شێواز کار دەکەن. بنەمایەکی گشتیە بۆ داڕشتنی پڕۆگرامەکانی ڕاهێنان و فێرکردن. یارمەتی دیاریکردنی جۆری چەک و کەرەستەی پێویست دەدات، شێوازەکانی شەڕکردن لە ئاستی ستراتیژی، ئۆپەراسیۆنی و تاکتیکی دیاری دەکات، ڕێگە بە هێزە سەربازییەکان دەدات کە خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگەی ئەمنی، هەڕەشەکان و تەکنەلۆژیادا بگونجێنن، بەرگریکاری سیاسەت و ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەیان بن.

هەربۆیە داڕشتنی عەقیدەی سەربازی پرۆسەیەکی ئاڵۆز و فرەلایەنەیە و پێویستی بە تێڕوانینی قووڵ ، وردەکاری و دووربینیەکی واقیعیانە و زانستیانە هەیە. لەسەر کۆمەڵێک بنەما دادەڕێژرێت و چوارچێوەیەکی نیشتمانی و سەربازی هەیە و دەبێت ژینگەو کەلتوورێکی زانستیانە بۆ هێزی سەربازی فەراهەم بکات.

## پێشمەرگە و قۆناغی داڕشتنی عەقیدەی سەربازی

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لە شانازی و ناوی پیرۆزی ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ لەپێناو ئازادیدایە، ئەمڕۆ لە قۆناغی گەیشتن بە چوارچێوەی سوپایەکی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

نیشتمانی مۆدێرن و دامەزراوەییدایە. بۆ ئەم وەرچەرخانە، پێشمەرگە پێویستی بە عەقیدەیەکی نووسراو و یاسایی هەیە کە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، نیشتیمانی، یاسایی و زانستی سەربازی و واقیعی کۆمەڵگای کوردستانی و هەروەها بارودۆخە هەمەلایەنەکانی جیهان و ناوچەکە داڕێژرێت.

بەپێی سروشتی دروستبوونی پێشمەرگەو خەباتی مێژوویی و واقیعی ئێستا و ئەو خەسڵەتە سەرەکیەی کە هەرگیز پێشمەرگە مەبەستی هێرشکردنی بۆسەر هیچ وڵات و نەتەوەو کەس و لایەنێک نەبووەو نیە دەکرێت بڵێین، ناونیشانی عەقیدەی سەربازی پێشمەرگە (عەقیدەی بەرگری)یە، واتا لەسەر بنەماو ئامانجی بەرگری دادەڕێژرێت.

لە ئێستادا هێزی پێشمەرگە لە قۆناغی ڕێکخستنەوەو یەکخستن و لە پرۆسەی چاکسازیدایە بەرەو هێزێکی نیشتیمانی و سەرتاسەری و سوپایەکی دامەزراوەیی، بۆیە پێویستیەکی زۆری بە عەقیدەیەکی نوسراو هەیە.

## ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی بوونی عەقیدە

دیاریکردنی ئەرک: ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕو ئینتیما، ئەرک و ئامانجە ستراتیژییەکان، بەرپرسیارێتیە نیشتیمانی و سەربازییەکان ، چۆنێتی بەرگریی و هێرش و پاراستنی سنوورەکان و دامەزراوەکان.

پیشەیی بوون و دیسیپلین: چەسپاندنی ڕەوشتبەرزی، پابەندبوون بە دیسپلینی سەربازی ، بایەخدان بە یاسا نێودەوڵەتیەکانی جەنگ و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە چەمکی پێکەوەژیان.

پەرەپێدان: دەبێتە بنەمایەک بۆ گونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێ و گۆڕانکارییەکان، بۆ ئەوەی سوپا لەسەر شێوازی کۆن نەمێنێتەوەو بەردەوام لە پێشکەوتندا بێت.

## پرۆژەی وەزارەتی پێشمەرگە

وەزارەتی پێشمەرگە بەرپرسیارە لە داڕشتنی ئەم دەستوورو ستراتیژە گرنگە، کە لە ئێستادا کاری لەسەر دەکات.

کارکردن لەسەر داڕشتنی عەقیدە پرۆسەیەکی زانستیەو پێویستە نوسینەوەی عەقیدەکە کەسانی شارەزاو بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان و تایبەتمەندی کوردستان بێت. هەروەها پێویستی بەوە دەبێت لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی و فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە ( سەرۆکایەتی هەرێم) پەسەند بکرێت و لە پەرلەمانی کوردستانەوە بکرێتە یاسا. دواتر وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕێگەی بڕیارو ڕێنمایی، کۆلێژەکانی سەربازیی، بنکەکانی مەشق، خول و سیمینارەوە ئەم عەقیدەیە بکاتە پرۆسەیەکی پەروەردەیی و ڕاهێنان و پرۆسەی هۆشیاریی و تواناو جوڵە سەربازییەکانی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## (بەرگری) روحی عەقیدەی سەربازی بۆ پێشمەرگە

ئاشکرا کە سروشتی عەقڵی تاکی کوردو پێکهاتە کەلتووریەکەی خەسڵەتێکی باڵای ئارام و دوور لە توندوتیژی و رقی هەیە، هەروها کاتێک مێژووی شۆڕش و خەباتی گەلی کوردستان و هۆکارو ئامانجەکەی هەڵدەسەنگێنین دەبینین، کە سەرجەم شۆڕش و خەبەتەکان پاڵنەری داگیراوی و دابەشکردن و چەوساندنەوەو کۆمەڵکوژی هاندەریان بووە ئامانجیش تەنها ئازادی و سەربەستی خاک و خەڵکی ئەم نیشانە ستەملێکراوە بووە، هەرگیز نە لە کەلتورە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکە و نە لە خەباتە رزگاریخوازیەکەیدا کوردو کوردستانیان نیەتی دوژمنایەتی و ئاراستەی هێرش و پەلاماری داگیرکاری و سەرکوتکارییان بەرانبەر هیچ گەل و نەتەوەو پێکهاتەیەک نەبووە. بۆیە لەم پێناسە سادەیەوە دەکرێت بڵێین؛ گونجاوترین ناونیشان ، بنەماکان و ئامانجی عەقیدەی سەربازی پێشمەرگە بریتیە لە (بەرگری).

## ئەنجامی هەبوونی عەقیدەی سەربازی بۆ پێشمەرگە

١. یەکخستنی تەواوەتی: کۆتاییهێنان بەپەرتەوازەیی و دروستبوونی یەک هێزی نیشتمانی سەرتاسەری لەژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەو بەرجەستەکردنی یەک ناسنامەی نیشتیمانی و سەربازی بۆ پێشمەرگەی کوردستان.

٢. بە پیشەیی بوون: هێزەکە دەبێتە خاوەن بنەماو پرۆسەی دیسپلین و سیستەمێکی ستانداردو ناوو سیمای دامەزراوەیانەی سەربازی.

٣. بنیاتنانی هۆشیاریی نەتەوەیی: ئینتیمای پێشمەرگە تەنها بۆ کوردستان و دامەزراوە یاساییەکانی دەبێت.

٤. پێگەی نێودەوڵەتی: پێشمەرگە دەبێتە هاوبەشێکی باوەڕپێکراوتر لە هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکان و شوناسی یاسایی بەهێزتر دەبێت.

٥. سەقامگیری: دڵنیایی زیاتر دەدات لە پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکان و ئایندەی سوپایەک لە بەرگی خاک و نیشتیماندا.

> ”عەقیدەی سەربازی بنەمایەکە بۆ ناسنامەی نیشتمانی دەستوورێکە بۆ پیشەیی بوون و ئامانجی ستراتیژی“

# عەقیدەی سەربازی
# پێناسە و تایبەتمەندیەکانی

عەقیدەی سەربازی زاراوەیەکە زۆرجار تەمومژی لەسەرە و تێکەڵییەک هەیە لە نێوان ئەو چەمکە و ئەرکی پیشەیی هێزەکان. بە کورتی عەقیدەی سەربازی بریتییە لەو ڕێبازەی دەوڵەت دەیگرێتە بەر بۆ بونیادنان و بەکارهێنانی سوپاکەی لە کاتی ئاشتی و جەنگدا. ئەم عەقیدەیە کۆمەڵێک بەها و بنەمای فکرییە کە تیۆرییە سەربازییەکان دادەڕێژێت و ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی عەقیدە واتە باوەڕێکی پتەو کە دڵ لەسەری جێگیر بووە، وشەی سەربازیش ئاماژەیە بۆ هێز و زۆری. کاتێک دەبنە یەک زاراوە مەبەست لێی پڕۆژەیەکی تەواوکارییە کە لە باڵاترین دەسەڵاتی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە سەرباز لە مەیدانی جەنگدا. ئامانجی عەقیدەی سەربازی تەنها جێبەجێکردنی فەرمان نییە، بەڵکو هاندانی داهێنان و دۆزینەوەی چارەسەری نوێیە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا.

## جۆرەکان و ئاستەکانی عەقیدەی سەربازی

بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم بابەتە دەبێت جۆرەکانی لێک جیا بکرێنەوە کە سێ ئاستی سەرەکی لەخۆ دەگرێت

یەکەم: عەقیدەی بنەڕەتی، کە لە ئاستی ستراتیژیدایە و چوارچێوەیەکی فراوانە، ئەم جۆرە کەمتر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سیاسەت و تەکنەلۆژیای لەسەرە و وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ ئاستەکانی تر کار دەکات.

دووەم: عەقیدەی ژینگەیی، کە لە ئاستی ئۆپەراسیۆندایە و هێزە سەرەکییەکانی وەک وشکانی و ئاسمانی و دەریایی دەگرێتەوە. ئەم جۆرە بەستەرێکە لە نێوان ئاستی ستراتیژی و مەیدانیدا و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سیاسەتەوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

سێیەم: عەقیدەی ڕێکخستن، کە لە ئاستی تەعبەوی یان مەیدانیدایە. ئەمە وردترین جۆرە و تایبەتە بە شێوازی جێبەجێکردنی ئەرکەکان لەلایەن یەکە سەربازییەکانەوە. بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مەشق و ئەزموونی ڕۆژانە و چەکە نوێیەکانەوە، زوو زوو گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

## سەرچاوە و بنەماکانی عەقیدەی سەربازی

عەقیدەی سەربازی لە بۆشاییەوە دروست نابێت، بەڵکو چەند سەرچاوەیەکی سەرەکیی هەیە. گرنگترین سەرچاوە عەقیدەی گشتگیری دەوڵەتە وەک ئایین و ئایدۆلۆژیا و ئەو بنەمایانەی سەرکردەکان دایدەنێن. هەروەها مێژووی سەربازی و وانە وەرگیراوەکان لە جەنگەکانی ڕابردوو ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە.

جگە لەمانە، پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و سروشتی ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە شێوەی عەقیدەکە دیاری دەکەن. جوگرافیای وڵات و سەرچاوە داراییەکان و ئەو ئەرکانەی لە ئێستا و داهاتوودا بە سوپا دەسپێردرێن کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە، بۆیە عەقیدەی هیچ وڵاتێک وەک ئەوی تر نییە.

www.aljazeera.net

وەرگێرانی : هۆشیاری





hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# بنەماکانی داڕشتنی عەقیدەی سەربازی کلتوور .. خواستەکانی ئینتیمای نیشتیمانی

ئامادەکردنی : هەژار

یەکێک لە وتە بەناوبانگەکانی ناپلیۆن بۆناپارت ئەوەیە کە دەڵێت، سوپاکان لەسەر سکیان دەڕۆن. هەرچەندە ڕەنگە ئەم وتەیە لە ڕووی دابینکردنی خۆراکەوە ڕاست بێت، بەڵام ئەمە بەس نییە، چونکە هێزە چەکدارەکان بەدڵنیاییەوە پێویستیان بە پێکهاتەی فکری و خۆراکی فکری هەیە کە پاڵیان پێوە بنێت و بیانجوڵێنێت و وایان لێ بکات دەست بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان بکەن و کۆتایی پێ بهێنن، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت عەقیدەی سەربازی.

عەقیدەی سەربازی بریتییە لە کۆمەڵێک بیرۆکە و بەها و دابونەریت و خاڵی دەستپێکی ویژدانی و ئامانج کە سوپا لێیانەوە دەست پێ دەکات بۆ ئەنجامدانی جەنگەکان. هەندێک بەوە پێناسەی دەکەن کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێنمایی سەربازی کە ئەزموونەکان ڕاستییەکەیان سەلماندووە، بۆیە بە شێوەیەکی فەرمی و پابەندکەر لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە پەسەند کراون تا ببنە ڕێنمایی و بەڵگە و ئاراستە و ئامۆژگاری و بنەمای پتەو کە سوپا لێیانەوە دەست بە جەنگ دەکات و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. چەمکی عەقیدەی سەربازی لە دەوڵەتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بەها و بیرۆکە و ئایینەکان و ئەو هۆکارە جوگرافی و ئابووری و سیاسییانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە، هەروەها پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و ململانێی نێوان دروستکەرانی سیاسەت لە سەربازییەکان و مەدەنییەکان و چەندین هۆکاری تر.

عەقیدەی سەربازی تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەوانە ئەوەیە کە سوود و کاریگەری خۆی سەلماندووە دوای ئەزموون و هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێداچوونەوەی خولی، هەروەها بە فەرمی لەلایەن سەرکردایەتییە سەربازییەکانەوە پەسەند کراوە و بووەتە بەشێک لە سیستەمی گشتی سەربازی. تێکەڵەیەکە لە زانست و هونەر، زانست بەو واتایەی کە یاسا و بنەما و پرەنسیپی گشتی هەیە، هونەریش لەو ڕووەوە کە پشت بە ئاراستە و بۆچوونە مرۆییەکان دەبەستێت. هەروەها ئیجتیهادییە و وشک نییە، بەو واتایەی پشت بە دانایی فەرماندەی سەربازی و توانای تێگەیشتنی بۆ دەقە نووسراوەکان و دۆزینەوەی بارودۆخە واقعییە گونجاوەکان دەبەستێت پاشان بۆ بڕیاردانی دروست. یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە کات و زەمەنێکی درێژی دەوێت تا بلورە دەبێت و دروست دەبێت، هەروەها لەگەڵ گۆڕانکارییەکان دەگونجێت بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە شێوەیەکی ڕێژەیی جێگیرە.

بەکارهێنانی عەقیدە سەربازییەکان لەلایەن سوپاکانەوە سوود و قازانجی زۆری بۆیان هەیە، لەوانە ئەوەیە کە یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە هۆکارەکانی ململانێی چەکداریی ئێستا و زەمینەیەکی ڕۆشنبیری هاوبەش بۆ ئەندامانی سوپا لە ئەفسەران و سەربازان و پیشەییەکان دروست دەکات، هەروەها ڕێنماییەک پێشکەش دەکات بۆ بەکارهێنانی هێزە چەکدارەکان لە جەنگدا و کارایی و کاریگەری هێزە چەکدارەکان بەهێز دەکات و یارمەتی فەرماندە و سەربازان دەدات بۆ داهێنانی سەربازی و دەستپێشخەرییە هونەرییە سەربازییەکان.

عەقیدەی سەربازی چەند پێکهاتەیەکی هەیە، یەکەمیان دەسەڵات و سروشتی حوکمڕانییە، کە کاریگەری یەکەمی هەیە لەسەر عەقیدەی سەربازی، چونکە سیاسەتە گشتییەکان و یاساکانی لێوە دەردەچێت و ئامانجە ستراتیژییەکان لێیەوە سەرچاوە دەگرن و هەر ئەویشە هەڕەشەکانی داهاتوو دیاری دەکات و دوژمنان لە هاوپەیمانان جیا دەکاتەوە. هەروەها سروشتی دەسەڵات کاریگەری لەسەر عەقیدەی سەربازی هەیە، ئەگەر دەسەڵات دیکتاتۆری بێت ئەوا هێزە سەربازییەکان ڕەنگە ئامرازێک بن بە دەست دەسەڵاتەوە بۆ لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیی، بەڵام ئەگەر دەسەڵات دیموکراتی بێت هێزە چەکدارەکان ئامانجی گەورەیان دەبێت و ڕۆڵیان کارا دەکرێت لە پاراستنی سنوور و بەرژەوەندییە سیاسییەکان. پێکهاتەی دووەم بریتییە لەو کولتوورەی لە کۆمەڵگادا باوە، چونکە کۆمەڵگا سەرچاوەی بەها و دابونەریتە سەربازییەکانە و بیروباوەڕە ئایینییەکان تێیدا دروست دەبن و ڕێڕەوی پێشکەوتنی تەکنیکی و زانستی دیاری دەکرێت و ئەو واقعە دیمۆگرافییەی تێدا بەرجەستە دەبێت کە پێیدا تێدەپەڕێت. پێکهاتەی کۆتایی لە عەقیدەی سەربازیدا تیۆرییەکان پێکیدەهێنن، مەبەستیش لێی هەموو ئەو بیرۆکانەیە کە عەقڵی سەربازی بەرهەمی دەهێنێت.

بۆیە ئەگەر هێزە چەکدارەکان ویستیان عەقیدەیەکی سەربازی دروست بنیاد بنێن دەبێت بە هەند وەرگرتنی باشکردنی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگرن کە لە کولتووری ئەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەیپارێزێت و تاکەکانی لە ڕێگەیەوە دروست دەبن. هەروەها دەبێت هەڵسەنگاندنێکی قوڵ بۆ سروشتی دوژمنان و هەڕەشە پێشبینیکراوەکان و بیروباوەڕە ئایینییەکان و سیاسەتە نیشتمانییەکان و سروشتی هێزە دۆست و هاوپەیمانەکان بکەن و سوود لە ئەزموونەکانی پێشوو و میراتی مێژوویی نەتەوە وەربگرن.

# عەقیدەی سەربازی لەنێوان دەستوور و یاسادا

● عەمیدی مافپەروەر/ محەمەد سدیق

ئەگەرچی سوپا لە رواڵەتدا وەک دامەزراوەیەکی سەربازیی پەتی دەردەکەوێت کە لەلایەن دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت و ناوەندە سەربازییەکانەوە رێبەری دەکرێت و بنەماکانی لەسەر لێهاتوویی پیشەیی و ئامێرە پێشکەوتووەکان و پێویستییەکانی جەنگ و سەرچاوە مرۆییەکان و جوگرافیای سەربازی بونیاد دەنرێت، بەڵام نابێت رۆڵی یەکلاکەرەوەی یاسا و دەستوور لە دیاریکردنی ئاراستەی ئەم هێزە فەرامۆش بکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەو یاساو خاڵە دەستوورریانەی بۆ عەقیدەی سەربازی جێگیر دەکرێن پێویستە لەلایەن فەرماندەیی گشتی و وەزارەتی سەربازییەوە ئامادەو پێشکەش بکرێن. لە زۆربەی وڵاتاندا دەقی دەستووری و یاسا کارپێکراوەکان وەک مەرجەعێکی مەدەنی باڵا کاریگەرییەکی ریشەییان هەیە لەسەر دارشتنی بیروباوەڕی سەربازی بە جۆرێک کە راستەوخۆ رەفتار و ئامانج و شێوازی کارکردنی سوپا دیاری دەکەن.

بەبێ بوونی چوارچێوەیەکی یاسایی تۆکمە سوپا دەبێتە هێزێکی بێ ئاراستە و بێ ناسنامە. وەڵامی ئەو پرسە بنەڕەتییەی کە فەلسەفەی بوونی سوپا چییە تەنها لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانان و دەستووری وڵاتەوە دەدرێتەوە، بەڵام پێویستە پرۆژەی ئەو دەستوور و یاسایانە لەلایەن فەرماندەیی گشتی و وەزارەت و ناوەندە سەربازییەکانەوە ئامادە بکرێت و پێشکەش بە لایەنی پەیوەندیدار بکرێت. هەر یاسایە کە زەمانەتی ئەوە دەکات رەفتاری سوپا و وەزارەتی بەرگری لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا یەکبگرێتەوە. تەنانەت قەبارەی تەرخانکراوە داراییەکان کە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە پەسەند دەکرێت هۆکارێکی سەرەکییە لە دیاریکردنی شێوازی جێبەجێکردنی عەقیدەی سەربازی و ئاستی جوڵە و مانۆڕەکانی سوپا.

لەژێر سایەی بنەما باوەکانی سەروەریی دەوڵەت و چاودێریی مەدەنی بۆ سەر سوپا ئەرکی سەرەکی هێزە چەکدارەکان پاراستنی ئاسایش و سەروەریی خاکە، بەڵام لە هەندێک سیستەمی سیاسیدا هاوکێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت.

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی نێوان دەستوور و دامەزراوەی سەربازی ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە هەرچەندە فەرماندە و ئەفسەرانی پسپۆڕ بە لێهاتوویی زانستی نەخشەی عەقیدەی سەربازی دادەڕێژن، بەڵام ئەم نەخشەیە هەرگیز لە بۆشاییدا نییە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی راستەوخۆی فەلسەفەی یاسایی و بیروباوەڕی حوکمڕانەوە. دەستوور و یاساکان تەنها پێناسەی هێز ناکەن، بەڵکو روحیەت و ناسنامەی سوپا دروست دەکەن و لە قاڵبێکی یاسایی و سیاسی دیاریکراودا ئاراستەی دەکەن. بۆیە هەر خوێندنەوەیەک بۆ شێوازی کارکردن و رێکخستن و رەفتاری سوپا بەبێ تێگەیشتن لە رەهەندە دەستووری و یاساییەکانی ئەو وڵاتە لێکۆڵینەوەیەکی ناتەواو و کەموکوڕ دەبێت.

هەروەها گونجاندنی یاسای نیشتمانی لەگەڵ یاسا و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت لە کاتی جەنگ و مامەڵەکردن لەگەڵ دیلەکان و پاراستنی خەڵکی سڤیل کە بەشێکی گرنگن لە رەوشتی سەربازی. لەلایەکی تریش رۆڵی دادگای سەربازی وەک بەشێک لە سیستەمی دادوەری کە دەبێت لە چوارچێوەی یاسادا بێت بۆ ئەوەی رێگری لە پێشێلکارییەکانی ناو دامەزراوەی سەربازی بکات.

ماف و ئەرکەکانی تاک لە ناو سوپادا کە چۆن یاسا دەیانپارێزێت بۆ ئەوەی پلە و پایە سەربازییەکان بۆ مەرامی تایبەتی بەکارنەهێنرێن.

ئەم پرسە هەستیارو کاریگەرە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگیەکی یەکجار گەورەی هەیە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستوورێکی نووسراوی تایبەت بە خۆی نییە کە بە دەنگدانی گشتی پەسەند کرابێت، بۆیە عەقیدەی سەربازیی هێزی پێشمەرگە زیاتر لەسەر بنەمای یاسا ناوخۆییەکان و بریارە سیاسییەکان ماوەتەوە. لەم روانگەیەوە پێویستە لە کاتی نوسینەوەی دەستووری هەرێمدا بە روونی ئەرک و ناسنامەی نیشتمانیی پێشمەرگە وەک هێزێکی بەرگریی فەرمی دوور لە بەرژەوەندیی حیزبی بچەسپێنرێت.

پێویستە یاسای چاکسازیی سەربازی ببێتە بنەمایەک بۆ یەکخستنەوەی هێزەکان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا تا عەقیدەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو دروست بێت. ئەمەش تەنها بە یاسا دەکرێت نەک بە رێککەوتنی سیاسی کاتی.

گرنگە یاساکان بە جۆرێک بن کە پێشمەرگە وەک دامەزراوەیەکی یاسایی لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و یاساکانی هەرێمدا بناسێنرێت تاوەکو شەرعییەتی نێودەوڵەتی و پارێزبەندی یاسایی و بودجەی شایستەی بۆ دابین بکرێت. بەمەش دەتوانرێت سوپایەکی مۆدێرن و یاسایی بونیاد بنرێت، کە پارێزەری قەوارەی هەرێم و نیشتمان بێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# عەقیدەی سەربازی
# ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی هێزدا

ئامادەکردنی: رائید ئارام

لە مێژووی سەربازی و توێژینەوە ستراتیژییەکاندا هەمیشە پرسیارێک بوونی هەیە: چۆن سوپایەک دەتوانێت بەسەر سوپایەکی دیکەدا سەربکەوێت کە لە خۆی گەورەتر و بەهێزترە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ چەمکی هێزی شەڕکردن. سێر جولیان کۆربێت ستراتیژیستی دەریایی بەریتانی لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانیدا وتی: عەقیدە ڕۆحی جەنگە. ئەم دەستەواژەیە هەرچەندە سەرنجڕاکێشە، بەڵام هەموو نهێنییەکە ئاشکرا ناکات. عەقیدە چۆن دروست دەبێت؟ چۆن بڵاو دەکرێتەوە؟ و گرنگتر لە هەمووی پەیوەندی نێوان عەقیدە و فەلسەفەی فەرماندەیی چییە؟

## پێکهاتەکانی هێزی شەڕکردن

١. پێکهاتە فیزیکییەکان: وەک سەرچاوە مرۆییەکان، ژمارەی سەرباز، چەک و تەکنەلۆجیای سەربازی.

٢. پێکهاتە مەعنەوییەکان: وەک سەرکردایەتی، بەڕێوەبردن، مۆڕاڵ و پاڵنەری دەروونی.

٣. پێکهاتە چەمکییەکان: وەک عەقیدەی سەربازی، پەرەپێدانی هێز و بنەماکانی جەنگ.

هەردوو پێکهاتەی فیزیکی و مەعنەوی وابەستەن بە پێکهاتە چەمکییەکەوە. بەبێ بوونی چەمک و عەقیدەیەکی ڕوون، چەک و مۆڕاڵ بە تەنیا ناتوانن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

## عەقیدەی سەربازی چییە؟

ڕێکخراوی ناتۆ بەم شێوەیە پێناسەی عەقیدەی سەربازی دەکات: ئەو پرەنسیپە سەرەکییانەیە کە هێزە سەربازییەکان لە ڕێگەیەوە کارەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئاراستە دەکەن. وشەی دۆکترین لە بنەڕەتدا لە وشەی لاتینی دۆکترینا هاتووە کە بە واتای فێرکردن دێت.

عەقیدەی سەربازی نابێت وەک یاسایەکی وشک یان بیروباوەڕی چەقبەستوو سەیر بکرێت، بەڵکو عەقیدە بریتییە لە پردێک لە نێوان بیردۆز و کرداردا. ئەم پردە بیرۆکەکان لەبارەی جەنگ وەردەگرێت و دەیانگۆڕێت بۆ ڕێنمایی و کردار. عەقیدە جەنگ پێناسە دەکات و لە هەمان کاتدا وەک ڕایەڵێک کار دەکات لە نێوان ستراتیژی و تاکتیکدا.

یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان بۆ سەرکەوتنی عەقیدە، پەسەندکردن و پەیڕەوکردنییەتی لەلایەن دامەزراوەکانەوە؛ واتە دەبێت بیردۆزێک لەلایەن شارەزایان و دامەزراوەکانەوە پەسەند بکرێت تاکوو ببێت بە عەقیدە. عەقیدە دەبێت توانای ئەوەی هەبێت گۆڕانکاری ئاراستە بکات، بەو مانایەی سەرکەوتنە تاکتیکییەکان بکات بە بنەمایەک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکان.

## فەلسەفەی فەرماندەیی: دوو شێوازی جیاواز

عەقیدە بەبێ فەلسەفەی فەرماندەیی تەنها مەرەکەبە لەسەر کاغەز. فەلسەفەی فەرماندەیی ئەو شێوازەیە کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی لەناو سوپادا دابەش دەکرێت. لێرەدا دوو شێوازی سەرەکی دەخەینە ڕوو:

١. کۆنترۆڵی ناوەندی:

ئەمە شێوازێکی کلاسیکییە کە تێیدا فەرماندە باڵاکان نەک تەنیا بڕیار دەدەن چی بکرێت و کەی بکرێت، بەڵکو بڕیار دەدەن چۆنیش بکرێت. ئەمەش دەبێت بە هۆی کوشتنی دەستپێشخەری و سوپا دەکات بە ئامێرێکی بێ ڕۆح.

٢. فەرماندەیی ئەرک:

ئەم شێوازە لە نەریتی سەربازیی ئەڵمانی و پرووسیاوە سەرچاوەی گرتووە. لەم شێوازەدا فەرماندە تەنیا ئامانج دیاری دەکات، بەڵام چۆنیەتیی جێبەجێکردنەکەی بە ئەفسەر و سەربازە مەیدانییەکان دەسپێرێت. ئەم شێوازە باوەڕی بەوە هەیە ئەو کەسەی لە مەیدانی جەنگدایە باشتر لە بارودۆخەکە تێدەگات وەک لەو فەرماندەیەی لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکان دانیشتووە.

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، سوپای ئەڵمانیا لەژێر سەرپەرشتیی ژەنەڕاڵ هانس ڤۆن زیکت شۆڕشێکی گەورەی لەم بوارەدا کرد. زیکت ٥٧ لیژنەی پێکهێنا بۆ لێکۆڵینەوە لە



ئەزموونەکانی جەنگ و دەرەنجامەکەی بووە کتێبی فەرماندەیی هێزەکان لە ساڵی ١٩٣٣. ئەم کتێبە نەک تەنها عەقیدەیەکی نوێ بوو، بەڵکو فەلسەفەیەکی نوێی فەرماندەیی بوو. لە برگەی دەیەمی ئەم کتێبەدا هاتووە: بەتاڵیی گۆڕەپانی جەنگ پێویستی بە سەربازێکە بتوانێت بە سەربەخۆیی بیر بکاتەوە و بڕیار بدات. ئەمە کلیلی سەرکەوتنی ئەڵمانییەکان بوو لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا.

## شەش پێکهاتە سەرەکییەکەی عەقیدە

پرۆفیسۆر جۆن گووچ شەش پێکهاتەی سەرەکی دەستنیشان کردووە کە کاریگەرییان لەسەر دروستبوونی عەقیدەی سەربازی هەیە. تێگەیشتن لەم شەش خاڵە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی تێبگەین بۆچی هەندێک سوپا سەردەکەون و هەندێکی تر شکست دەهێنن:

١. تەکنەلۆژیای چەک:

تەکنەلۆژیا گرنگترین پاڵنەرە بەڵام بە تەنها بەس نییە. تانک و فڕۆکە تەنها ئامرازن، ئەگەر عەقیدەیەک نەبێت چۆنیەتیی بەکارهێنانیان ڕێک بخات، بێسوودن. بۆ نموونە لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەریتانیا تانکی هەبوو، بەڵام عەقیدەی بەکارهێنانی تانکی نەبوو، بۆیە نەیتوانی سوودی تەواوی لێ وەربگرێت، بەڵام ئەڵمانیا لە نێوان دوو جەنگەکەدا عەقیدەی تانکی پەرەپێدا.

٢. ئەزموونە پێکهێنەرەکان:

سوپاکان چۆن وانە لە مێژوو فێر دەبن؟ ئایا هەڵەکانیان ڕاست دەکەنەوە یان لەبیری دەکەن؟ نموونەی زیندوو سوپای ئەمریکایە دوای شکستی ڤێتنام. ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٣ دەزگای مەشق و عەقیدەی دامەزراند. ژەنەراڵ ولیام دی پیوی بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی خۆی لە جەنگی دووەمی جیهانی و چاودێریکردنی جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣ی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، توانی عەقیدەی سوپای ئەمریکا نوێ بکاتەوە و چەمکی جەنگی ئاسمانی-زەمینی داهێنێت کە دواتر لە جەنگی کەنداودا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا.

٣. بەرژەوەندییە دامەزراوەییەکان و کلتووری ناوخۆیی:

ڕەخنە و گفتوگۆ لەناو سوپادا زۆر گرنگە. سوپای ئەڵمانیا لە نێوان دوو جەنگەکەدا هانی ئەفسەرەکانی دەدا کە گفتوگۆی کراوە بکەن و ڕەخنە بگرن. بەڵام سوپای بەریتانیا لە هەمان سەردەمدا بەدەست بیرۆکراسییەوە دەیناڵاند و ڕێنماییەکان بەپێی بۆچوونی فەرماندەکان دەگۆڕان، ئەمەش وای کرد عەقیدەیەکی یەکگرتوویان نەبێت.

٤. ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیا دەکرێت وەک چەکێکی دووسەر بێت. لە لایەکەوە دەکرێت پاڵنەر بێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەکرێت ببێت بە جێگرەوەی لۆژیکی سەربازی. لە ئەڵمانیای نازی سەرەتا عەقیدەی سەربازیی پیشەیی باڵادەست بوو، بەڵام دوای شکستەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٤١، هیتلەر هەوڵیدا ئیمان بە پیشەوا و ئایدۆلۆژیای نازی بکاتە جێگرەوەی کەموکورتییە ماددی و ستراتیژییەکان. ئەمەش بوو بە هۆی دابەزینی ئاستی پیشەییبوون و دواجار شکستی سوپاکە. کاتێک ئایدۆلۆژیا شوێنی عەقیدەی پیشەیی دەگرێتەوە، سوپا تووشی کارەسات دەبێت.

٥. کلتووری نیشتمانی:

کلتووری هەر گەلێک ڕەنگدانەوەی لەسەر سوپاکەی دەبێت. بۆ نموونە مێژوونووسان ئاماژە بەوە دەدەن کلتووری بەریتانی جەختی لەسەر کارەکتەر و خۆگونجاندن دەکردەوە نەک پلاندانانی وردی زانستی، ئەمەش وای کردبوو زۆرجار پشت بە تێپەڕاندنی دۆخەکە ببەستن. لە بەرانبەردا کلتووری ئەڵمانی جەختی لەسەر ڕۆشنبیری و لێکدانەوەی فەلسەفی بۆ جەنگ دەکردەوە.

٦. بارودۆخی سیاسی و ستراتیژی:

جوگرافیا چارەنووسە؛ ئەڵمانیا هەمیشە کێشەی ئەوەی هەبوو کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەورووپاوە و ئەگەری شەڕی دوو بەرەی هەیە، واتە فەرەنسا لە ڕۆژئاوا و ڕووسیا لە ڕۆژهەڵات. ئەم بارودۆخە جوگرافییە ناچاری کرد کە عەقیدەیەک پەیڕەو بکات کە جەخت لەسەر خێرایی، مانۆڕ و لێدانی یەکلاکەرەوە بکاتەوە، چونکە نەیدەتوانی شەڕی درێژخایەن لە دوو بەرەدا بکات. کەواتە عەقیدە تەنیا حەز نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەیە بۆ ناچارییە ستراتیژییەکان.

## پرسیارە گەورەکەی کلاوزەڤیتز و سروشتی جەنگ

هەموو عەقیدەیەکی سەرکەوتوو دەبێت لە وەڵامی پرسیارێکەوە دەست پێ بکات کە کارل ڤۆن کلاوزەڤیتز ناوی دەنێت یەکەم و گەورەترین پرسیاری ستراتیژی:

سروشتی ئەم جەنگە چییە کە ئێمە دەچینە ناویەوە؟

ئەگەر دەوڵەتمەداران و فەرماندەکان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەڵە بکەن، ئەوا باشترین عەقیدە و بەهێزترین تەکنەلۆژیا ناتوانن ڕزگاریان بکەن. سوپای ئەمریکا لە ڤێتنام تووشی ئەم کێشەیە بوو؛ ئەوان بە عەقیدەیەک دەجەنگان کە بۆ شەڕی سوپایەکی ڕێکخراو لە ئەورووپا دیزاین کرابوو، لە کاتێکدا سروشتی جەنگەکە لە ڤێتنام جەنگی گەریلا و دژە شۆڕش بوو. هەتا ئەو کاتەی تێنەگەیشتن لە سروشتی جەنگەکە، نەیانتوانی خۆیان بگونجێنن. جەنگ لە ژینگەیەکی پڕ لە ناڕوونی، مەترسی و ترسدا بەڕێوە دەچێت. عەقیدە دەبێت ئامرازێک بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەم ناڕوونییە نەک زیادکردنی.

عەقیدەی سەربازی و فەلسەفەی فەرماندەیی دوو گرنگترین توخمی هەر سوپایەکی بەهێزن؛ هەر یەکەیان بەبێ ئەوی دی بێبەهایە. عەقیدە چوارچێوە فکری و مەعنەوییەکەی سوپایە، لە کاتێکدا فەلسەفەی فەرماندەیی هێز و دەستپێشخەری دەداتە ئەو چوارچێوەیە.

ئەو سوپایانەی لە دروستکردنی هێزی شەڕکردندا سەرکەوتوون، ئەوانەن کە بەردەوام پرسیار لە سروشتی جەنگ دەکەن و لە ڕێگەی فەلسەفەی فەرماندەییییەوە متمانە بە بڕیاری تاکەکەس دەکەن؛ ئەوان وانە لە مێژوو وەردەگرن بەبێ ئەوەی لە ڕابردوودا گیر بخۆن و عەقیدەکەیان لەسەر بنەمای واقیع دادەڕێژن نەک خەیاڵی ئایدۆلۆژی. دواجار جەنگ تاقیکردنەوەی توانای خۆگونجاندنە و عەقیدەی سەربازییش ئەو هێزەیە کە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەبێتە زامنی سەرکەوتن و مانەوەی نەتەوەکان.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# یەك چەك و دوو عەقیدە

## بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لەنێوان دوو عەقیدەی جیاوازی جیهانیدا

● ئامادەکردنی : ڕەوا موسا

بوونی چەکی ئەتۆمی لە دەستی سوپای چەند وڵاتێکی زلهێزی جیهانیدا بووەتە دژایەتیەکی ستراتیژیی چارەسەرنەکراو، بە شێوەیەک چۆن دەکرێت وڵاتێک داوای پاراستنی ئاسایشی خۆی بکات و لە هەمان کاتدا چەکێکی وێرانکەری جیهانیشی بەدەستەوە بێت؟ ئایا بە وێرانکردنی جیهان پاراستنی خود بەدی دەهێنرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە دوو عەقیدەی جیاوازی سەربازیدایە. یەکێکیان بە عەقیدەی یەکەم بە (بەکارنەهێنان) ناسراوە و عەقیدەی دووەمیش بە (دۆخی دژوار) ناو دەبرێت. ئەم دوو عەقیدەیە ڕۆڵی چەکی ئەتۆمی لە بەرگریی وڵاتان و ئاستی جێگیری سیستەمی نێودەوڵەتی شی دەکەنەوە.

### پابەندبوونی تاقانە بە تۆڵەی ئەتۆمی

لە عەقیدەی ئەتۆمیی یەکەم نەبوون لە بەکارهێناندا، وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی سیاسەتی بەرگریی وڵاتەکەی لەسەر بەکارنەهێنانی چەکەکە دادەڕێژێت. بە شێوەیەک تەنها لە کاتی تۆڵەی بەکارهێنانی هێرشی ئەتۆمی لەلایەن وڵاتی دووەمەوە دەست بۆ چەکە وێرانەکەرە دەبات، ئەگەرنا هەرگیز نابنە یەکەم لایەن کە هێرشی ئەتۆمی ئەنجام بدەن.

بنەما بنەڕەتییەکانی بریتین لە یەک مەبەستی، واتە لەژێر سایەی ئەم عەقیدەیەدا تەواوی مەبەستی هەبوونی چەکی ئەتۆمی بۆ سڵەماندنەوەی وڵاتی بەرامبەرە لە هێرشی ئەتۆمی. وڵاتەکە هەرگیز چەکەکە بۆ شەڕکردن یاخود قەرەبووکردنەوەی لاوازبوونی لە جەنگەکەدا بەکار ناهێنێت، بەڵکو مەبەستی ترساندنی بەرامبەرە لە دەستنەبردن بۆی. بنەمایەکی تر دڵنیاییە لە تۆڵەدا، وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی

لە ڕێگەی ئەم عەقیدەیەوە دڵنیایی دەداتە وڵاتی بەرامبەر کە ئەگەرچی هێرشی یەکەمی ئەتۆمی ئەنجام نەداوە، بەڵام بایی ئەوەندە ژێرخانی پێویستی هەیە کە بتوانێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە و گورزی دووەمی ئەتۆمیی خۆی بوەشێنێت. بەمەش وڵاتی خاوەن عەقیدە پابەندە بە دروستکردنی ژێرخانێکی بەهێزی توانای وەشاندنی دووەم، تا بتوانێت لە گورزی یەکەم ڕزگاری ببێت و گورزی دووەمی خۆی بوەشێنێت. هەروەها شەفافیەت و ئارامی بنەمایەکی ترە، ئەم عەقیدەیە دڵنیاییدەر و ئاشتیانەیە، چونکە توخمێکی بنەڕەتیی نادڵنیایی لە قەیرانەکاندا دەسڕێتەوە. وڵاتی دووەم پێویست ناکات نیگەران بێت لە هێرشی ئەتۆمی، چونکە دڵنیایە لەوەی وڵاتی ئەتۆمیی خاوەن ئەم عەقیدەیە لە کاتی جەنگ و ململانێکاندا پەنا بۆ گورزی ئەتۆمی نابات تەنها لەبەر ئەوەی خەریکە لاواز دەبێت لە ململانێکەدا.

لە ئێستادا لەناو نۆ دەوڵەتە ئەتۆمییەکەدا هەردوو وڵاتی هیندستان و چین خاوەنی ئەم عەقیدەیەن و پەیڕەوی دەکەن. تێیدا هەردوو وڵات چەکی ئەتۆمی زیاتر وەک چەکێکی سیاسی دەبینن بۆ سڵەماندنەوەی بەرامبەر لە هێرشی ئەتۆمی، لەبری ئەوەی وەک چەکێکی سەربازی سەیری بکەن بۆ یەکلاییکردنەوەی گۆڕەپانی شەڕ.

## سڵەماندنەوەی ناڕوون و دۆخانی دژوار

وڵاتانی تری خاوەنی چەکی ئەتۆمی وەک ئەمریکا، ڕووسیا، بەریتانیا، فەڕەنسا و پاکستان بەپێچەوانەی چین و هیندستان خاوەنی عەقیدەیەکی تری ئەتۆمیی جیاوازن کە بە دۆخی دژوارناسراوە.

بنەما بنەڕەتییەکانی بریتین لە فراوانخوازی لە سڵەماندنەوە. لەژێر ئەم عەقیدەیەدا وڵاتان هەڕەشەی ئەتۆمی تەنها بۆ ڕێگریکردن لە هێرشی گورزی یەکەمی ئەتۆمیی بەرامبەر بەکار ناهێنن، بەڵکو وەک سڵەماندەوەیەک دژی هەر هێرشێکی تری بایەلۆژی، کیمیایی، یاخود هێرشی زەبەلاح و کۆمەڵکوژییانەی وڵاتی دووەم بەکاری دەهێنن. تێیدا بەناڕوونی بەرامبەر لە کردەی بەهێز ئاگادار دەکاتەوە کە وەڵامی ئەتۆمی دەبێت بۆ هەر هێرشێکی کۆمەڵکوژییانە بۆ سەری یاخود هەر هەڕەشەیەکی تری گەورە. بنەمایەکی تر بریتییە لە ناڕوونیی ستراتیژی، واتە بە ئامادەبوون بۆ دەستبردن بۆ چەکی ئەتۆم، وڵاتی خاوەن چەکی ئەتۆمی نەیارەکانی لە ناڕوونی و نادڵنیاییدا بەجێ دەهێڵێت. بەمەش وڵاتی دووەم ترسی لە گەشەسەندنی ململانێکان دەبێت نەکا وا لە وڵاتی خاوەندار بکات دەست بۆ ئەتۆم ببات. هەروەها قەرەبووکردنەوەی لاوازیی سەربازی، بۆ هەندێک وڵات ئەم عەقیدەیە پێویستییەکی مانەوەی حەتمییە. سڵەماندنەوەی وڵاتی بەرامبەرە کە سوپاکەی بەهێزترە لە وڵاتی خاوەن چەکەکە، بەمەش بەم عەقیدە و شێوازی کارکردنە وڵاتی خاوەن سوپا بەهێزەکان دەسڵەمێننەوە لە هێرشی سەرتاسەری و داگیرکاری. بۆ نموونە کۆریای باکووری خاوەن ئەتۆم لە ڕووی سەربازییەوە لە کۆریای باشوور لاوازترە کە خاوەنی چەکی ئەتۆمیش نییە، بەم عەقیدەیە کۆریای باکوور هەڕەشەی قەرەبووکردنەوەی لاوازییەکەی دەکات بەرامبەر کۆریای باشوور لە ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگدا.

لەنێوان ئەم دوو عەقیدەیەدا وڵاتێکی تری خاوەن چەکی ئەتۆمیمان هەیە کە خاوەنی هیچ کام لەم دوو عەقیدە ڕاگەیەندراوە نییە، ئەویش وڵاتی ئیسرائیلە. وڵاتی ئیسرائیل ڕێککەوتننامەی قەدەغەی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی ئیمزا نەکردووە و هیچ چاودێرییەکی جیهانیی لەسەر نییە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوە و ڕاپۆرتەکان ئاماژە بە هەبوونی چەکی ئەتۆمی دەدەن لە ئیسرائیل، بەڵام هەرگیز ئیسرائیل نە دانی پێدا ناوە و نە ڕەتیشی کردووەتەوە. بەم شێوەیە ئیسرائیل تاکە وڵاتی ئەتۆمییە بەبێ هیچ عەقیدەیەکی ئەتۆمیی ڕاگەیەندراو.

## مشتومڕە مەزنەکە

توێژەران و شارەزایانی کاروباری سەربازی و سیاسەتی نێودەوڵەتی خاوەنی دوو بیروڕای جیاوازن سەبارەت بە هەردوو عەقیدەکە. گرووپێکیان پشتیوانیی عەقیدەی یەکەم نەبوون لە بەکارهێناندا دەکەن و ئاماژە بەوە دەدەن ئەم عەقیدەیە ئارامیی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بە شێوەیەک وڵاتی بچووکتر هەوڵی زیاتری بەهێزکردنی خۆی نادات کاتێک دڵنیایە لەوەی وڵاتی خاوەن ئەتۆمی لاوازیی سەربازیی خۆی بە ئەتۆم پڕ ناکاتەوە. هەروەها هەرگیز بودجە و توانایەکی زەبەلاح لە دروستکردنی پرۆگرامی ئەتۆمیدا بەهەدەر نادات کاتێک دڵنیایە لەوەی وڵاتی خاوەن چەکەکە هەڕەشەی بوونی و بەکارهێنانی چەکەکە ناکات. بەمەش پشێوی و قەیرانی ناپێویستی وەک ئەوەی ئێستای کۆریای باکوور و ئێران دروست نابێت کە لە ترسی عەقیدەی دووەم واتە دۆخی دژوارهەوڵی دروستکردنی ئەتۆمیان دا و بەردەوامن لەسەری.

لەبەرامبەردا گرووپێکی تری توێژەران پشتگیریی عەقیدەی دووەم دەکەن، چونکە پێیان وایە هەڕەشە بوونییەکان دەکرێت تەنها ئەتۆمی نەبن، بەڵکو ڕەنگە بایەلۆژی یاخود هێزی زەبەلاحی سەربازی بن. بە هەبوونی ئەم عەقیدەیە وڵاتی دووەم دەسڵەمێتەوە لە بەکارهێنانی توندوتیژیی زیاد لە پێویست لە ململانێکاندا. هەروەها لە دۆخی تایبەتی وەک ئەمریکادا عەقیدەی دۆخی دژوارنەیارەکانی دەسڵەمێنێتەوە لە کردنی هەڕەشەی گەورە لە هاوپەیمانەکانی. ئەمە وا دەکات لە یەک بلۆکی هاوپەیمانیدا تەنها یەک وڵات بەس بێت بۆ ئەوەی خاوەنی چەکەکە بێت. بۆ نموونە کاتێک ئەمریکا عەقیدەی یەکەم هەڵبژێرێت، ئەوا هاوپەیمانەکانی وەک کۆریای باشوور و ژاپۆن خۆیان هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دەدەن چونکە بۆیان دەردەکەوێت ئەمریکا لە هێرشی ئەتۆمی نایانپارێزێت، بەڵام کاتێک وەک ئێستا ئەمریکا عەقیدەی دۆخانی دژواری هەڵبژاردووە، ئەوا هاوپەیمانەکانی دڵنیا دەکاتەوە لەوەی پێویست ناکات چەکی زیاتر دروست بکەن چونکە خۆی پابەند دەکات بەوەی بە چەکە ئەتۆمییەکانی ئاسایشی بوونیی ئەوانیش دەپارێزێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



# عەقیدەی سەربازی لە نێوان وڵاتان و بیر و باوەڕە جیاوازەکاندا

ئا: بەشی هۆشیاری (پێشمەرگە)

## عەقیدەی سەربازیی ئەمریکا

لە ڕووی مرۆییەوە، عەقیدەی ئەمریکی لەسەر بنەمای سوپایەکی پیشەگەر و هاووڵاتی دامەزراوە. لە ڕووی هزرییەوە سوپای ئەمریکا جیاوازییەکی جەوهەریی لەگەڵ زۆرێک لە سوپاکانی جیهاندا هەیە، چونکە سوێندی دڵسۆزی بۆ سەرۆک یان حیزبێک ناخوات، بەڵکو سوێند بۆ دەستووری وڵات دەخوات. ئەم تایبەتمەندییە جۆرێک لە سەربازی بەرهەم هێناوە کە خۆی وەک پارێزەری بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی دەناسێنێت. لە لایەنی پەروەردەییەوە، فەلسەفەی سەرکردایەتیی ئەرک پەیڕەو دەکرێت، بەو واتایەی فەرماندەی باڵا تەنها ئامانجەکە دیاری دەکات و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەسپێرێت بە فەرماندە مەیدانییەکان و تەنانەت پلە بچووکەکانیش. ئەم شێوازە وا دەکات سەربازی ئەمریکی فێری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ببێت و توانای بڕیاردانی هەبێت لە کاتی پچڕانی پەیوەندییەکاندا. لە ڕووی دەروونییەوە، ئەم عەقیدەیە جەخت لەسەر براوەبوون دەکاتەوە، بەڵام بەهۆی سروشتی هەستیاری کۆمەڵگای ئەمریکی بەرامبەر بە زیانی گیانی، هەمیشە هەوڵ دەدرێت تەکنەلۆژیا وەک قەڵغانێک بۆ پاراستنی ژیانی سەربازەکان بەکار بهێنرێت.

لە ڕووی ماددی و ستراتیژییەوە، ئەمریکا خاوەنی عەقیدەی باڵادەستیی تەکنەلۆژی و جەنگی فرەبوارە. ستراتیژییەکەیان بریتییە لە گواستنەوەی خێرای هێز بۆ هەر خاڵێکی جیهان و یەکلاییکردنەوەی شەڕەکان بە خێرایی لە ڕێگەی هێزی ئاسمانی، پیادە و مووشەکی زیرەکەوە. ئامانجی نوێی سوپای ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠٣٠ بریتییە لە ئامادەکاری بۆ جەنگی زلهێزەکان دژی چین و ڕووسیا، کە تێیدا جەخت لەسەر شەڕی ئەلیکترۆنی و بۆشایی ئاسمان و زیرەکیی دەستکرد دەکرێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی فەرماندەیی دوژمن لەکار بخەن پێش ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ ڕوو بدات.

## ڕووسیا

عەقیدەی ڕووسی لەسەر بنەمای دەروونناسیی قەڵای گەمارۆدراو و پیرۆزیی بەرگری دامەزراوە. پەروەردەی سەربازیی ڕووسی هەوڵ دەدات سەربازێک دروست بکات کە خاوەنی توانای بەرگەگرتنی بێسنوور بێت بۆ ئازار و سەختی. لە کولتووری سەربازیی ڕووسیادا گیانی تاکەکەسی قوربانییەکی بچووکە لەپێناو مانەوەی دەوڵەت. لە ساڵانی دواییدا توخمێکی نوێ هاتە ناو عەقیدەکەوە کە بریتییە لە ئایین؛ کەنیسەی ئەرسەدۆکس ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە بەرزکردنەوەی ورەی سەرباز و پیرۆزکردنی جەنگەکان وەک بەرگرییەک لە دژی بەها دژە باوەکانی ڕۆژئاوا. ئەم تێکەڵەیە لە نیشتمانپەروەریی مێژوویی و هەستی ئایینی، ئینتیمایەکی قووڵ و جۆرێک لە قەدەرگەری لای سەرباز دروست دەکات کە ئامادەیە تا دوا هەناسە لە سەنگەرەکەی بمێنێتەوە.

لە لایەنی ماددی و ستراتیژییەوە، ڕووسیا وەک زلهێزێکی وشکانی دەمێنێتەوە کە پشت بە تۆپخانەی چڕ و قووڵایی ستراتیژی دەبەستێت. تاکتیکە نوێیەکانیان بریتییە لە جەنگی تێکەڵاو کە پڕوپاگەندە و هێزی نارێکخراو بەکاردەهێنێت. بەڵام دواجار عەقیدەکەیان



پشت به وێرانکردنی تەواوەتیی سەنگەرەکانی دوژمن دەبەستێت بە ئاگرێکی چڕ. خاڵێکی جیاکەرەوەی ڕووسیا ئەوەیە کە ئامادەیی نیشان داوە بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیی تاکتیکی وەک بەشێک لە شەڕی ئاسایی ئەگەر دۆخەکە پێویست بکات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سەرکەوتن بە هەر نرخێک بێت لای ئەوان لە پێشینەیە.

## هاوپەیمانیی ناتۆ

لە ڕووی بونیادی فیکری و ئینتیهاوە، عەقیدەی ناتۆ نموونەیەکە بۆ ئینتیهای سەروو نیشتمانی. ئەمە ئاڵنگارییەکی هزریی گەورەیە، چونکە پێویستە سەربازی وڵاتێک وەک ئەڵمانیا ئامادە بێت گیانی خۆی بۆ پاراستنی وڵاتێکی وەک ئیستۆنیا بەخت بکات. بۆ دروستکردنی ئەم ئینتیها هەمەلایەنە، ناتۆ کار لەسەر چەمکی بەها هاوبەشەکان دەکات کە بریتین لە مافی مرۆڤ، دیموکراسی و سەروەریی یاسا. پەروەردەی سەربازی لە ناتۆدا جەخت لەسەر کاری دیپلۆماسی و تێگەیشتن لە کولتووره جیاوازەکان دەکاتەوە و ئەفسەران فێر دەکرێن لە ژینگەیەکی فرەنەتەوەدا کار بکەن. لایەنی دەروونیی هێزەکانی ناتۆ لەسەر بنەمای بەرگری و پاراستنی ئاشتی بونیاد دەنرێت نەک داگیرکاری، و ئەوان خۆیان وەک قەڵخانی شارستانیەتیی ڕۆژئاوا دەبینن بەرامبەر بە هەڕەشەکانی ڕۆژهەڵات.

لە ڕووی ماددی و ستراتیژییەوە، بنەمای سەرەکی بریتییە لە پێکەوە کارکردن و بەستانداردکردن، واتە هەموو وڵاتەکان دەبێت بتوانن چەک و سیستەمی پەیوەندیی یەکتر بەکار بهێنن. ستراتیژیی ناتۆ بریتییە لە چاوترسێنکردن و بەرگریی پێشوەختە. بوونی هێزی بڵاوکراوە لە وڵاتانی ئەندام پەیامێکە بۆ دوژمن کە هێرشکردن تێچووی زۆر دەبێت. هەروەها ناتۆ پەرەی بە تواناکانی داوە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکان، لەوانە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی ئەلیکترۆنی.

## کۆماری چین

عەقیدەی چینی یەکێکە لە ئایدۆلۆژیترین عەقیدەکان کە تێیدا چەمکی سوپای حیزب زاڵە. سوپای ڕزگاریخوازی گەل لە ڕاستیدا باڵی سەربازیی حیزبی شیوعی چینە نەک سوپای دەوڵەت بە واتایەکی تەقلیدی، و پەروەردەی هزریی سەربازەکان لەسەر بنەمای گوێڕایەڵیی ڕەها بۆ حیزب و سەرکردایەتییەکەی دادەڕێژرێت. ئینتیهای سەربازیی چینی تێکەڵەیەکە لە ناسیۆنالیزمی توند و ئایدۆلۆژیای مارکسی. لە پەروەردەی سەربازیدا بەردەوام باس لە سەدەی سووکایەتی دەکرێت، کە مەبەست لێی ئەو قۆناغەیە چین لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە داگیر کرابوو، ئەمەش بە مەبەستی دروستکردنی پاڵنەرێکی بەهێز بۆ بەرگری و گێڕانەوەی شکۆی چین. هەروەها سیستەمی کۆمیساری سیاسی لەناو یەکە سەربازییەکاندا دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە بڕیاری سیاسی هەمیشە باڵادەستە بەسەر بڕیاری سەربازیدا.

لە ڕووی ماددی و ستراتیژییەوە، ستراتیژیی چین لە چەمکی جەنگی گەلەوە گۆڕاوە بۆ جەنگی بەتواناکراو بە زانیاری. چین هەوڵ دەدات لە ڕێگەی مووشەکی دوورمەودا و هێزی دەریاییەوە ناوچەکانی دەوروبەری خۆی لە دەستوەردانی ئەمریکا بپارێزێت، کە ئەمە بە ستراتیژیی ڕێگریکردن لە دەستگەیشتن ناسراوە. لە هەمان کاتدا چین پەرەی بە چەمکی جەنگی بێسنوور داوە، کە تێیدا ئابووری، تەکنەلۆژیا و میدیا هەموویان بەشێکن لە مەیدانی جەنگ بۆ تێکشکاندنی دوژمن بەبێ بەکارهێنانی چەکی تەقلیدی.

## ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

لە عەقیدەی ڕۆژئاوادا وەک ئەمریکا و ناتۆ، مرۆڤ سەنتەرە و پاراستنی ژیانی سەرباز ئەولەویەتە، بۆیە بودجەی زەبەلاح بۆ زرێپۆش و سیستەمی پزیشکی خەرج دەکرێت. لە ڕووی بڕیاردانەوە سیستەمەکە لامەرکەزییە و پشت بە زیرەکیی ئەفسەر و سەرباز دەبەستێت لە مەیدانەکەدا. پاڵنەری سەربازیی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ڕۆژئاوایی زیاتر پیشەیی و یاسایییە و پشت بە گرێبەست، مووچەی باش و باوەڕ بە سیستەمی دیموکراسی دەبەستێت.

لە بەرامبەردا لە عەقیدەی ڕۆژهەڵات واتە ڕووسیا و چین، ئامانج سەنتەرە. ئامادەیی بۆ قوربانیدان بە ژمارەی زۆری سەرباز بەشێکە لە ستراتیژییەکە و وەک خاڵی بەهێز سەیر دەکرێت نەک لاوازی. بڕیاردان لای ئەوان ناوەندییە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە دێت، دەستپێشخەریی تاکەکەسی سنووردارە و گوێڕایەڵی گرنگترین پێوەرە. پاڵنەری سەربازیی ڕۆژهەڵاتی زیاتر عاتفی، مێژوویی و ئایدۆلۆژییە و پشت بە هەستی نەتەوەیی، ترس لە دوژمنی دەرەکی و پیرۆزیی خاک و حیزب دەبەستێت.

### ژاپۆن

لە ژاپۆن، دەستووری وڵات کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر عەقیدەی سەربازی هەیە. ماددەی نۆیەم بە هەموو شێوەیەک ڕاگەیاندنی جەنگ قەدەغە دەکات و ئاماژە بەوە دەدات ژاپۆن مافی هەڕەشە و بەکارهێنانی هێزی نییە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان. بەپێی دەستوور، ژاپۆن نابێت سوپای هەبێت، بۆیە هێزە چەکدارییەکەی بە هێزی خۆپارێزیی ژاپۆن ناسراوە. لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەستوورەدا، عەقیدەی سەربازیی ژاپۆن خاوەنی هیچ مووشەکێکی مەودا درێژ و فڕۆکەیەکی بۆردومانی ستراتیژی نییە و سەرنجی خستووەتە سەر بەرگری نەک هێرشبردن.

## وڵاتانی ناوچەکە

### کۆماری ئیسلامی ئێران

عەقیدەی سەربازیی ئێران لەسەر بنەمای شەڕی ناهاوسەنگ و بەرپەرچدانەوە داڕێژراوە. ستراتیژیی شەڕی بەوەکالەت بەو باوەڕەوە پەیڕەو دەکرێت کە باشترین بەرگری ئەوەیە شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بکات، هەروەها بەهۆی گەمارۆکانەوە، ئێران جەختی کردووەتە سەر هێزی مووشەکیی بالیستی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. سیستەمی دوو سوپایی یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکان، کە تێیدا ئەرتەش ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی هەیە و سوپای پاسداران بەرپرسە لە پاراستنی سیستەمی ئیسلامی و ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان.

### عێراق

عەقیدەی سەربازیی عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣ و شەڕی داعش گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئێستا زیاتر وەک بەرگریی ناوخۆیی و دژە تیرۆر دەناسرێت. بەپێی دەستوور، سوپا نابێت ببێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ دراوسێکانی. لە ئێستادا ئەرکی سەرەکی بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی پاشماوەکانی داعش و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ. عەقیدەکە تووشی جۆرێک لە ئاڵۆزی بووە بەهۆی پێکهاتەی تێکەڵ، لە لایەک سوپا بە سیستەمی ڕۆژئاوایی مەشق دەکات و لە لایەکی تر حەشدی شەعبی خاوەنی عەقیدەیەکی جیاوازە، کە ئەمەش کێشەی لە فەرماندەییدا دروست کردووە.

### سوریا

پێشتر عەقیدەی سوریا لەسەر بنەمای هاوسەنگیی ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل بوو، بەڵام دوای شەڕی ناوخۆ گۆڕا بۆ مانەوەی دەسەڵات. لە قۆناغی ئێستادا وا دەردەکەوێت عەقیدەکە زیاتر بەرەو خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل دەڕوات تا ئەو کاتەی دەوڵەت جێگیر دەبێت. ئاراستەی نوێی عەقیدەی سەربازیی سوریا بەرەو دروستکردنی سوپایەکی سووک و مۆدێرن و جەختکردنەوە لەسەر یەکپارچەیی خاکی وڵات هەنگاو دەنێت.

### تورکیا

عەقیدەی سەربازیی تورکیا تێکەڵەیەکە لە ستانداردەکانی ناتۆ و بەرگریی پێشوەختە. تورکیا باوەڕی بە ستراتیژیی هێرشبەرانە هەیە و پێی وایە بۆ پاراستنی خۆی دەبێت هەڕەشەکان لە دەرەوەی سنوورەکانی لەناو ببات. جەختکردنە سەر تەکنەلۆژیا و پیشەسازیی ناوخۆ و بەکارهێنانی درۆن سەربەخۆیی زیاتری بە بڕیارەکانی بەخشیوە. هەروەها چەمکی نیشتمانی شین بەشێکە لە عەقیدەی نوێ کە جەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی دەریایی دەکات لە دەریای ناوەڕاست، ئیجە و ڕەش بۆ فراوانکردنی نفوزی جیۆپۆلیتیکی.



# پێشمەرگە و عەقیدەی سەربازی
# پێویستیی ستراتیژی ... پێشکەوتنی دامەزراوەیی

● ئامادەکردنی: گۆران

هێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەن مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەرییە و هەمیشە وەک قەڵغانی پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستان ناسراوە. ئەم هێزە کە لە قۆناغی شۆڕشگێڕیدا داستانگەلێکی گەورەی تۆمار کردووە، ئەمڕۆ لە بەردەم وەرچەرخانێکی مێژووییدایە. وەرچەرخانێک کە بریتییە لە گواستنەوە بۆ قۆناغی ڕێکخستنەوە و بنیاتنانی یەک هێزی سەرتاسەری و هەنگاونان بەرەو سوپایەکی دامەزراوەیی و نیشتمانی و مۆدێرن. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە باڵایە، پێویستییەکی هەنووکەیی بە بوونی عەقیدەیەکی سەربازیی نووسراو و ڕوون و تۆکمە هەیە، تا ببێتە چوارچێوەیەکی فیکری و ستراتیژی بۆ تەواوی جومگەکانی هێزەکە. لەم نێوەندەدا وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەرپرسیارێتی داڕشتنی ئەم ستراتیژە و بەرجەستەکردنی سیستەمێکی زانستی و نیشتمانییان دەکەوێتە ئەستۆ.

## ناوەڕۆکی فەلسەفی و مێژوویی عەقیدەکە

بەر لە هەر شتێک چەمکی پێشمەرگە تەنها ناوێک نییە، بەڵکو هەڵگری فەلسەفە و عەقیدەیەکی ڕیشەدار و خاوەن مێژوویەکە لە خەباتی ئازادیخوازی، هەربۆیە عەقیدە سەربازییەکەی دەبێت ڕەنگدانەوەی ئەو مێژووە پڕ شکۆیە بێت. ناوی پێشمەرگە سیمبولێکی قوربانیدان و ئازایەتییە بە واتای ئەوانەی ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە لەپێناو ئازادی و پاراستنی گەل. پێشمەرگە میراتگری خەباتی چەکداریی دەیان ساڵەی گەلی کوردستانە دژی ستەم و داگیرکاری. بەها بنەڕەتییەکانی وەک نیشتمانیبوون و ئازایەتی و خۆڕاگری و ستراتیژەیەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و پابەندبوون بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگ و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم عەقیدەیە پێکدەهێنن.

## پێوەرەکان و شەرعییەتی یاسایی و دەستووری

پێشمەرگە هێزێکی دانپێدانراوی یاسایی و دەستوورییە. چ لە دەستووری هەمیشەیی عێراق و چ لە یاسا بەرکارەکانی پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی تەواوی هەیە. داڕشتنی عەقیدەیەکی سەربازیی فەرمی، ئەم شەرعییەتە بەهێزتر دەکات و زەمینە دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بەپیشەییکردن و دامەزراوەییکردنی هێزەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا جێبەجێ بکرێت. ئەم عەقیدەیە دەبێتە هۆی پێناسەکردنی پێشمەرگە وەک هێزێکی ڕێکخراو و مەشقپێکراو کە ئەرکی پاراستنی خاک و ئاو و ئاسمان و سەروەری و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستانە.

## ئامانجە ستراتیژییەکانی عەقیدەی پێشمەرگە

داڕشتن و پەیڕەوکردنی ئەم عەقیدەیە چەندین ئامانجی ستراتیژیی گەورە دەپێکێت.

١. ئامانج یەکخستنی هێزە واتە کۆکردنەوەی تەواوی هێزەکان لەژێر چەتری وەزارەتی پێشمەرگە و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٢. بە نیشتمانیکردنە کە بریتییە لە دروستکردنی ئینتیما و هۆشیاریی نەتەوەیی لای تاکەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەک کە دڵسۆزی تەنها بۆ خاک و نیشتمان بێت.

٣. بە پیشەییکردنە بۆ گۆڕینی پێشمەرگە بۆ هێزێکی دیسیپلینکراو و ڕێکخراو کە جێگەی متمانەی ناوخۆ و دەرەوە بێت.

٤. بەهێزکردنی پێگەی نێودەوڵەتییە لە ڕووی دیپلۆماسی و سەربازییەوە لە هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا وەک هاوبەشێکی باوەڕپێکراو.

## ئەرکەکان و ڕەوشتی سەربازی و پەرەپێدان

ئەرکی سەرەکی پێشمەرگە لەم عەقیدەیەدا بەرگرییە نەک هێرشبردن. ئەم ئەرکانە خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی ئاسایش بۆ خەڵک و دامەزراوەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و پشتیوانیکردنی حکومەت و خەڵک لە کاتی قەیراندا. لە هەمان کاتدا دەبێت هێزەکە پابەند بێت بە ڕەوشتی بەرز و یاسا نێودەوڵەتییەکانی جەنگ و مامەڵەی مرۆڤدۆستانە. بۆ مانەوەی ئەم هێزە بە کارایی، پێویستە جەخت لەسەر پەرەپێدان و نوێبوونەوە بکرێتەوە لە ڕێگەی مەشقی بەردەوام و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەربازیی سەردەم و بنیاتنانی سیستەمێکی پەروەردەیی ئەکادیمی بۆ پێگەیاندنی فەرماندەی لێهاتوو.

## هەنگاوەکانی جێبەجێکردن و بەڵێننامەی نیشتمانی

بوونی عەقیدەی سەربازیی پێشمەرگە دەبێتە نەخشەڕێگایەک بۆ پەروەردەی فیکری و مەشقی سەربازی، بەڵام بۆ



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەری هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

ئەوەی ببێتە واقیع پێویستی بە ئیرادەیەکی سیاسی و یاسایی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە سیستەمی یاسایی وڵات. ئەم پرۆسەیە بە پەسەندکردنی سیاسی دەست پێ دەکات و دواتر دەبێتە پرۆژە یاسایەک بۆ پەرلەمان. دوای پەسەندکردنی، ئەرکی وەزارەتی پێشمەرگەیە کە لە ڕێگەی مەشق و سیمینار و خولەکانەوە ڕۆحی ئەم عەقیدەیە لە ناخی هەر پێشمەرگەیەکدا چەکەرە پێ بکات. هەروەها دەبێت میکانیزمێک بۆ نوێکردنەوەی عەقیدەکە دابنرێت تا هەمیشە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بگونجێت.

عەقیدەی سەربازیی پێشمەرگە تەنها کۆمەڵێک دەق نییە، بەڵکو بەڵێننامەیەکی نیشتمانییە بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکان و هەنگاوێکی بنەڕەتییە بەرەو دروستکردنی سوپایەکی یەکگرتووی نیشتمانی کە شایستەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و گەلی قوربانیدەر و خۆڕاگری کوردستان بێت.



# فەرماندەیی ئەرکەکان

## فەلسەفەی سەرکەوتن لە تەمومژی جەنگدا

● محەمەد مەحمود بادلی

چەمکی فەرماندەیی سەربازیی مۆدێرن لە ڕێگەی عەقیدەیەکی سادە بەڵام زۆر بەهێزەوە شۆڕشێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئەویش عەقیدەی فەرماندەیی ئەرکەکانە. ئەم چەمکە لەدوای شکستە گەورەکانی سوپای پرووسیای ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەرامبەر سوپای ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەڕەنسا سەریهەڵدا، کاتێک ئەڵمانییەکان بۆ ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی هاوشێوە، بیریان لە شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردنی سوپا کردەوە. ئەم عەقیدەیە ناوەندی قورسایی بڕیاردان لە شێوازێکی هەرەمیی ڕەق و ناوەندگەراوە بەرەو ژێرخانی فەرماندەیی لە مەیدانی شەڕدا دەگوازێتەوە.

پێشگریمانەی ئەم عەقیدەیە لەسەر بینینە بنەڕەتییەکەی کلاوزەڤیتز بنیات نراوە کە پێی وایە جەنگ داخورانێکی پێشبینی نەکراوە و تێیدا پێشهاتێکی بچووک دەتوانێت دۆخێکی چاوەڕواننەکراو دروست بکات، بەجۆرێک زۆر ڕووداو دێنە پێشەوە کە لەسەر مێزی ئۆپراسیۆنەکان و لە نەخشەکاندا باس نەکراون. لە زانستی سەربازیدا بەم دۆخە دەوترێت تەمومژی جەنگ، واتە جەنگ زۆرجار دۆخێکی نادڵنیایی و زانیاریی ناتەواوە. لە ململانێیەکی خێرا و جووڵەی فرە ئاراستەدا، فەرمانە دەقیق و توندەکانی فەرماندەیەکی پلەبەرز کۆن دەبن و ڕەنگە لە شوێنێکدا لەگەڵ دۆخی نوێ و لەناکاو کەوتووی سەربازەکاندا نەگونجێن، بۆیە عەقیدەی فەرماندەیی ئەرکەکان وەک دژە ژەهری کۆنبوونی فەرمانەکانی فەرماندەی پایە بەرز کار دەکات و میکانیزمی جێبەجێکردن لە گوێڕایەڵیی کوێرانە بۆ دەقەوە دەگۆڕێت بۆ تێگەیشتنی هۆشیارانە لە مەبەستی فەرماندە.

### ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی

لە دوای شکستە گەورەکەیان



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

بەرامبەر سوپای فەڕەنسا لە ساڵی ١٨٠٦ کە بووە هۆی کەوتنی بەرلینی پایتەخت، فەرماندە ئەڵمانییەکان بەدوای هەڵەکانی خۆیاندا گەڕان و چەندین بیرۆکە و ڕێگای نوێیان پێشکەش کرد بۆ چاکسازی لە سوپادا. دەرەنجامی ئەم هەوڵانە لەلایەن ژەنەراڵ هێلموت مۆلتکێ وەک عەقیدەیەکی نوێی سەربازی دارێژرایەوە. ئەم عەقیدەیە بە تێبینیکردنی گەورەیی لەشکر و کەمیی توانای کۆنترۆڵ بەسەریاندا، هانی یەکەکانی سوپا دەدات لە مەیدانی شەڕدا هەر یەکەیان ببنە هێزێکی سەربەخۆ.

بنەماکەی لەسەر ئەوە دارێژراوە کە نزیکترین فەرماندە لە مەیدانی شەڕەوە خاوەنی باشترین بڕیارە بەبێ گوێدانە پلە سەربازییەکەی. کاتێک سوپا دەکەوێتە جەنگەوە، تا فەرمانەکان لەلایەن فەرماندە باڵاکانەوە دەگەنە گۆڕەپانی شەڕ، ڕەنگە دۆخەکە گۆڕابێت، بۆیە فەرماندەی بچووکترین یەکەکانی ناو شەڕەکان ڕێگەیان پێ دەدرێت فەرمانەکانی فەرماندەیی باڵا ڕابگرن یان شێوازی نوێ و بڕیاری سەربەخۆ جێبەجێ بکەن کە لە بەرژەوەندیی سوپاکەیان بێت. سوپای پرووسیا بە جێبەجێکردنی ئەم عەقیدەیە بووە هێزێکی گەورەی جیهانی و توانیان لە جەنگەکانی دواتریان بەرامبەر دانیمارک و نەمسا و فەڕەنسا و ڕووسیا سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن.

## شەش بنەما بنەڕەتییەکەی فەرماندەیی ئەرکەکان

لەم سەردەمەدا هاوپەیمانیی ناتۆ و سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم عەقیدەیەیان وەک ستاندارد پەسەند کردووە کە لەسەر شەش کۆڵەکەی سەرەکی ڕاوەستاوە.

یەکەم بنەما بریتییە لە یەکگرتوویی و متمانەی نێوان یەکەکان، چونکە متمانە خوێنی دەمارەکانی ئەم عەقیدەیەیە و بەبێ ئەم بنەمایە سیستەمەکە شکست دەهێنێت. پێویستە فەرماندەی یەکە و فەوج و لیواکان متمانەی تەواویان بە دروستیی ئامانج و مەبەستی فەرماندە باڵاکانی ئۆپراسیۆن هەبێت، هەروەها لە بەرامبەردا فەرماندەیی باڵا متمانەی تەواوی بە لێهاتوویی و دڵسۆزیی فەرماندە مەیدانییەکان هەبێت. کاتێک متمانە نامێنێت، فەرماندەیی باڵا پەنا دەباتە بەر کۆنترۆڵکردنی وردەکارییەکان و جوڵەی سوپا پەک دەخات.

دووەم بنەما بریتییە لە فەراهەمکردنی تێگەیشتنی هاوبەش، بەو واتایەی فەرماندەکانی مەیدانی شەڕ و سەربازەکان دەبێت تێگەیشتنێکی یەکگرتوویان بۆ سروشتی کێشەکە و مەترسییەکان و ئامانجەکان هەبێت. ئەمە زامنی ئەوە دەکات کە لە کاتی پچڕانی پەیوەندیشدا، یەکەکان بە ئاراستەیەکی هەڵەدا نەکەونەڕێ و سوپایەکی پەرتەوازە دروست نەبێت.

سێیەم بنەما بریتییە لە پێشکەشکردنی مەبەستێکی ڕوون لەلایەن فەرماندەوە. ئەمە گرنگترین بەشە کە تێیدا فەرماندەیی باڵا دەبێت دۆخی کۆتایی خوازراو دیاری بکات نەک وردەکاریی چۆنێتیی ئەنجامدانەکە. بۆ نموونە ناکرێت تەنها فەرمانێکی توند بدرێتە ئەفسەرەکان بەبێ ئەوەی پێیان بوترێت بۆچی دەبێت ئەو کارە بکەن. لەبری ئەوەی پێیان بوترێت فلانە گرد کۆنترۆڵ بکەن، دەبێت پێیان بوترێت ئەو گردە کۆنترۆڵ بکەن تا دوژمن نەتوانێت چاودێریی هێزەکانمان بکات. بەم شێوەیە ئەفسەرەکان دەزانن ئامانجەکە کوێرکردنی دوژمنە، بۆیە ئازادن چۆن گردەکە دەگرن و دەشزانن دوای گرتنی نابێت پێشڕەوی بکەن چونکە ئامانجەکە هاتۆتە دی.

چوارەم بنەما بریتییە لە دەستپێشخەریی دیسیپلینکراو. ئەمە بە مانای سەرەڕۆیی نایەت، بەڵکو توانای ئەفسەرە بۆ بەکارهێنانی عەقڵ و لۆژیک لە دۆخی مەترسیداردا. ئەفسەران دەبێت ئەوەندە بوێر و لێهاتوو بن کە بڕیارەکانی فەرماندەیی باڵا لەگەڵ دۆخ و پێشهاتەکاندا بگونجێنن و ئەگەر پێویست بوو لەپێناو بەرژەوەندیی باڵای ئامانجەکەدا دەستبەرداری فەرمانی کۆن ببن.

پێنجەم بنەما بریتییە لە دەرکردنی فەرمانی ئەرکییانە. لەم جۆرە فەرمانانەدا فەرماندەیی باڵا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە چی بکرێت و بۆچی بکرێت، نەک چۆن بکرێت. چۆنێتیی جێبەجێکردنەکە بۆ لێهاتوویی فەرماندەکانی گۆڕەپان بەجێ دەهێڵرێت، ئەمەش پێچەوانەی فەرمانی مەرکەزییە.

شەشەم بنەما بریتییە لە قبووڵکردنی مەترسییە لێکدراوەکان. سفرکردنەوەی مەترسی لە جەنگدا مەحاڵە، بۆیە دەبێت بڕی سوود و دەستکەوتی چاوەڕوانکراوی ئۆپراسیۆنەکە لە ئەگەری سەرکەوتن زیاتر بێت لە بڕی ئەو زیانەی لە ئەگەری شکستدا بەر سوپا دەکەوێت. ئەم بنەمایە ڕێگری لە سستبوون و بێباکی دەکات و وا دەکات ترسی زیانێکی کەم ئۆپراسیۆنێکی گەورە ڕانەگرێت.

## گرنگیی ستراتیژی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

جێبەجێکردنی عەقیدەی فەرماندەیی ئەرکەکان بۆ هێزی پێشمەرگە تەنها وەرگرتنی مۆدێلێکی ڕۆژئاوایی نییە، بەڵکو زەرووڕەتێکی جیۆپۆلیتیکی و مەیدانییە. لەبەر جوگرافیای سەختی کوردستان و ناوچە شاخاوییەکان کە ڕەنگە لە دۆخی جەنگدا پەیوەندییەکان تێیدا بپچڕێن، چاوەڕوانکردنی فەرمانی ناوەندی کارەساتبارە و پێویستە فەرماندەکان خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بن. هەروەها سروشتی دوژمن و گرووپە تیرۆریستییەکان کە پشت بە شەڕی پارتیزانی و جوڵەی خێرا دەبەستن، وا دەخوازێت هێزی پێشمەرگە خاوەنی لامەرکەزییەتی بڕیاردان بێت تا بتوانێت خێراتر لە دوژمن وەڵام بداتەوە.

بۆ سەرکەوتنی ئەم عەقیدەیە لە کوردستان، زۆر گرنگە گرنگییەکی تەواو بە پێگەیاندنی ئەکادیمیی ئەفسەر و فەرماندە مەیدانییەکان بدرێت، تا سەرکردایەتیی باڵا دڵنیا بێت لەوەی کە ئەفسەرەکانی توانای خوێندنەوەی دۆخەکەیان هەیە و بڕیارەکانیان ژیرانەیە. پەیڕەوکردنی ئەم عەقیدەیە هێزی پێشمەرگە لە هێزێکەوە کە چاوەڕێی فەرمان دەکات، دەگۆڕێت بۆ هێزێکی داینامیکی و خاوەن دەستپێشخەری کە کلیلی سەرکەوتنە لە جەنگە مۆدێرنەکاندا.

# پاراستنی هێزە وشکانییەکان لە کاریگەریی تەقینەوەکان

وەرگێڕان: هاوکار محەمەد

سوپاکانی جیهان و هاوبەشە پیشەسازییەکانیان، کار دەکەن بۆ بەهێزکردنی سەکۆ و سیستەمەکانی جەنگ و ئەو چەکانەی کە هێزەکانی وشکانی لە مەیدانی جەنگدا دەپارێزن. لەکاتێکدا سیستەمە نوێیەکان یارمەتیدەرن بۆ پاراستنی سەلامەتیی ستاف و سەرنشینانی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان، داهێنانەکانی دیکە ڕێگە بە سەربازانی ئۆپەراسیۆنە پیادەییەکان دەدەن ئاستی بەرگرییان بەرانبەر بۆمبەکان و هەڕەشەکانی دیکە بەرز بکەنەوە.

ئەو خزمەتگوزارییانەی کۆمپانیاکان پێشکەشی دەکەن، سەلامەتیی تاکەکان لە مەیدانی جەنگدا بەهێزتر دەکەن، ئەوەش لە ڕێگەی مۆدێلە نوێیەکانی ئۆتۆمبێلە سەربازییە سووکەکانەوە کە لە ناوچە ئاوەدانەکان و بواری هەواڵگریشدا کار دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا، تاقیگەی توێژینەوەی تایبەت بە سوپای ئەمریکا، کۆمپانیا دروستکەرەکان ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەکاتەوە بۆ زیادکردنی توانای سیستەمی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان. لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣دا، کۆمپانیای ئەمریکیی «ئەڵکۆئا» (Alcoa) وەڵامی ئەم داهێنانەی دایەوە، کاتێک قەڵغانی (H١٥١-ArmX٥٤٥٦)ی خستە ڕوو. سوپای ئەمریکا قەڵغانە نوێیەکەی لەسەر ئۆتۆمبێلی (FED Alpha)ی تایبەت بە خۆی تاقی کردەوە و سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

پێکهاتەی ئەلەمنیۆمیی ئۆتۆمبێلی (FED Alpha) وا دەکات ئەم ئۆتۆمبێلە ١٠ جار سووکتر بێت لە ئۆتۆمبێلی پۆڵایی، هەروەها ئەم پێکهاتەیە بەکارهێنانی سووتەمەنی بە ڕێژەی ٦ بۆ ٩ لە سەدا کەم دەکاتەوە.

بەڵام ئەوەی بۆ سەرباز گرنگترە، کارایییە بالیستییە پێشکەوتوو و کاریگەرەکەیەتی. لە چاوپێکەوتنێکدا کە گۆڤاری «ئاسایش و بەرگریی عەرەبی» لەگەڵ تۆنی مۆراڵیس، بەڕێوەبەری بەشی بازاڕگانی بۆ بەرهەمەکانی ئاسمانی و بەرگری لە کۆمپانیای ئەڵکۆئا ئەنجامی داوە، ناوبراو وتی: (ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئۆتۆمبێلی شەڕی وشکانی و پرۆگرامی ئۆتۆمبێلی تەکتیکیی سووکی هاوبەش، هەروەها ئۆتۆمبێلی بلاَدن و ئۆتۆمبێلی شەڕی دوو ژینگەیی، چونکە لەناو پرۆگرامی نوێی (ArmX)دا بەکار دێن. بەڕێوەبەرایەتیی ئەڵکۆئا چاوەڕوان دەکات دیزاینەرانی ئۆتۆمبێلە زرێپۆشەکان لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئارەزووی خۆیان بۆ پرۆگرامی (H١٥١-ArmX٥٤٥٦) نیشان بدەن).

سوپای ئەمریکا هانی کۆمپانیا پیشەسازییەکان دەدات بۆ گەیشتن بە تەکنەلۆژیایەکی گرنگ، واتە گەشەپێدانی سیستەمێک کە کاریگەریی تەقینەوەکان کەم بکاتەوە. سیستەمەکانی ئێستای ئۆتۆمبێل، کە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی تەقینەوەکان دروست کراون، پشت بە تێکەڵەیەک لە ستراتیژییەکان دەبەستن؛ وەک دروستکردنی ئۆتۆمبێلی هاوشێوەی (MRAP)ی دژەمین و بۆسەکان، کە ژێرەکەیان بە شێوەی (V) دروست کراوە بۆ پەرتکردنی هێزی تەقینەوەکە.

بۆیە سوپای ئەمریکا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (TenCate) واژۆ کرد، کە دروستکەری سیستەمی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی تەقینەوەیە. ئەم سیستەمە چاودێریی چۆنیەتیی کارکردنی بۆمبەکان و شیکردنەوەیان دەکات، تاوەکوو دواتر ڕێکاری دژەکارانە بۆ پاراستنی ئۆتۆمبێلەکە بگرێتە بەر.

ئەم کۆمپانیایە بۆ هەڵسەنگاندنی تەکنەلۆژیاکە، گرێبەستی هاوکاریی لەسەر توێژینەوە و گەشەپێدان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوە و ئەندازیاریی سوپای ئەمریکا واژۆ کردووە. جگە لەوەش، کار لەسەر پرۆژەکانی گەشەپێدانی کەرەستەی سەربازی دەکرێت بۆ پاراستنی سەربازان لە مەترسییەکان.

لە کۆبوونەوە و پێشانگای کۆمەڵەی سوپای ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١٣ (AUSA)، بەڕێوەبەرانی پرۆگرامی سیستەم و کەرەستە سەربازییەکانی سوپای ئەمریکا، بابەتێکیان خستە ڕوو کە تێیدا بانگهێشتی کۆمپانیاکانی پیشەسازیی بەرگری دەکەن بۆ یارمەتیدانی سوپاکان لە سووککردنی قورسایی بارەکانیان. ئەمەش دەرفەتی بۆ سوپای ئەمریکا ڕەخساند بۆ بینینی ئەو بەرهەمە نوێیانەی کە خراونەتە بازاڕەوە و بۆ پاراستنی چاو، سەر، ئەژنۆ و بەشەکانی دیکەی جەستەی مرۆڤ دروست کراون.

لەو کۆمپانیایانەی کە خۆیان بۆ گەشەپێدانی بەرهەمەکانی پاراستنی سەلامەتیی سەرباز تەرخان کردووە، کۆمپانیای بەریتانیی (D٣٠)ـە کە پسپۆڕە لە ماددە زیرەکەکان و خاوەنی بەرهەمێکی تەکتیکییە بە ناوی (TRUST) کە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی لێدان دروست کراوە. پرۆگرامی (TRUST) بە تایبەتی بۆ بازاڕە سەربازییەکان دروست کراوە و سیستەمێکی تەواوی پاراستنی جەستە پێشکەش دەکات کە سووک، ئاسوودە و نەرمە.

ئەو کەرەستانەی پرۆگرامەکە دابینی

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku



دەکات، کڵاوی سەربازی (خوودە) و پارێزەری ئەژنۆ دەگرێتەوە.

دەوترێت ئەو سیستەمەی کڵاوی سەربازی کە بە ماددەکانی (D۳۰) دروست کراوە، ئاسوودەییی تەواو و پاراستنێکی بەرز دابین دەکات، بە شێوەیەک کە لە تاقیکردنەوەکانی کڵاوی سەربازیی شەڕی پێشکەوتوودا، بە ڕێژەی ٣٣٪ لە ئاستی پێویست بۆ پاراستن تێدەپەڕێت، ئەوەش لە کاتێکدا تەنەکان بە خێراییی ١٠ پێ لە چرکەیەکدا بەر کڵاوەکە دەکەون.

لویز ویڵسۆن، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە کۆمپانیاکە، ئاماژەی بەوە کردووە کە (D۳۰) خاوەنی تۆڕێکی دابەشکردنە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە جیهاندا گەشە دەکات و بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی هاوبەشانی دابەشکردنی پرۆگرامی (TRUST) لە سعوودیە. ویڵسۆن ئەوەشی خستە ڕوو کە (D۳۰) لە سەرەتای ساڵدا بەرهەمەکانی لە پێشانگای بەرگریی نێودەوڵەتی (IDEX) بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای (Hydra Trading) لە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی نمایش کردووە، بەڵام لەو کاتەدا بەرهەمی (TRUST) هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەپێداندا بوو. بەرهەمەکە لەو پێشانگایەدا بۆ کۆمپانیاکان و سوپا ئاشکرا کرا.

سەبارەت بە کۆمپانیای (Revision Military)، ئەم کۆمپانیایە پۆرتفۆلیۆی کەرەستەکانی پاراستن فراوان دەکات بۆ دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، تاوەکوو بگاتە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەو چوارچێوەیەدا، سوپای دانمارک داوای ٣٠٠٠ کڵاوی سەربازیی لە جۆری (Battleskin Cobra)ی زرێپۆش و زۆر سووکی کردووە.

ئەلێکس هۆپەر، جێگری سەرۆکی کۆمپانیاکە بە گۆڤاری «ئاسایش و بەرگریی عەرەبی»ی ڕاگەیاندووە: (ئێمە تا ئەمساڵ دەستمان بە بازاڕکردن بۆ تواناکانی کڵاوە سەربازییەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکردبوو. تا ئێستاش، هەندێک لە کڕیارەکان ئارەزووی خۆیان بۆ کڵاوی سەربازیی سووکی (Lightweight P۲) نیشان داوە و لە کۆتاییی ساڵدا چاوەڕوانی هەندێک داواکاریی کڕین دەکەین.)

هۆپەر قسەکانی بەم شێوەیە کۆتایی پێ هێنا: (ئێمە یەکەمین فرۆشتنی کڵاوی سەربازیی جۆری (Aramid A۱ACH)مان بۆ کووەیت ئەنجام داوە. هەروەها ئەم کڵاوەمان بە چەندین کڕیار لە ئیمارات، بەحرەین و قەتەر فرۆشتووە.)

# شاشەکان وەک بەرەی جەنگ
# چەکدارکردنی سۆشیال میدیا لە جەنگی زانیاریدا

● ئامادەکردنی: ئاکام

لە جیهانێکی پڕ لە ناسەقامگیری و جەمسەرگیریی جیۆپۆلەتیکیدا، سروشتی جەنگەکان گۆڕاوە. تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و زانیاری، چەکی نوێی بەدەست دەوڵەتەکانەوە داوە بۆ بردنەپێشی ململانێکان بە شێوازی نوێ. لەناو ئەم چەکانەدا، سۆشیال میدیا بووەتە یەکێک لە کاریگەرترین و مەترسیدارترین ئامرازەکان. چیتر سۆشیال میدیا تەنها پلاتفۆرمێک نییە بۆ پەیوەندی، بەڵکو بووە بە بەرەیەکی سەرەکیی «جەنگی زانیاری» کە تێیدا ڕاستی و درۆ تێکەڵ دەبن و کاریگەری لەسەر چارەنووسی گەلان دادەنرێت. لێرەوە بەچەند شێوازێك سۆشیال میدیا چەکدار دەکرێت:

## یەکەم: چەکدارکردنی سۆشیال میدیا چییە؟

ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی بەمەبەستی پلاتفۆرمەکانی وەک (فەیسبووک، ئینستاگرام، ئێکس، تێلیگرام) وەک چەکێک بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە، زانیاریی چەواشەکارانە، هەواڵی ساختە و دەستکاریکردنی ڕای گشتی بە ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆژی. ئەمە لە ڕێگەی چەندان تاکتیکی جیاوازەوە ئەنجام دەدرێت، لەوانە:

- بۆتەکانی سۆشیال میدیا: بەکارهێنانی هەژماری ئۆتۆماتیکی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامێک بە شێوەیەکی بەرفراوان و دروستکردنی وەهمی پشتیوانیی جەماوەری.
- پڕوپاگەندە و هەواڵی ساختە: دروستکردنی چیرۆک و وێنە و ڤیدیۆی کاریگەر بۆ ناشرینکردنی دوژمن یان بەلارێدابردنی ڕای گشتی.
- هێرشی ئەلیکترۆنی و فیشینگ (ڕاوکردنی زانیاری): بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ هاککردنی هەژمارەکان و دزینی زانیاریی هەستیار.
- ژیریی دەستکرد و دیپ فەیک (Deepfake): بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ دروستکردنی ڤیدیۆی ساختەی باوەڕپێنەکراو، وەک قسەکردنی سەرکردەیەکی سیاسی بە شێوەیەک کە هەرگیز ڕووی نەداوە، بۆ دروستکردنی ئاژاوە و بێمتمانەیی.

## دووەم: سۆشیال میدیا لە مەیدانی ململانێکاندا

بەکارهێنانی سۆشیال میدیا وەک چەک لە چەندین ڕووداوی گەورەی جیهانیدا بە ڕوونی دەرکەوتووە:

- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا (٢٠١٦ و ٢٠٢٠): ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕووسیا بە شێوەیەکی بەرفراوان سۆشیال میدیای بەکارهێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی چەواشەکارانە و کاریگەریکردن لەسەر دەنگدەرانی ئەمریکی.
- ڕیفراندۆمی بریگزیت (Brexit): زانیاریی چەواشەکارانە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتیی بەریتانیا بەرەو دەرچوون لە یەکێتیی ئەورووپا.
- سیستەمی «متمانەی کۆمەڵایەتی» لە چین: چین سۆشیال میدیا بەکاردەهێنێت بۆ چاودێریکردنی هەموو جووڵەیەکی هاوڵاتیانی و پۆلێنکردنیان، کە ئەمەش شێوازێکی نوێی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگایە.

## سێیەم: جەنگی ئۆکرانیا - یەکەم جەنگی تەواوەتیی سۆشیال میدیا

جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا بە «یەکەم جەنگی تەواوەتیی سۆشیال میدیا» دادەنرێت. لەم جەنگەدا، سۆشیال میدیا تەنها ئامرازێکی لاوەکی نییە، بەڵکو بەرەیەکی سەرەکیی شەڕەکەیە:

- گێڕانەوەی دژ بەیەک: ڕووسیا هەوڵ دەدات گێڕانەوەی مێژوویی خۆی بۆ جەنگەکە بسەپێنێت، لە کاتێکدا ئۆکرانیا و سەرۆک زێلێنسکی سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بەکاردەهێنن بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی و بەرزکردنەوەی ورەی گەلەکەی.
- مێژوونووسانی هاوڵاتی : خەڵکی ئاسایی لە ڕێگەی هەژمارەکانیانەوە سات بە ساتی جەنگەکە تۆمار دەکەن، کە ئەمەش هەم دەتوانێت ببێتە بەڵگەی تاوانەکانی جەنگ و هەمیش دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی زانیاریی هەڵە.
- سوپای دیجیتاڵی ئۆکرانیا : بۆ یەکەمجار، وڵاتێک بە فەرمی سوپایەکی دیجیتاڵی لە خۆبەخشانی ناوخۆ و دەرەوە پێکدەهێنێت بۆ



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

ئەنجامدانی هێرشی ئەلیکترۆنی و بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەکانی ڕووسیا.

## چوارەم: مەترسی و دەرەنجامەکان

چەکدارکردنی سۆشیال میدیا چەندین مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە:

- لەناوبردنی متمانە:بڵاوبوونەوەی زانیاریی چەواشەکارانە دەبێتە هۆی لەناوبردنی متمانە بە حکومەت، میدیا و دامەزراوەکان.
- جەنگی دەروونی و توندوتیژی: سۆشیال میدیا دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی جەنگی دەروونی، زیادکردنی جەمسەرگیریی کۆمەڵایەتی، و هاندانی توندوتیژی لە جیهانی ڕاستەقینەدا.
- هێرشی ئەلیکترۆنی: بەکارهێنانی وەک دەروازەیەک بۆ هێرشکردنە سەر ژێرخانی گرنگی وڵاتان و دزینی زانیاریی نهێنی.
- لەتکردنی ئینتەرنێت: ئەگەری ئەوە هەیە کە وڵاتان بۆ خۆپاراستن، ئینتەرنێتی نیشتمانیی خۆیان لە ئینتەرنێتی جیهانی دابڕن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی «لەتکردنی ئینتەرنێت».

چەکدارکردنی سۆشیال میدیا چیتر خەیاڵێکی زانستی نییە، بەڵکو واقیعێکی تاڵە کە سیمای جەنگەکانی ئەم سەردەمەی دیاری کردووە. ئەم دیاردەیە پێویستی بە وشیاریی دیجیتاڵی، زیادکردنی شەفافیەت لەلایەن کۆمپانیاکانی سۆشیال میدیاوە، و دارشتنی یاسایەکی نێودەوڵەتیی نوێ هەیە بۆ ڕێکخستنی ئەم بەرە نوێیەی جەنگ.

سەرچاوە: https://www.aljundi.ae/



# ڕۆڵ و کاریگەری هەواڵگری لە شەڕی مۆدێرندا

ئامادەکردنی: مقدم میرزا داود رسول
ئەفسەری هۆشیاری کۆلێژی ئەرکان

لە سەردەمی نوێدا شەڕەکان بە بەکارهێنانی زانیاری و هەواڵگری و زیرەکی دەستکرد و تەکنەلۆژیای مۆدێرن بەڕێوەدەچن نەک تەنها پشت بە سەرباز ببەستن. لە شەڕی هاوچەرخدا دەزگا هەواڵگرییەکان، چ ئەلیکترۆنی و چ مرۆییەکان، بەرپرسیارن لە دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و داڕشتنی ئۆپەراسیۆنەکاندا. زیرەکی دەستکرد و کۆکردنەوەی زانیارییەکان بوونەتە گەنجینەیەکی بەهادار و سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی شەڕەکان.

پێشتر لەشەڕەکاندا پشت بە توانا و لێهاتوویی و هێزی جەستەیی سەرباز و جەنگاوەرەکان دەبەسترا. بەڵام ئێستا، ڕەنگە ڕێڕەوی شەڕەکان لەلایەن کەسێکەوە دیاری بکرێت کە هیچ توانایەکی جەستەیی نەبێت، لەوانەیە تەنانەت توانای هەڵگرتنی چەکێکی سووکیشی نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە پشت شاشەیەکەوە، بەهۆی لێهاتوویی لە کۆکردنەوەی زانیاری و زیرەکی دەستکرددا، بتوانێت گرنگترین ئامانجەکانی دوژمن لەناوببات. ڕەنگە کەسێک کە هەرگیز لە سەنگەرێکی ڕاستەقینەی شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکاندا بەشدار نەبووبێت، کەچی بتوانێت لە پشت شاشەیەکەوە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کۆنترۆڵ بکات و گرنگترینی ئامانجەکانی دوژمن بە وردییەکی بەرزەوە لەناو ببات.

شەڕی مۆدێرن گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیەوە بینیوە کە بە شێوەیەکی کاریگەر کۆتایی بە فۆرمی تەقلیدی خۆی هێناوە،ئامرازەکانی شەڕ بە تەواوی گۆڕاون. هەواڵگری و زیرەکی دەستکرد و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مووشەکی زیرەک و چەکی هایپەرسۆنیک بوونەتە هۆکاری یەکلاکەرەوە و ژێرخانی نوێی بەرەکانی شەڕی هاوچەرخ.

هەواڵگری توخمێکی چارەنووسسازە لە شەڕی مۆدێرندا، چیتر سنووردار نییە بە کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی تەقلیدی بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ شەڕی ئەلیکترۆنی و دەروونی و زانیاری. سوپای مۆدێرن



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

پشت بە تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و مانگی دەستکرد و شیکاری داتا گەورەکان و هەواڵگری مرۆیی دەبەستێت بۆ تێگەیشتن لەقووڵایی گۆڕەپانی شەر و گرتنەبەری بڕیارە کاریگەرەکان. خاوەندارێتی زۆرترین زانیارییەکان و توانای شیکردنەوەیان، باڵادەستی لەم شەڕانەدا دیاری دەکات.

## ڕۆڵی هەواڵگری لە شەڕی مۆدێرندا

- کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان: دەزگا هەواڵگرییەکان هەڵدەستن بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکان لەسەر توانا و پلانەکانی دوژمن، بەهۆی چاودێریکردن لە ڕێگەی مانگی دەستکردەکان و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەواڵگری مرۆییەوە.
- جەنگی سایبەری و ئەلیکترۆنی: زۆر پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشە ئەلیکترۆنییانەی کە ژێرخانە گرنگەکان دەکەنە ئامانج، هەروەها بۆ پەکخستن و تێکدانی سیستەمی پەیوەندی و ڕادارەکانی دوژمن. لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا ئامێرە جۆراوجۆرەکانی وەک ڕادار بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی سیگناڵە ئەلیکترۆنیەکان و چوونەناوەوەی و دەستێوەردانی، هەروەها بۆ خۆپاراستن لەڕێگەی شاردنەوەی یان گۆڕینی فرێکوێنسەکان، یان بەکارهێنانی کۆدی تایبەت.
- جەنگی زانیاری: جەنگی زانیاری بەشێکە لە ستراتیژییەکانی بەڕێوەبردنی گۆڕەپانی شەڕە پێشکەوتووەکان، کە بەکارهێنانی زانیارییەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا. ئەم جۆرە شەڕە هەموو شتێک لەخۆدەگرێت لە تێکدانی توانای دوژمنێکەوە بۆ بڕیاردانی دروست لە بەرەکانی شەڕدا تا دەگاتە هێرشی ئەلیکترۆنی کە دەوڵەت سپۆنسەری دەکات بۆ سەر کۆمپانیاکانی وڵاتانی دیکە. تەنانەت دەتوانرێت لە جەنگی سیاسیشدا سوودی لێ وەربگیرێ، بە واتایەکی تر بەکارهێنانی زانیاری ناڕاستە بۆ دەستکاریکردنی ڕای گشتی و چاندنی بێمتمانەیی لە نێوان گەل و حکومەتەکەیدا.
- جەنگی دەروونی: لە بنەڕەتدا فریودانێکی دەروونییە کە مەبەست لێی سەرلێشێواندن و لاوازکردنی نەیارەکەیە. پڕوپاگەندە باوترین شێوازە بۆ ئەم کارە. دەزگا هەواڵگرییەکان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن بۆ کاریگەریی دانان لەسەر ڕای گشتی، بۆ نموونە هەڵبەستنی چیرۆکی ناڕاست و داڕشتنەوەی گێڕانەوە و ڕووداوەکان بەشێوەیەك کە ببێتە هۆی دابەزاندنی مۆراڵی لایەنی بەرامبەر، دروست کردنی سەرکەوتنی وەهمی و بانگەشە کردنی دەست بەسەرداگرتنی خاکی لایەنی بەرامبەر و شکست پێهێنانی، ئەمانە تاکتیکی شەڕی دەروونین، مەبەست لێی ترساندنی وڵاتانی دیکەیە.
- سۆراغکردن و هۆشداری پێشوەختە: بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پێگە و خاڵە لاوازەکانی دوژمن، یارمەتیدەرە لە هۆشدارییە پێشوەختەکان بۆ هەڕەشەکانی دوژمن و کەمکردنەوەی زیانەکان.
- شەڕی تێکەڵاو: هەواڵگری ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە هەماهەنگی کردن و تێکەڵاو کردن و کۆکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی شەڕ، وەک هێرشی ئەلیکترۆنی، زانیاری، ئابووری و هێرشەکانی تر لە هەمان کاتدا.
- پشتگیری ستراتیژی و بڕیاردان: هەواڵگری بە ئامرازێکی گرنگ دادەنریت بۆ پشتگیریکردن لەدروستکردنی بڕیار لە ئاستە بەرزەکاندا، ئەوەش بەهۆی پێدانی زانیاری ستراتیژی و شیکاریکردنی ووردەوە دەبێت.
- سەرلێشێواندنی دوژمن: بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست بۆ دروستکردنی ئاژاوە و ئاڵۆز کردنی بارودۆخەکان و تێکدانی پلانە سەربازییەکانی دوژمن.
- ڕێگریکردن لە هێرشەکان: گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی، وەک بڵاوەپێکردنی هێزەکان لەو ناوچەدا کە مەترسییان لەسەرە، یان پێشگرتن و پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی دزەکردنی دوژمن بۆ ناو سەنگەرەکان و ناوچە گرنگەکان بەپشت بەستن بە زانیارییە هەواڵگرییەکان.
- جەنگی زانیارییە ئابوورییەکان (EIW) بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیژی زانیارییەکان بۆ کاریگەری دانان لەسەر ئابووری دەوڵەتی دوژمن. ئەمەش بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست بۆ دەستکاریکردنی نرخی پشکەکان و دزەپێکردنی زانیارییە داراییە هەستیارەکان و بەکارهێنانی هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ تێکدانی سیستەمی دارایی لەخۆدەگرێت.
- شەڕی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، ستراتیژی و تاکتیکەکانی تێکدان و پەکخستنی جوڵە و بڕیارەکانی دوژمن لەخۆدەگرێت، وەک بەکارهێنانی تەڵە و داو و سیگناڵی تەشویش. چونکە بەبێ زانیاری دروست و توانای گەیشتن بە هێزەکان، ڕەنگە فەرماندەکان سست بن و بکەونە تەڵەوە. لەبەرئەوەی کاری هەواڵگری بەزۆری لەناو خاکی دوژمندا ئەنجام دەدرێت، نابێت هیچ بوارێك بۆ هەڵە و کەمتەرخی هەبێت، پێویستی بە پابەندبوونی تەواو هەیە بە ڕێنمایی و فەرمانەکانەوە بۆ ئەوەی هیچ دەرفەتێك بۆ دوژمن نەڕەخسێت کە ئاشکرای بکات.

ئەوەی ڕوون و بەرچاوە، سروشتی پەرەسەندنی ململانێ پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژییەکان و نوێکردنەوەی ئامرازەکان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ خواست و پێویستییەکانی سەردەمی نوێدا بگونجێت. گرنگی هەواڵگریش تەنها لە پاڵپشتییەکی سەربازیدا کوورت ناکرێتەوە، بەڵکو وەکو داڕێژەر و هێزی بزوێنەری پلاندانانی شەڕەکان وێنا دەکرێت. ئەنجامدانی ئەم کارانەش پیویستی بەمەشقی بەردەوام هەیە بۆ ئەوەی سوود لەو هەڵەو کەموکوورتییانە وەربگیرێت لە کاتی ئەرکەکانی پێشوودا ڕوویانداوە، دووبارە نەبنەوە لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکانی داهاتوودا.

سەرچاوەکان:
١. www.nordvpn.com/ar/blog/information-warfare
٢. www.alwatan.com (الحروب الحديثة تدار بالاستخبارات والتقنية)

# پرسە دژوارەکانی ناو سوپای وڵاتان
# ئاڵنگاری و مەترسییەکان .. ڕێگەچارەکان

● ئامادەکردنی: هەوراز صالح مەلەکی

یەکێک لە پرسە دژوارو بەربڵاوەکانی ناو سوپاکانی وڵاتانی جیهان پرسی خۆکوشتنە، کە تا ئێستاش یەکێکە لە ئاستەنگە ئازاربەخش و ئاڵۆزەکانی بەردەم دامەزراوە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

ڕێکخراوە سەربازییە مۆدێرنەکان زیاتر دەزانن کە ڕێگریکردن لە خۆکوشتن تەنها ئەرکێکی پزیشکی یان دەروونی نییە، بەڵکو ئەرکێکە پەیوەستە بە سەرکردایەتی، کولتوور، دۆزینەوەی پێشوەختە و سیستەمی دەستڕاگەیشتن بە پاڵپشتی.

ژیانی سەربازی لەسەر دیسیپلین و خۆڕاگری و ئەرک بنیات نراوە، بەڵام لەهەمان کاتتدا ڕووبەڕوی فشاری کەسی دەبنەوە. مانەوە لە ئەرکدا بۆ ماوەیەکی درێژ، خراپی باری دارایی، دوورکەوتنەوە لە خێزان، زەبر و زەنگی بەرەنگاربوونەوەی، لەدەستدانی هاوڕێیان، و فشار بۆ پاراستنی هێز لە هەموو کاتێکدا. ئەم ئەزموونانە دەتوانن هێواش هێواش ماندوێتی سۆزداری کەڵەکە بکەن، هەندێکجار تا خاڵێکی قەیراناوی بە نەبینراوی بمێننەوە. هەر لەبەر ئەمەشە کە ناسینەوەی پێشوەختەی نیشانەکانی ناڕەحەتی زۆر گرنگە.

## ناسینەوەی نیشانەکان و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختە

گۆڕانکارییە وردەکان- خۆدورخستنەوە لە هاوسەنگەرەکانی، تێکچوونی خەو، دابەزینی ئاستی کارکردن، توڕەبوون، یان ڕەفتاری لەناکاوی مەترسیکردن- ڕەنگە یەکەم نیشانە بن کە سەربازێک لە ژێر فشاردایە. ئەو سەرکردە و هاوسەنگەرانەی کە ڕۆژانە لە ئەرکدان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە تێبینیکردنی ئەم گۆڕانکاریانە پێش ئەوەی پەرەبستێنێت.

هەندێک گروپ لەناو سەربازیدا




ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

پێویستیان بە گرنگیدانی تایبەت هەیە. زۆرجار دامەزراوانی نوێ ڕووبەڕووی ئاستەنگی خۆگونجاندن دەبنەوە کاتێک ژیانیان لە مەدەنیەوە دەگۆڕدرێن بۆ ژینگەیەکی زۆر پێکهاتەدار و داواکاری. ئەو سەربازانەی لە ئەرک دەگەڕێنەوە لەوانەیە کێشەیان لەگەڵ خۆگونجاندن هەبێت، هەست بە دابڕان لە ژیانی مەدەنی بکەن یان یادەوەرییەکانی شەڕکردن زاڵ بن.

## شکاندنی شەرم و بنیاتنانی پاڵپشتی

دەستنیشانکردنی پێشوەختە تەنها کاتێک کاریگەر دەبێت کە لەگەڵ کولتوورێکدا بێتەئاراوە کە ڕێگە بە سەربازەکان بدات بە ئاشکرا باسی تەندروستی دەروونی بکەن. شەرم وەک یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی ناو کۆمەڵگە سەربازییەکان هەژماردەکرێت. زۆرێک ترسیان لەوە هەیە کە داوای یارمەتی زیان بە ناوبانگیان بگەیەنێت، پێشکەوتنی پیشەکەیان سنووردار بکات، یان ئاماژە بە لاوازی بکات. لە ڕاستیدا دەستێوەردانی پێشوەختە تاک و یەکەکە بەهێز دەکات. ئێستا سیستەمی مۆدێرن هاندەری پەیوەندی کراوە و باسکردنی کێشەو گرفتەکانن لەگەڵ ئەوکەسانیەی جێگای متمانەن.

## ڕێڕەوی پشتیوانی ڕوون و دەستڕاگەیشتنی خزمەتگوزاری

خۆپاراستنی کاریگەر لە خۆکوشتن پەیوەستە بە دامەزراندنی ڕێڕەوی پشتیوانی ڕوون کە جێگای متمانەی سەربازەکان بێت. کاتێک سەربازێک نیشانەکانی نارەحەتی نیشان دەدات، یەکەم و گرنگترین هەنگاو هاوسۆزییە. قسەکردن بە ئاشکرا - بەڵام بە ڕێزەوە - دەربارەی هەستەکانیان دەتوانێت ڕزگاربوونێکی دەستبەجێیان پێبدات و ئەو فشارە سۆزدارییە کەم بکاتەوە کە دووچاری هاتونەتەوە. توێژینەوەکان بە بەردەوامی دەریدەخەن کە پرسیارکردنی ڕاستەوخۆ دەربارەی بیرکردنەوەکانی خۆکوژی مەترسی زیاد ناکات؛ بەڵکو هاوسۆزی نیشان دەدات و ژینگەیەکی سەلامەت بۆ دەربڕینی هەستەکانی دروست دەکات. کاتێک مەترسییەک دەستنیشانکرا، پێویستە ڕێوشوێنی پاراستنی دەستبەجێ بگیرێتەبەر، دواتر ڕەوانەکردن بۆ کارمەندانی تەندروستی دەروونی ڕاهێنراو.

پشتیوانی هاوڕێ و هاوسەنگەران یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارە پارێزەرەکان لە بواری سەربازیدا. سەربازەکان پەیوەندییەکی هاوبەشیان هەیە کە لە ڕێگەی پشگیری یەکتر و کاری تیمی و وابەستەیی یەکترەوە دروست بووە. کاتێک ئەم پەیوەندییە پەروەردە دەکرێت، دەبێتە پارێزەرێکی بەهێز لە بەرامبەر گۆشەگیری و بێهیوایی. هاندانی سەربازەکان بۆ گرنگیدان بە یەکتر و گوێگرتن بەبێ حوکمدان لەسەر باروودۆخی یەکتر دەتوانێت ڕێگری لە قەیرانەکان بکات پێش ئەوەی پەرەبستێنێت.

فەرماندەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی ئەم کولتوورەدا دەگێرن. ئەو فەرماندانەی کەهانی متمانە و نزیکبوونەوە و پەیوەندی کراوە دەدەن،دەبنە هۆی ئەوەی کە سەربازەکان هەست بە سەلامەتی بکەن لە دەربڕینی نیگەرانییەکان. ئەو سەرکردانەی کە هۆشیاری دەروونی پراکتیزە دەکەن- وە هەستبەوە بکەن کە کەی ئاستی فشارەکان بەرز دەبێتەوە، پێدان کاتی پشو و مۆڵەت و چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان سەربازەکان بە خێرایی- تەندروستی دەروونی تیمەکانیان بەهێز دەکەن. لە بەرامبەردا ئەو ژینگەیانەی کە ترس و توندی، یان لۆمەکردنی سەربازەکانی تێدایە ، فشارە دەروونییەکان. فەرماندەی کاریگەر دان بەوەدا دەنێت کە گرنگیدان بە خۆشگوزەرانی دەروونی سەربازەکان شتێکی لاوەکی نییە بەڵکو سەرەکییە بۆ ئەرکەکەیان. هێزێکی تەندروست لە ڕووی دەروونییەوە هێزێکی زیاتر تەرکیزکراو و دیسپلینکراو و ئامادەیە بۆ ئەرک. لە دوای هەوڵی خۆکوشتن یان مردن، کاریگەری سۆزداری لەسەر یەکەکە قووڵتر دەبێت. سەربازەکان لەوانەیە تووشی هەستی تاوانباری، سەرلێشێواوی، توڕەیی، یان ترس بن- و ئەگەر ئەم کاردانەوەیانە چارەسەر نەکرێن، دەتوانن بەشداربن لە گرفتی دەروونی زیاتر لەناو یەکاکاندا.

## خولی ڕاهێنان و پەروەردە وەك ئامرازی خۆپارێزی

بەرنامەکانی ڕاهێنان چینێکی گرنگی خۆپاراستن پێکدەهێنن. بەڵگەکان دەریدەخەن کە بەرزکردنەوەی توانای سەربازان و سەرکردەکان سەبارەت بە کاردانەوەکانی فشار، ستراتیژییەکانی خۆگونجاندن، نیشانەکانی زەبر و کارامەییەکانی پەیوەندیکردن مەترسی کەمدەکاتەوە و خۆراگری بەرەوپێش دەبات.

دوورخستنەوەی هۆیەکانی زیان بەخۆگەیاندن وەک چەک، پەت، چەقۆ... هتد. کاتێک سەربازێک لە مەترسی زیانبەخۆگەیاندندایە سەلامەتی مسۆگەر دەکات تاوەکو یارمەتی پیشەیی بەردەست دەبێت.

سەچاوەکان:


- World Health Organization (WHO) – Suicide Prevention
  World Health Organization. Suicide Prevention: Key Facts and Global Strategies. WHO, ٢٠٢٣.
  https://www.who.int/news-room/fact-sheets/detail/suicide

- RAND Corporation – Military Mental Health Studies
  RAND Corporation. Preventing Suicide in the U.S. Military: Findings and Recommendations. RAND Health, ٢٠٢٢.
  https://www.rand.org/pubs/research_reports/RRA١٠٧-١.html

- International Association for Suicide Prevention (IASP)
  International Association for Suicide Prevention. Global Suicide Prevention Resources, ٢٠٢٣.
  https://www.iasp.info/resources/Crisis-Centres

## چەمکە سەربازییەکان

# بەرگریی لاستیکی
# تیۆری ڕووبەڕووبوونەوە لە مەیداندا

ئامادەکردنی : سەروان باپیر

بەرگریی لاستیکی یاخود بەرگریی قووڵ ستراتیژێکی سەربازییە کە لایەنی بەرگریکار بە چەندین هێڵی جۆراوجۆر چەند چینێکی بەرگریی جیاواز دروست دەکات، بەهۆیەوە هێرشی دوژمن دەخواتەوە و خاوی دەکاتەوە هەتا لە دەرفەتێکدا بە دژەهێرشێک هێزی دوژمن پەرتەوازە دەکات. بەرگریی لاستیکی جیاواز لە بەرگریی هێڵی دیواربەندی، تەرکیز ناخاتە سەر یەک هێڵی بەرگریی توند و هەموو هێزی بەرگریکاری تێدا کۆ ناکاتەوە، بەڵکو لە جیاتی ئەوە هێزەکانی بەرگری بەسەر چەندین چینی یەک لەدوای یەکدا دابەش دەکات تا بەهۆیەوە بە پێدانی بەرەبەرەی خاک بە دوژمن هێزی دوژمن لاواز و بریندار بکات. لەبری ئەوەی بەرگریکار بە یەک جار هێرشی دوژمن تێکبشکێنێت، هێرشی دوژمن خاو دەکاتەوە و ئاراستە و ئامانجی لێ تێکدەدات.

بەرگریی لاستیکی لەلایەن سوپایەکەوە بەکار دەهێنرێت کە هێزی لە سوپای هێرشبەر کەمتر بێت، یاخود دڵنیایی تەواوی لە هێز و ژمارە و ئاستی هێرشبەر نەبێت. زۆرجار ئەو سوپایانەی کە لە هێزی لەشکری بەرامبەر سڵ دەکەنەوە و توانای شکاندنی هێرشیان نییە بە یەک جار، دەست دەکەن بە لێدانی چەندین هێڵی بەرگریی جیاواز و دروستکردنی چەندین چینی یەک لەدوای یەک و بڵاوکردنەوەی هێزەکانیان بەسەر چینە جیاوازەکاندا.

بەرگریی لاستیکی دەبێت چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، ئەگەرنا دەگۆڕێت بۆ مەرگەساتێکی گەورە بۆ هێزی بەرگریکار. جوگرافیا و هەڵکەوتەی زەویی گونجاو یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان کە هەرێمی کوردستان خاوەنیەتی. پاشان نەتەوەی بەرگریکار دەبێت وەک پێویست خاوەنی خاک و قوڵایی ستراتیژی بێت، چونکە سوپا ناتوانێت لە ڕووبەرێکی بچووکدا چەندین هێڵ و چینی بەرگری دروست بکات پێش ئەوەی دوژمن بگاتە شارە سەرەکییەکان. هەروەها دەبێت ئاشنای ڕەفتاری دوژمن و ئامانجەکەی بێت، بۆ نموونە لەبەرامبەر دوژمنێکی وەک داعش نابێت لەپێناوی جێبەجێکردنی ستراتیژیی بەرگریی لاستیکی چەندین گوند و شارۆچکە بخەیتە مەترسییەوە کە لەگەڵ دەست بەسەرداگرتنیدا کۆمەڵکوژی تێدا ئەنجام دەدات، بەڵام دەکرێت لەپێناوی سەرکەوتنی تەواوی گەلەکەدا چەند گوند و ناوچەیەک چۆڵ بکرێن و بگوازرێنەوە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## پێکهاتەی بەرگری لاستیکی

چینەکانی بەرگریی لاستیکی بەگشتی بەسەر سێ چیندا دابەش دەبن و دەبێت فەرماندەی سوپا دڵنیا بێت لەوەی هەر سێ چینەکە لە شوێنی خۆیاندان:

یەکەم/ چینی ئاسایش و تەماس: هێڵی هەرە پێشەوەی مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ هێرشبەر و لەلایەن یەکە بارسوکەکانەوە چاودێری دەکرێت. لەوانە یەکە نیشانەشکێنەکان، مەفرەزە گەڕۆکەکان، ڕەبیە و سەنگەرە بچووکەکان، یەکەی بچووکی دژەتانک، یەکەکانی ڕادار و درۆن و پەیدۆزییەکان. ئامانجیان شکاندنی هێرشی گەورەی دوژمن نییە، بەڵکو ئامانجیان دیاریکردنی ئاراستەی جوڵەی هێزی سەرەکیی دوژمنە، هەروەها دانانەوەی بۆسە و خاوکردنی جوڵەیە. لە هەمووی گرنگتر ناچارکردنی دوژمنە بە هێنانی هێز و ئامێرە سەرەکییەکانیان بۆ ناو شەڕەکە، پاشان کشانەوەیەکی مەبەستدارانە و ڕاکێشانی دوژمنە بەرەو چینی دواتر کە هێڵی سەرەکییە.

دووەم/ چینی سەرەکی یاخود هێڵی وەرگرتن: کاتێک دوژمن بە چەک و ئامێر و هێزە سەرەکییەکانییەوە پێشڕەوی دەکات، وا هەست دەکات لە بردنەوەدایە و گەیشتووەتە هێڵەکانی پشتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ڕووبەڕووی هێڵی سەرەکیی بەرگری دەبێتەوە کە تێیدا بەرگریکار زۆربەی سەرچاوە و کەلوپەلەکانی تێدا بەکار دەهێنێت. هێرشبەر ڕووبەڕووی هێڵی قورس و سەنگەری گەورە و چەکی بەهێزی بەرگریکار دەبێتەوە، ئەو ناوچانەی تێی کەوتووە گۆڕەپانێکی پێشتر ئامادەکراوە بە بەربەست و چاڵ و مین و خەندەق، هەروەها دەکەوێتە ژێر بۆردوومانی تۆپخانەی پێشتر ئامادەکراوەوە. بەهۆیەوە هێرشبەر هێڵەکانی بەرگریی بەرامبەری لێ تێکدەچێت و ناتوانێت بە ئاسانی هێڵی سەرەکی دیاری بکات بۆ هێرشی یەکلاکەرەوە. کاتێکیش هێڵی سەرەکی بۆ دەردەکەوێت کات درەنگی کردووە و هێزەکەی بەتەواوی پەشۆکاو و لاواز بووە، ورە و وزەی پێویست لەدەست دەدات بۆ برینی هێڵی سەرەکیی بەرگری. ئەم هێڵەش تاکە هێڵێکی تەنها نییە، بەڵکو دابەش دەکرێت بەسەر چەندین هێڵ و ناوچەی بەرگریی جۆراوجۆر و یەک لەدوای یەک، تاوەکو دوژمن بەپێی کات و تێپەڕینی زیاتر هێزی زیاتر لەدەست بدات و ئامادە بێت بۆ خاڵی وەرگەڕان.

سێیەم/ چینی یەدەگ: لەو کاتەی هێرشبەر ماندوو و پەشۆکاوە، یەکەکانی بەسەر هێڵە جیاوازەکاندا دابەش بووە و خەتی هێرشەکەی درێژ بووەتەوە. لەو کاتەدا لە چینی سێیەمدا دەبێت باشترین و خێراترین یەکەکان لە یەدەگەوە دەربچن و ئەو بۆشاییانە ببڕن کە لە سوپای هێرشبەردا دروست بوون. یەکە سەربازییەکانی وەک هێزی تانک و زرێپۆشی شەڕکەر و زرێپۆشی پیادە و ئامێرە گوازەرەوەکان زیاتر دەبێت لەم چینەدا بن. لە باڵەکانەوە یاخود لە خاڵە لاوازەکانی ناو پێکهاتەی هێڵی هێرشبەرەوە دەربچن و دژەهێرش ئەنجام بدەن. بەپێی دۆخەکە دەکرێت دژەهێرشەکان ببنە هۆی داڕووخانی تەواوەتیی سوپای دوژمن، یاخود هێڵە لەدەستدراوەکان بەدەست بهێننەوە.

هەر هێڵێکی بەرگری بەبێ داڕشتنی ئەم سێ چینە بە بەرگریی لاستیکی هەژمار ناکرێت. زۆرجار ئامانج لێی خاوکردنەوە و ماندووکردنی دوژمن و پاراستنی هێڵەکانی بەرگری و سوپایە وەک لە لەناوبردنی تەواوەتیی دوژمن و پاراستنی خاک. هێرشبەر هەمیشە خاڵی ئەرێنیی هەیە بەوەی کەی و لەکوێ هێرشی سەرەکی ئەنجام بدات، هێزی بەرگریکار بە بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە هەندێک خاک بە کات دەگۆڕێتەوە و بەهۆیەوە ئامانج و جوڵەی سوپای سەرەکیی دوژمنی بۆ دەردەکەوێت. وانەی سەرەکیی ئەم ستراتیژە ئەوەیە کە خاک هێندەی پاراستنی سوپا گرنگ نییە، بەرگری لە گردێک بێ مانایە ئەگەر ببێتە هۆی گەمارۆدانی فەوجەکەت. لە جەنگی مۆدێرندا زۆرجار سەرکەوتوو ئەو هێزە نییە کە بە توندترین شێوە وەک دیوار دەوەستێت، بەڵکو ئەو هێزەیە کە بە باشترین شێوە وەک لاستیکێک دەکشێت بەبێ ئەوەی بپسێت.





## هێزە چەکدارەکانی جیهان

# سوپای رووسیا

● ئامادەکردنی: عەقید ئەحمەد

ناوی فەرمی سوپای رووسیا Вооружённые сѝлы Российской Федерáции یە کە دامەزراوەیەکی سەربازیی فەرمییە و لە سێ لقی سەرەکی هێزەکانی زەمینی و دەریایی و ئاسمانی و دوو لقی جەنگی سەربەخۆ کە هێزەکانی مووشەکی ستراتیجی و هێزە ئاسمانییەکانن پێکهاتووە، هاوکات لەگەڵ فەرماندەیی هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان. مێژووی نوێی سوپا دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت کاتێک بۆریس یەڵتسین لە ٧ی ئایاری ١٩٩٢ فەرمانی دامەزراندنی دەرکرد و سوپاکانی سۆڤیەتی خستە ژێر کۆنترۆڵی ڕوسیا. سەرۆکی ئەرکانی گشتی سەرۆک کۆماری ڕوسیایە و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی سوپاکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یەکێتی سلاڤی ڕۆژهەڵاتی ڕوسیا و کییێڤ.

### تواناى مرۆیی و دارایی و ئەتۆمی

سوپای ڕوسیا پێنجەمین گەورەترین هێزی سەربازی جیهانە بە نزیکەی یەک ملیۆن کارمەندی چالاک و دوو ملیۆن سەربازی یەدەک. خاوەنی گەورەترین عەمباری چەکی ئەتۆمی و دووەم گەورەترین کەشتیگەلی مووشەکی ژێردەریایی بالستیکییە و تاکە هێزە لەدوای ئەمریکا و چین فڕۆکەی بۆمبارانکەری ستراتیژی هەبێت. خەرجی سەربازی ساڵی ٢٠٢٤ نزیکەی ١٣٠ ملیار دۆلار بووە واتە ٦٪ی بەرهەمی ناوخۆیی، لەکاتێکدا ساڵی پێشوو ٨٦.٥ بۆ ١٠٩ ملیار دۆلار بووە و بۆ ساڵی ٢٠٢٥ پلان هەیە بەڕێژەی ٣٠٪ زیاد بکرێت بۆ ١٤٥ ملیار دۆلار.

### ژمارە و ئاماری سەربازان

بەپێی مەرسومی ١ی کانونی دووەمی ٢٠٠٨ ژمارەی هێزەکان ٢،٠١٩،٦٢٩ کەس دیاریکرا کە ١،١٣٤،٨٠٠ سەربازی خزمەت و ٨٨٤،٨٩٣ یەدەک بوون. ساڵی ٢٠١٠ پەیمانگای IISS هێزە چالاکەکانی بە ١،٠٤٠،٠٠٠ و یەدەکی بە ٢،٠٣٥،٠٠٠ مەزەندە کرد. بەڵام ڕاپۆرتی ئەنجومەنی وردبینی لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٣ ژمارەی مووچەخۆری ڕاستەقینەی بە ٧٦٦،٠٠٠ کارمەند دیاریکرد و لە کانوونی



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوالنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

یەکەمی ۲۰۱۳ قەبارەی هێزی کار ٪۸۲ ی قەبارەی پێویست بووە.

## بازرگانی چەك و وەبەرهێنان

بەپێی پەیمانگای ستۆکهۆڵم ساڵی ۲۰۱۱ ڕوسیا ۷۲ ملیار دۆلاری بۆ چەک خەرجکردووە و تا ۲۰۱٤ بەڕێژەی ٪۵۳ زیادی کردووە. هەناردەی چەک لەنێوان ۲۰۰۵ بۆ ۲۰۱٤ بەڕێژەی ٪۳۷ زیادی کردووە. خەرجی ساڵی ۲۰۱۵ بری ٦٦.٤ ملیار و ساڵی ۲۰۱٦ بڕی ٦۹.۲ ملیار دۆلار بووە و پلەی سێیەمی جیهانی گرتووە. ساڵی ۲۰۲۱ ڕێژەی چەکی مۆدێرن ٪۹۱.۲ و چەکی بەکارهێنراو ٪۹۹ بووە.

## پێکهاتە و لقەکان

جگە لە لقە سەرەکییەکان، دوو لقی دیکەی وەک پاسەوانی نیشتمانی ڕووسیا و خزمەتگوزاری سنوور هەن کە سەر بە ئەرکانی گشتی نین بەڵام ڕۆڵی گرنگیان هەیە. پاسەوانی نیشتمانی دامەزراوەیەکی سەربەخۆیە و سەر بە سەرۆکی ڕوسیایە، خزمەتگوزاری سنووریش نیمچە سەربازییە و سەر بە دەزگای ئاسایشی فیدراڵییە و لەکاتی جەنگدا بەشداری دەکەن.

## مێژووی گواستنەوە

دوای هەڵوەشاندنەوەی سۆڤیەت لە ۲٥ی کانونی یەکەمی ۱۹۹۱، هەوڵی دروستکردنی پاسەوانی نیشتمانی بە ۱۱ لیوا شکستیهێنا. سەرەتا یەڤگینی شاپوشنیکۆڤ کرایە فەرماندەی باڵای هێزەکان، دواتر لە ۷ی ئایاری ۱۹۹۲ یەڵتسین سوپای ڕوسیای دامەزراند و پاڤێل گراچیڤ بوو بە یەکەم وەزیری بەرگری. هێزەکان لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات کشانەوە بەڵام لە بنکەی دەریایی سیڤاستۆپۆل و ئەبخازیا و ئۆسیتیای باشوور و ترانسنیستریا مانەوە.

## جەنگی ئۆکرانیا ۲۰۲۲ تا ئێستا

لە ۲٤ شوباتی ۲۰۲۲ ڤلادیمیر پوتین هێرشی بۆ سەر ئۆکراینا دەستپێکرد.



سەرەتا جەنەراڵ ئەلیکساندەر دۆرنیکۆڤ فەرماندە بوو. ساڵی ۲۰۲۳ گروپی واگنەر بەسەرکردایەتی یەڤگینی پریگۆژین یاخیبوونی ئەنجامدا. ژمارەی قوربانیانی ڕوسیا لە ۲۰۰،۰۰۰ لە شوباتی ۲۰۲۳ بۆ ۱ ملیۆن کەس لە تەمووزی ۲۰۲٥ بەرزبووەوە. جەنەراڵ ئۆلێکساندەر سیرسکی لە نیسانی ۲۰۲٥ ڕایگەیاند ژمارەی سەربازانی ڕوسیا لە ئۆکرانیا ٦۲۳،۰۰۰ سەربازە و مانگانە ۸،۰۰۰ بۆ ۹،۰۰۰ زیاد دەکات. کۆی توانای سەربازی ڕوسیا ۲۰ ملیۆن کەسە کە ٥ ملیۆنیان مەشقیان پێکراوە. لە ئابی ۲۰۲٥ هێزەکانی ڕوسیا پێشکەوتنیان کردووە، هەرچەندە باڵادەستی تۆپخانەیان لە ۱۰ بۆ ۱ دابەزیوە بۆ ۱۰ بۆ ۲.

## فەرماندەیی و ناوچە سەربازییەکان

وەزارەتی بەرگری لایەنی کارگێری و ئەرکانی گشتی لایەنی ستراتیژییە. سێرگی شۆیگو وەزیری بەرگری و جەنەراڵ ڤالێری گێراسیمۆڤ سەرۆکی ئەرکانە. ساڵی ۲۰۱۲ پۆلیسی سەربازی و ۲۰۱۸ ئیدارەی سەربازی سیاسی دامەزران. هێزەکان دابەشکراون بەسەر ٤ ناوچەی ڕۆژئاوا، باشوور، ناوەندی و ڕۆژهەڵات لەگەڵ کەشتیگەلەکان. تەنها بنکەی ژمارە ۱۰۲ لە ئەرمەنستان ماوەتەوە و کەشتیگەلی باکوور لە ۲۰۲۱ باری بایکۆتی وەرگرت.

## کەلوپەل و چەك

هێزە زەمینییەکان: ۱٥،٥۰۰ تانک T-۹۰ و T-۷۲ و ۲۷،٦۰۷ ئۆتۆمبێلی سەربازی و ۳،۷۸۱ مووشەک هاوێژی وەک گراد و سمێرچ و ٤،٦۲٥ بەرگریکار و ٤٥۰ مین پاککەرەوە.

هێزە ئاسمانییەکان: خاوەنی ٪٤۰ی فڕۆکەکانی سۆڤیەتە. ساڵی ۲۰۱٤ خاوەنی ۳،۰۸۲ فڕۆکە بووە کە ۷۳٦ جەنگی و ۱،۲۸۹ هێرشبەر و ۷۳۰ گواستنەوە و ۳۰۳ مەشق و ۹۷۳ هەلیکۆپتەر ۱۱٤ جەنگی بوون. فڕۆکەکانی سوخۆی ۲٤ و ۲٥ و ٤۷ و تۆپۆلێڤ Tu-۲۲ M۳ بەکاردێنن.

هێزە دەریاییەکان: کەشتیگەلەکانی باکوور، زەریای هێمن، دەریای ڕەش، باڵتیک و قەزوین لەخۆدەگرێت و خاوەنی ژێردەریایی پێشکەوتووە.

# چەکێکی نوێ
# فڕۆکەی دایك و درۆنی خۆکوژ

● ئامادەکردنی : هێژا

گۆڤاری (The National Interest) بڵاویکردەوە کە هێزی ئاسمانی ئەمریکا گرێبەستێکی بە بەهای ٥٠ ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای (Anduril) واژۆ کردووە بۆ دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووک کە لەرێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گەورەترەوە هەڵدەدرێن.

ئامانج لەم هەنگاوە پڕچەککردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی جۆری (MQ-٩ Reaper)ـە بە چەندین تەقەمەنی گەڕۆک (Loitering munitions) لە جۆری (ALTIUS ٦٠٠)، ئەمەش بۆ فراوانکردنی مەودای ئۆپەراسیۆنەکان و پێدانی بژاردەی زیاتر بە فەرماندەکان.

بەپێی گرێبەستەکە، کۆمپانیای (Anduril) هەروەها خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی بۆ تەقەمەنییە گەڕۆکەکان، بارەکان، بەستەرەکانی داتا، و بۆرییەکانی هەڵدان، لەگەڵ مەشق و ڕاهێنان و پشتیوانی تەکنیکی دابین دەکات.

سیستەمی (ALTIUS ٦٠٠) دەچێتە چوارچێوەی پرۆژەی ئاسمانیی خۆگونجێن (A٢E) کە سەر بە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکایە، کە ئامانجی دابینکردنی فڕۆکەی بچووکترە بۆ فڕۆکە بێفڕۆکەوانە گەورەکان تا بە کردەیی وەک تەقەمەنی ئاراستەکراو کار بکەن و بتوانن ئامانجەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا بپێکن.

فەرماندە پێشووەکانی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی هێزی ئاسمانی، پرۆژەی (A٢E)یان بە یەکێک لە گرنگترین ئەولەویەتەکانی نوێکردنەوە وەسف کردووە، و ئاماژەیان بە پێویستی پەرەپێدانی تواناکانی هێزە تایبەتەکان کردووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ سیناریۆکانی ململانێی ئەگەری لەگەڵ نەیارانی وەک چین یان ڕووسیا.

فەرماندەییەکە لە لێدوانێکی پێشوودا سەبارەت بە چەمکی (A٢E) ڕایگەیاند: فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ئەولەویەتی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوە توندڕەوە توندوتیژەکانەوە گۆڕیوە بۆ خاوەندارێتی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارە هاوشانەکان لە ژینگە کێشە لەسەرەکاندا.

پرۆژەی (A٢E) بەرجەستەی ئەم گۆڕانکارییە دەکات، چونکە ڕۆڵی فڕۆکەی (MQ-٩) فراوان دەکات بۆ ئەوەی ئەرکگەلێک لەخۆ بگرێت کە لە هەواڵگری و چاودێری و سیخوڕی (ISR) و هێرشە وردەکان تێدەپەڕێت.

بۆ چەندین ساڵ، فڕۆکەی (MQ-٩ Reaper) توانای هەواڵگری و چاودێری و سیخوڕیی گرنگی بۆ یەکە تایبەتەکان دابین کردووە. لە زۆربەی کاتیشدا، ئەم فڕۆکانە بە مووشەکی (AGM-١١٤ Hellfire)ی ئاسمان-زەوی پڕچەک کرابوون، و هێرشی جووڵەیی ئاراستەکراو و ئەرکی پشتیوانیی ئاسمانیی نزیکیان ئەنجام داوە.

تەقەمەنییە گەڕۆکەکان تەنها لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە هەڵنادرێن، بەڵکو دەکرێت (ALTIUS ٦٠٠) لە فڕۆکەی باڵ جێگیر یان کۆپتەرەکانی وەک (Ghostrider-AC ١٣٠J)ی جەنگی و کۆپتەری (UH-٦٠ Black Hawk)ـەوە بڵاو بکرێنەوە.

هەروەها فڕۆکەی (ALTIUS ٦٠٠) تواناکانی خۆی لە شەڕی ئۆکرانیا سەلماندووە، کە ژینگەیەکی جەنگیی واقیعی بۆ سیستەمەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جیهاندا دابین دەکات.

هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لە یەکەمین ئەو یەکانە بوون کە سیستەمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری یەک ئاراستەیان لەسەر ئاستی تاکتیکی بەکارهێناوە.

سوپای ئۆکرانیا ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانە خۆکوژانەی بە کارایییەکی زۆرەوە دژی هێزەکانی ڕووسیا و سیستەمە چەکە قورسەکان بەکارهێناوە، لەوانەش تانکی جەنگیی سەرەکی، زرێپۆشی گواستنەوەی سەرباز، و ئۆتۆمبێلی جەنگیی پیادە.

هەوڵدان بۆ پڕچەککردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە گەورەکان بە فڕۆکەی بچووکتر کە توانای دابینکردنی پشتیوانیی ئاسمانیی نزیکیان هەبێت بۆ هێزە تایبەتەکان، هەنگاوێکی دیکەیە بەرەو بەهێزکردنی یەکخستن و تەواوکاری لە نێوان ئەم هێزانە و سیستەمەکانی جەنگی بێسەرنشیندا.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

## جەنگی بێ سەرباز ئاسایشی جیهانی بەهۆی درۆنەکانەوە لە مەترسیدایە

● ئامادەکردنی : ئەڤین

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بوونەتە کردەییترین هەڵبژاردە لە جەنگەکاندا، بەڵام هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشکەوتنەدا، ترسە ئەمنییەکان زیاتر بوون بەهۆی ئەگەری کەوتنەدەستی ئەم چەکە پێشکەوتووە بۆ دەستی تیرۆریستان.

راپۆرتە هەواڵگرییەکان هۆشداری دەدەن لەوەی درۆنەکان مەترسییەکی راستەقینەن بۆ سەر ئاسایشی جیهانی، بەتایبەت کە ئێستا گرووپە تیرۆریستییەکان و میلیشیاکانی ناوچەکە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن. کینس ماکێنزی، فەرماندەی ناوەندیی ئەمریکا هۆشداری داوە لە مەترسی ئەو درۆنە بچووکانەی کە میلیشیاکان بۆ بەئامانجگرتنی هێزەکان لە عێراق بەکاری دەهێنن.

ئەم تەکنەلۆژیایە رەنگە نەخشەی جەنگی دژ بە تیرۆر بگۆڕێت، بەتایبەت لە ناوچەکانی وەک کەناری ئەفریقا کە هێشتا مەترسی داعش تێیدا ماوە. ئەگەر تیرۆریستان بتوانن پەرە بەم چەکە بدەن، جیهان دەکەوێتە قەیرانێکی ئەمنی گەورەوە.

ئاسانی کڕینی درۆنی بازرگانی و گۆڕینی بۆ چەکی سەربازی، لەگەڵ بچووکی قەبارەکەی کە وادەکات رادارەکان بەزەحمەت ئاشکرای بکەن، بووەتە گرفتێکی گەورە. بۆیە وڵاتان خەریکی دۆزینەوەی چارەسەری تەکنیکی و سیستەمی بەرگریی پێشکەوتوون بۆ خستنەخوارەوەیان.

لەگەڵ گۆڕانکارییە سیاسییەکان و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی وەک ئەفغانستان، ترس هەیە گرووپە توندڕەوەکانی وەک تاڵیبان و داعش ئەم چەکە بەدەست بهێنن. بۆیە پێویستە چاودێرییە هەواڵگرییەکان چڕتر بکرێنەوە تا رێگە لە گەیشتنی هەر جۆرە تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوو بە دەستی تیرۆریستان بگیرێت.

## سیستەمێکی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

● ئامادەکردنی : رۆژین

بەکارهێنانی بەرفراوانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) بووەتە هەڕەشەیەکی گەورە؛ چونکە هەم سوپا و هەم گرووپە چەکدارەکان دەتوانن بە تێچوویەکی کەم، بۆ مەبەستی هێرشبردن و سیخوڕی بەکاری بهێنن.

لە وەڵامی ئەمەشدا، گرووپی ئێج (EDGE Group)، کە یەکێکە لە کۆمپانیا پێشەنگەکانی بواری تەکنەلۆژیا و بەرگریی ئیماراتی، سیستەمێکی یەکگرتووی بۆ بەرەنگاربوونەوەی درۆنەکان پەرەپێداوە. ئەم سیستەمە لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت:

١. سیستەمی لەکارخستنی نەرم (Soft Kill): وەک سیستەمی سکای شیڵد (SKYSHIELD)، کە لە رێگەی تێکدانی شەپۆلەکان (جامینگ) و چەواشەکردنی سیگناڵی (GPS)ـەوە، درۆنەکان لە ئامانجەکانیان دوور دەخاتەوە.

٢. سیستەمی لەناوبردنی ڕەق (Hard Kill): بریتییە لە تێکشکاندنی فیزیکیی درۆنەکان لە رێگەی چەکی تایبەت و مووشەکی بەرگریی ئاسمانی؛ وەک سیستەمی سکای نایت (SKYKNIGHT) و فڕۆکەی وەک شادۆ ٣.

٣. هەستەوەر و سیستەمی فەرماندەیی: پشت بە ڕاداری پێشکەوتوو دەبەستێت بۆ دیاریکردنی هەڕەشەکان، هەروەها خاوەنی سیستەمێکی فەرماندەییی زیرەکە، کە بەهۆی زیرەکیی دەستکردەوە یارمەتیی بڕیاردانی خێرا و ورد دەدات.

بە کورتی، ئێج چارەسەرێکی گشتگیر و هەمەلایەن پێشکەش دەکات بۆ پاراستنی ئاسمانی وڵاتان لە بەرامبەر هەڕەشە نوێیەکانی درۆن.



# سیستەمی دژەدرۆنی بەریتانی



شالاو حەمید

کۆمپانیای بەریتانیی Evolve Dynamics سیستەمی بەرگریی دژەفرۆکەی بێفرۆکەوانی خستە خزمەتی سوپای وڵاتەکەی. ئەم سیستەمە بۆ مەودای کورت و بە شێوەیەکی کارا لە ژینگەکانی شەڕی ئەلیکترۆنی و ئەو ژینگانەی کە سیستەمی GPSی تێدا بەردەست نییە، کار دەکات. Infinity Tether بەوە ناسراوە سیستەمێکی بەردەوام و کێشی سووکە و ئاسانە بۆ بەکارهێنان. سیستەمەکە بە بەستنەوەی فرۆکە بێفرۆکەوانەکە بە کێبڵی داتا کار دەکات، ئەمەش وای لێ دەکات چاودێریی جێگیر و بەردەوام بۆ زیاتر لە ٤٨ کاتژمێر تا بەرزیی ١٠٠ مەتر بپارێزێت. هەروەها ئەم کێبلە وەک سەرچاوەیەکی کارەبا بۆ فرۆکە بێفرۆکەوانەکە و گەیەنەرێکی داتا کار دەکات. ئەم سیستەمە نوێیە لەگەڵ سیستەمی فرۆکەی بێفرۆکەوانی Sky Mantis ٢ و Wolfe لە کۆمپانیای Evolve Dynamics دەگونجێت.

سوودەکانی فرۆکە بێفرۆکەوانەکان کە بە سیستەمی Infinity Tether کار دەکەن، لە ژینگەیەکی چالاکی شەڕدا ورد و بەردەوام دەبن، چونکە بەستەری داتای کێبلەکە تا ١٠٠ مێگابایت لە چرکەیەکدا پەیوەندیی بەردەوام مسۆگەر دەکات و زانیاری دەگوازێتەوە. ئەمەش وای کردووە کە جامکردن بە شێوەیەکی بنەڕەتی مەحاڵ بێت، تەنانەت لەگەڵ بلۆککردنی گواستنەوەی بێتەلیش. هەروەها توانای هەیە دەستێوەردان لە سیستەمی جیهانیی شوێنپێهەڵگرتن GPS بکات، بە جۆرێک ئەو درۆنانەی پشت بە GPS دەبەستن لەکاریان بخات. بۆ باری لەناکاو دەتوانێت بە بێتەل کار بکات بە شێوەیەکی پارێزراو و متمانەپێکراو. کێبلی داتاکانی سیستەمی Infinity Tether وزە دەدات بە پاتریی فرۆکە بێفرۆکەوانەکە، ئەمەش کاتەکانی جێگیرکردن درێژ دەکاتەوە و کێشە لۆجستییەکانی وەک گۆڕینی زۆر و چاککردنەوەی زۆری پاترییەکان کەم دەکاتەوە. بارستاییی فرۆکەکە ١٣ کیلۆگرام دەبێت.

کۆمپانیای Evolve Dynamics ڕایگەیاند کە سیستەمی Infinity Tether بەتایبەتی گونجاوە بۆ بەرەکانی شەڕی مۆدێرن، ئاسایشی سنوورەکان و ئەرکە هەستیارەکانی چاودێریکردن. سیستەمی متمانەپێکراوی داتا و پەیوەندی و کۆنترۆڵکردن، لەگەڵ کاتی فڕینی درێژ و کەمیی پێداویستییە لۆجستییەکان، وای لێ دەکات ببێتە هەڵبژاردەیەکی جدی بۆ ئەم ئەرکە گرنگانە. هەروەها ئەم سیستەمە توانای بینین زیاتر دەکات لە بەرزاییە زۆرەکان لەکاتی پێویستدا؛ هەرچەندە فڕینی ئازاد، واتە بەبێ کێبل، سوودەکانی سەلامەتی و متمانەپێکراوی کەم دەکاتەوە کە لەلایەن کێبلی داتاوە پێشکەش دەکرێت. دواجار ئەم فرۆکە بێفرۆکەوانە لە مەودا کورتەکان و تارادەیەک بچووکەکاندا بە بەهێزی کار دەکات، ئەمەش وای کردووە ئەو یەکانەی کە لەژێر سیستەمی Infinity Tether کار دەکەن، زۆر گونجاو بن بۆ دابینکردنی ئاسایش یان هێرشکردنە سەر ئامانجەکانی دوژمن.



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە

# وەزارەتی جەنگی ئەمریکا
# ٣٠٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووك بەرهەم دەهێنێت

● ڕێناس

پێنتاگۆن داوای لە کۆمپانیاکانی بەرگری کردووە کە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری یەک ئاراستە بەرهەم بهێنن و بە خێرایی بگاتە خزمەتی هێزە شەڕکەرەکانی. گوژمەی ئامادەکردنی ئەم فڕۆکانە یەک ملیار دۆلاری ئەمریکییە. مەرجە تا ساڵی ٢٠٢٨ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری یەک ئاراستە، واتە خۆکوژی، دابین بکەن. بەپێی زانیارییەکان، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بچووکن و توانای هەڵگرتنی لانیکەم ٣ کیلۆگرام تەقەمەنییان هەیە؛ هەروەها توانای ئەنجامدانی هێرشیان هەیە لە هەردوو ناوچەی دەشتایی و شاردا. چاوەڕوان دەکرێت ئەم فڕۆکانە توانای خۆیان نیشان بدەن بۆ مانۆڕکردن لە بازنەی ١٠ کیلۆمەتر لە زەوییە دەشتایی و چیاییەکان و ئەنجامدانی لێدانێک لە زیاتر لە یەک کیلۆمەتر لەناو شاردا. وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕایگەیاند: ئێمە ئامانجمانە بە تێچووی کەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەرزان بخەینە خوارەوە، نەوەک بە مووشەکی دوو ملیۆن دۆلاری. هەروەها دەبێت بتوانین بڕێکی زۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری توانابەرز دابین بکەین بۆ سوپای وڵاتەکەمان. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد، لە ساڵی ٢٠٢٦دا دەیان هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووک دەگەیەنینە هێزەکانمان و تا ساڵی ٢٠٢٧ سەدان هەزاریان دەگەیەنین.

بڕیارە لە قۆناغی یەکەمدا ٣٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ڕێگەی ١٢ کۆمپانیاوە بەرهەم بهێنرێت، لە قۆناغەکانی دواتریشدا ژمارەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیاد دەکات. بەپێی داواکاریی وەزارەتەکە، هێشتا ئەو کۆمپانیایانە بانگهێشت دەکرێن کە لە سەرەتادا لەلایەن پێنتاگۆنەوە هەڵنەبژێردراون بۆ کێبڕکێ. ئەوەش دوای فەرمانی جێبەجێکردنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە ٦ی حوزەیران، کە تێیدا داوای فراوانکردنی بنکەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکا و زیادکردنی پەسەندکردنی لە سەرانسەری دەزگا فیدراڵییەکاندا کردبوو.

فەرماندەییی باکووری سوپای ئەمریکا تیمێکی وەڵامدانەوەی خێرای پێکهێنا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر دامەزراوە سەربازییەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری وڵاتدا، بە بەکارهێنانی ئامرازێکی فڕۆکەوانی کە لەلایەن ئەندوریلەوە بەرهەم هێنراوە. جگە لەوەش، فەرماندەییی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکانی ئەمریکا داوای کرد خولێکی مەشقی قووڵ بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی شەڕی تایبەت بکرێتەوە، تا فێری هەموو لایەنەکانی دروستکردن و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بن لە ڕوانگەی کەسی یەکەمەوە.



# سێرڤال سیستەمی دژەدرۆنی فەڕەنسا

هەست کوردی

سیستەمی سێرڤال کە بەرهەمی کۆمپانیای KNDSی فەڕەنسییە، ئۆتۆمبێلێکی زرێپۆشی چوار دەبڵ ئەکسڵە، فرەئەرکە و بەتایبەت دروست کراوە بۆ بەرگری و دژە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. ئەم سیستەمە کە بە پڕۆگرامی سکۆرپیۆن پەرەی پێ دراوە، دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی تێدایە:

یەکەم: توانای بەرگریی بەهێزە؛ تاوەرێکی ڕۆبۆتیی بۆ جێگیر کراوە کە بە چەکێکی ٣٠ ملم کۆنترۆڵ دەکرێت و بە وردی ئامانجە دیاریکراوەکان دەپێکێت. هەروەها بۆ لەناوبردنی درۆنی دوژمن، تەقەمەنیی نوێ و تەقینەوەی هەوایی بەکار دەهێنێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ و تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ئۆتۆمبێلە، بوونی سیستەمێکی دیاریکردنە کە پێکهاتووە لە ڕادار و هەستەوەرەکانی کارۆڕووناکی و ئامێرەکانی دیاریکردنی فرێکوێنسیی ڕادیۆیی؛ توانای هەیە بە شێوەیەکی خۆکارانە شوێنی درۆنەکان دیاری بکات و لەناویان بەرێت.

دووەم: توانای هێرش و فرەئەرکی؛ بەهۆی دیزاینە نوێیەکەیەوە، جگە لە بەرگری، دەتوانێت ئەرکی گواستنەوەی هێز و سیخوڕی ئەنجام بدات. هەروەها کۆمەڵە ئەرکێکی نوێی درۆنی بۆ زیاد کراوە، کە ژوورێکی زیادە بە درێژیی ٢.٥ مەتر دەگرێتەوە بۆ هەڵگرتن و ناردنی ٢ تا ٨ درۆنی بچووک، وەک تەقەمەنیی گەڕۆک یان درۆنی سیخوڕی. ئەمەش ڕێگە بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی درۆن دەدات لەژێر پارێزگاریی بەردەوامی زرێپۆشدا بن، کە ئەزموونەکەی لە جەنگی ئۆکرانیاوە وەرگیراوە.

فەڕەنسا ٢٤ دانەی لەم ئۆتۆمبێلانە داوا کردووە و ئامانجییەتی ببێتە پێشەنگ لە شۆڕشی دژەدرۆن لە تەواوی ئەورووپا، هەروەها دەیەوێت ئەم سیستەمە وەک بەرهەمێکی گونجاو بۆ هەناردەکردن بەکار بهێنێت.



# بەکارهێنانی مەگنسیۆم وەك بۆمبی سووتێنەر

شاخەوان عومەر

لە شەڕەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتاییی سەدەی بیستەم، بۆمبی فۆسفۆری زۆرترین بەکارهێنانی هەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕەکان. هەرچەندە لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەپێی ڕێکەوتننامەی ژنێڤ، بەکارهێنانی ئەم بۆمبە کیمیاییانە قەدەغە کرابوو، بەڵام هێزە شەڕکەرەکان بە ناوی جۆراوجۆر بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی ئەم بۆمبانە؛ تەنانەت لە دژی خەڵکی سڤیلیش بەکار هێنران. بۆ زانیاریی زیاتر، فۆسفۆر ماددەیەکی سووتێنەری زۆر بەهێزە و توانای گڕگرتنی لەناو ئاویش هەیە. گەرمترین پلەی گەرمییەکەی دەگاتە نزیکەی ٢٧٦٠ پلەی سیلیزی، کە پلەیەکی زۆر بەرزە. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە مەترسیدارەکانی فۆسفۆر، توانای لکانیەتی بە جەستەوە، ئەمەش وا دەکات زیانی گەورە بەر جەستەی قوربانییەکە بکەوێت.

هێزە شەڕکەرەکان بۆ دەربازبوون لە لایەنی یاسایی بەکارهێنانی ماددە سووتێنەرە کوشندەکان، بەدوای جێگرەوەی فۆسفۆر گەڕان؛ لەم ڕووەوە کانزایەکی خێرا سووتێنەریان خستە لیستی جەبەخانە سەربازییەکانیان. مەگنسیۆم ماددەیەکی سووتێنەری زۆر بەهێز و خێرایە، ئەوپەڕی گەرمییەکەی مەگنسیۆم پێی دەگات ٣١٠٠ پلەی سیلیزییە، ئەمەش بە ٣٤٠ پلە لە فۆسفۆر گەرمترە، بەڵام لە سووتاندا پێویستی بە هەوایەکی زیاتر هەیە و توانای سووتانی نییە لەناو ئاودا. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی مەگنسیۆم کە بەهۆیەوە لە فۆسفۆر جیا دەکرێتەوە، خێرا سووتانیەتی و ئاسەواری سووتاوییەکەی خێرا کۆتایی پێ دێت. تاکە هۆکاری بەکارهێنانی مەگنسیۆم یاساییبوونە، چونکە ئەو کانزا سووتێنەرە بە یاسایی و فەرمی قەدەغە نەکراوە.



ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

# یۆرانیۆم چییە؟

منیر ئەحمەد

یۆرانیۆم، ئەو مادەیەیە کە یەک گرامی بەشی هەشت ساڵ سوتەمەنی ئۆتۆمبێلێک دەکات. کانزاییەکی ڕەنگ زەردە کە بە شێوەیەکی خاوو لە بڕێکی کەم لە سروشتدا بوونی هەیە. ئەم مادەیە زۆر جار لەلایەن دەوڵەتانەوە بە شێوەیەکی خراپ بە کارهێنراوە، ئەمەش وای کردووە کە زیاتر لە بوارەکانی سەربازیدا و بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی کەڵکیان لێوەربگیرێت. ئەم توخمە کانزاییە زیانەکانی هێندە کەم نین کە بە ئاسانی بتوانرێت بەرهەم بهێنرێت و بپیتێدرێت، پیتاندنی ماددەکە لە ڕێگەی کەرتکردنی ناوکەکەیەوە دەبێت کە لە کۆتاییدا هێزێکی یەکجار زۆری لێ پەیدا دەبێت.

یۆرانیۆم بە پلەی یەکەم وەک سووتەمەنی لە وێستگەکانی وەزەی ئەتۆمدا بە کاردەهێنرێت وایکردووە کە لە دروسکردن و بەرهەمهێنانی وزەی کارەباشدا سوودی لێ وەربگیرێت. ئەم یۆرانیۆمە دەتوانرێت لە بواری پزیشکیشدا سوودی لێ وەربگیرێت بە جۆرێک کە ئایزۆتۆپی یۆرانیۆم لە چارەسەرە پزیشکەکانی وەک لێزەر بە مەبەستی چارەسەرکردنی شێرپەنجە بە کاردەهنرێت، هەروەها لە تەکنیکە جیاوازەکانی گرتنی تیشک و سیتیسکاندا وەک ڕێگەیەک لە چارەسەری پزیشکی بە شێوەیەکی باو لە کەرتە تەندروستیەکاندا بە کار دەهێنرێت. ئەگەر یۆرانیۆم لە هەر جێگەیەکدا بە کاربهێنرێت ئەوا ئەو شوێنە تووشی پیسبوون و وێرانکارییەکی تەواوەتی دەبێت کەوا دەکات ژیان لە ناو ئەو ناوچەیەدا ئەستەم بێت و کاریگەریەکەی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ دەمێنێتەوە.

لە بواری سەربازیشدا یەکەم جار وڵاتی ئەمریکا ئەم مادەیەیی بەکارهێنا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە هێرۆشیما و ناکازاکی و وایکرد کە قوربانیەکی زۆری لێ بکەوێتەوە. ئەم ماددەیە هێندە بە هێزە بە شێوەیەک ئەگەر بێت و لە بری سوتەمەنی گرامێک لەم یۆرانیۆمە بۆ ئۆتۆمبێل بە کاربهێندرێت ئەو کات ئۆتۆمبێلەکە دەتوانی بۆ ماوەی هەشت ساڵ پێویستی بە هیچ جۆرە سوتەمەنییەک نەبێت. لە ئێستادا کار لە سەر ئەم بیرۆکەیە دەکرێت کە ئەگەر بێت و سەکەوتن بە دەست بهێنێت ئەوە پیشەسازی ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و تەواوی ئەو ئامێرانەی کە پێویستیان بە وزە هەیە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە و هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ مرۆڤایەتی.

سەرچاوە : sky news





## خەونە سەربازییەکەی دیکتاتۆرێك

# چیرۆکی تۆپەکەی بابل و کوژرانی ئەندازیارەکە

لە ساڵانی هەشتاکاندا، عێراق بەهۆی داهاتی زۆری نەوت و جەنگی ئێرانەوە، هەنگاوی گەورەی نا بۆ دروستکردنی پیشەسازیی سەربازیی ناوخۆیی. بەغدا هەوڵی دەدا زانا و پسپۆڕە جیهانییەکان رابکێشێت بۆ پەرەپێدانی چەکەکانی، یەکێک لەوانە زانای کەنەدی (جێرالد بوڵ) بوو.

جێرالد بوڵ کێ بوو؟

بوڵ ئەندازیارێکی کەنەدی بوو کە خولیای دروستکردنی تۆپی زەبەلاح و مووشەکی بالیستی هەبوو. ئەو بڕوای وابوو کە دەکرێت لە ڕێگەی تۆپی گەورەوە تەنەکان ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان بکرێن نەک تەنها بە مووشەک. بوڵ لەگەڵ چەندین وڵاتی وەک ئیسرائیل، چین و باشووری ئەفریقا کاری کردبوو، دواتر ڕووی لە عێراق کرد.

پرۆژەی بابل

سەدام حوسێن گرێبەستی لەگەڵ بوڵ کرد بۆ دروستکردنی گەورەترین تۆپ لە جیهاندا بە ناوی پرۆژەی بابل. پرۆژەکە دوو بەش بوو:

١. بابلی بچووک: تاقیکردنەوەی سەرەتایی بوو بە تیرەی ٣٥٠ ملم.

٢. بابلی گەورە (تۆپە زەبەلاحەکە): ئەمە ئامانجە سەرەکییەکە بوو. درێژییەکەی نزیکەی ١٥٠ مەتر و تیرەکەی ١٠٠٠ ملم دەبوو. توانای ئەوەی هەبوو مووشەک یان بۆمب بۆ مەودای ١٠٠٠ کیلۆمەتر بهاوێژێت (کە دەگەیشتە قووڵایی ئیسرائیل و ئێران)، یان مانگی دەستکرد ڕەوانەی ئاسمان بکات.

عێراق پارچەکانی ئەم تۆپەی لەژێر ناوی بۆری نەوت و پترۆکیمیایی لە کۆمپانیا ئەورووپییەکانەوە (بەریتانیا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا) دەکڕی و دەیهێنایە ناوەوە.

تیرۆرکردنی ئەندازیارەکە

لە ئازاری ١٩٩٠، جێرالد بوڵ لەبەردەم شوقەکەی خۆی لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا بە پێنج گوللە و بە دەمانچەی بێدەنگ کوژرا. بکوژەکە دەستکاری پارەکانی گیرفانی نەکردبوو، ئەمەش ئاماژە بوو کە کوشتنەکە سیاسییە. زۆربەی پەنجەکانی تۆمەت بۆ دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل (مۆساد) ڕاکێشران، چونکە ئیسرائیل ترسی هەبوو لەو پرۆژە مووشەکی و تۆپخانەییەی عێراق.

کۆتایی خەونەکە

دوای کوشتنی بوڵ و داگیرکردنی کوەیت، وڵاتانی ئەورووپا دەستیان گرت بەسەر بەشێک لە پارچەکانی تۆپەکەدا کە هێشتا ڕەوانەی عێراق نەکرابوون. پاش جەنگی کەنداویش، نەتەوە یەکگرتووەکان پاشماوەی پرۆژەکەیان لەناو عێراقدا لەناوبرد. بەمەش خەونەکەی سەدام هاوشێوەی خەونەکەی هیتلەر (کە ئەویش تۆپێکی زەبەلاحی دروست کردبوو) بە شکست کۆتایی هات، چونکە سەردەمی تۆپی گەورە بەسەرچوو بوو و تەکنەلۆژیای مووشەک شوێنی گرتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی جەزیرە

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




# ڕۆڵی تەواوکەرە خۆراکییەکان لە باشترکردنی ئەدای کردەی سەربازیدا

● ئەڤین ئەحمەد

لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئامادەکاریی سەربازی تەنیا لە ڕاهێنان و تاکتیکی جەنگی و دروستکردنی چەکدا نییە، بەڵکو ئامادەکاریی جەستەیی و دەروونی گرنگییەکی تایبەتی هەیە. یەکێک لەو ڕێگایانەی کە دەتوانێت ئەم ئامادەکارییە بەرز بکاتەوە و چالاکیی ئاگاییی سەربازەکان لە کاتی جەنگدا زیاتر بکات، بەکارهێنانی تەواوکەرە خۆراکییەکان.

لە کاتی ئۆپەراسیۆنە درێژخایەنەکاندا، سەربازەکان پێویستیان بە سەرچاوەیەکی زۆری وزە هەیە. تەواوکەرەکانی وەک کاربۆهیدراتەکان و سەرچاوەکانی دیکە، دەتوانن بە خێرایی وزە پێشکەش بکەن بەبێ ئەوەی قەڵەوییەکی زۆر دروست بکەن. لەدوای کاربۆهیدراتەکان، پرۆتینەکان یارمەتیی دروستکردنەوە و گەشەی ماسولکە دەدەن دوای ڕاهێنان یان برینداری؛ ئەمەش وا دەکات سەربازەکان خێراتر بگەڕێنەوە بۆ کاری سەربازی.

بۆیە ئەمینۆ ئەسیدەکان، کە پێکهاتەی سەرەکیی بنیاتنانەوەی ماسولکەکانن، پێویستە سەربازەکان لە سەرچاوەی جیاوازی خۆراکییەوە بەدەستیان بکەوێت. هەروەها بۆ باشترکردنی توانای دەروونی و فیکری سەربازەکان، بەتایبەت لە بەرەکانی شەڕ و ئەنجامدانی کردە سەربازییەکان، ڤیتامینەکان وەک ڤیتامین بی و کانزاکانی وەک مەگنیسیۆم ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە کۆنترۆڵکردنی فشاری دەروونی و باشترکردنی مێشک و توانای تێڕامان. جگە لەمە، بۆ بەهێزکردنی سیستەمی بەرگریی لەش، ڤیتامینەکانی وەک ڤیتامین سی و ڤیتامین دی و زینک یارمەتیدەرن و ڕێگری لە نەخۆشی دەکەن. بۆ کەمکردنەوەی ئازار، تەواوکەرەکانی وەک ئۆمێگا ٣ یارمەتیی کەمکردنەوەی هەوکردن و ئازاری ماسولکە دەدەن؛ ئەمەش وا دەکات سەربازەکان بتوانن زیاتر ڕاهێنان بکەن بەبێ ئەوەی جەستەیان تووشی گرژبوون یان شەکەتبوون بێت.

تێبینییەکی گرنگ هەیە: سەربازەکان پێویستە لەژێر ڕاسپاردەی پزیشکی و ڕاهێنەرانی تایبەت بە تەندروستی، تەواوکەرە خۆراکییەکان بەکار بهێنن. بەکارهێنانی نارێکی ئەم تەواوکەرانە دەتوانێت ببێتە هۆی زیانی تەندروستی، هەروەها پێویستە لەگەڵ خۆراکێکی تەندروست و ڕێکوپێکدا بەکار بهێنرێن. لە کۆتاییدا، بەکارهێنانی زانستی و ڕێکوپێکی تەواوکەرە خۆراکییەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت لە باشترکردنی کارایی سەربازی و بەرزکردنەوەی ئەدای کردەی سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگدا، بەڵام ئەمە پێویستی بە پلانێکی ورد و زانستی و سەربازی هەیە.

پێشمەرگە
گۆڤارێکی وەرزییە، وەزارەتی پێشمەرگە دەریدەکات

# لە وەرزی زستاندا پاراستنی تەندروستی و ئامادەیی جەنگی



● ژوان قارەمان

زستان بۆ سەرباز تەنها گۆڕانی وەرز نییە، بەڵکو گۆڕانکارییە لە دۆخی مەیدانیدا. سەرمای سەخت و کەشی شێدار و بەفر، دوژمنێکی شاراوەن ئەگەر خۆتی بۆ ئامادە نەکەیت. لە ئەرکی سەربازیدا، دابەزینی پلەی گەرمی و کەمبوونەوەی جوڵە لە سەنگەرەکاندا مەترسییە بۆ سەر تەندروستی و کەمکردنەوەی توانای جەنگان، بۆیە پێویستە بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکرێت.

**پاراستنی جوڵە و ئامادەیی جەستەیی**

لە زستاندا بەهۆی سەرماوە مەیل بۆ دانیشتن لەناو ژوور و سەنگەرەکان زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەقبوونی ماسولکەکان.

ڕێنمایی: تەنانەت ئەگەر ئەرکەکەت جێگیرە (واجیبی سەنگەر یان خاڵی پشکنین)، نابێت جوڵە فەرامۆش بکەیت. ڕۆژانە ئەنجامدانی ڕاهێنانی بەیانیان یان ڕۆیشتن بەپێی پێویستە. لەکاتی ئێشکگریدا بەردەوام پەنجەکانی دەست و پێت بجوڵێنە بۆ ئەوەی خوێن تێیاندا هاتوچۆ بکات و لە بەستن بەدوور بێت.

***مەعنەویات و بەهێزیی دەروونی**

کەشی تاریک و سارد، دووری لە خێزان و مانەوەی زۆر لە شوێنی داخراو، فشار لەسەر دەروونی سەرباز دروست دەکات.

ڕێنمایی:** بۆ پاراستنی بەرزیی مەعنەویات؛ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و گیانی برایەتی لەگەڵ هاوسەنگەرانت بەهێز بکە. لە کاتی پشوودا گفتوگۆی بەسوود بکەن، یان بە خوێندنەوە و پاککردنەوەی چەک و کەلوپەلەکانت کاتەکانت پڕ بکەرەوە. گۆشەگیری لە سەربازگەدا مەترسیدارە، تێکەڵاوبوون وزەی دەروونی دەبەخشێت.

**سیستەمی جلوبەرگی سەربازی (بنەمای پیاز**

باشترین تاکتیک بۆ خۆپاراستن لە سەرما، لەبەرکردنی جلوبەرگە بە شێوازی (چین لەسەر چین).

چینی یەکەم: جلی ژێرەوەی گەرم (فانێلە و ژێرەوەیگەرم) کە ئارەق هەڵمژێت.

چینی ناوەڕاست: جلوبەرگی سەربازی (یونیفۆرم) و بلوزی سوف.

چینی دەرەوە: بارانی یان کاپشنی ئەستووری دژە ئاو و بای سەربازی.

تێبینی گرنگ: پۆستاڵ و گۆرەوی گرنگترین بەشن؛ دەبێت هەمیشە گۆرەوی یەدەگ و وشکت پێبێت. پێیەکانت بەباشی گەرم رابگرەو لە تەڕبوون بەدووری بگرە.

**مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازی پلەی گەرمی (هەواگۆڕکێ)**

سەرباز بەردەوام لە جوڵەدایە لەنێوان ژووری پشوودان (کە گەرمە) و خاڵی پاسەوانی و ئێشکگری کە ساردن.

ێنمایی: کاتێک لە ژووری گەرم دەچیتە دەرەوە بۆ ئەرک، دڵنیابە لەوەی جەستەت زۆر ئارەقی نەکردبێتەوە، چونکە ئارەق لە دەرەوە دەبێتە هۆی سەرمابوونی خێرا. هەروەها کاتێک دەگەڕێیتەوە شوێنی گەرم، ڕاستەوخۆ جلە ئەستوورەکانت دانەکەنیت تا جەستەت لەگەڵ پلەی گەرمییەکە ڕادێت.

**خۆراکی گونجاو**

لە سەرمادا جەستە وزەی زیاتر دەسوتێنێت بۆ ئەوەی خۆی گەرم ڕابگرێت. پێویستە سوود لەو خۆراکانە وەربگریت کە وزە دەبەخشن. خواردنەوەی شۆربای گەرم ، یان چای گەرم لەکاتی ئێشکگریدا زۆر بەسوودە. هەوڵبدە هەمیشە شتی وەک (خورما، کشمیش، یان چەرەسات) لە گیرفانی لاوەکیدا هەبێت بۆ وزەی خێرا. دووربکەوەرەوە لە خواردنی زۆر سارد کە گەدەت سارد دەکەنەوە. خواردنی بیبەر و بەهارات یارمەتیدەرن بۆ گەرمکردنی خوێن.

**پاراستنی سەر**

سەرباز دەبێت هەمیشە وریای دەوروبەری بێت، بەڵام سەرما دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تەرکیز. بەشێکی زۆری گەرمی جەستە لە ڕێگەی سەرەوە لەدەست دەچێت. لە ژێر کڵاوی ئاسن یان لەکاتی ئاساییدا، کڵاوی خوری (سوف) یان ملپێچ بەکاربهێنە بۆ داپۆشینی گوێ و نیوچەوان. ئەمە نەک تەنها گەرمت دەکاتەوە، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هەستە دەمارەکانت بە چالاکی بمێننەوە و باشتر گوێت لە جوڵەی دوژمن بێت.

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەوڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku

PESHMARGA
PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

# ووشەی یەکتربڕ

**ئاسۆیی:**

١- ناوی جۆرە مەکاینێکی دروست کردنی ڕێگاو بانە - جۆرە چەکێکە – نەعل بە کوردی
٢- خوار (پێچەوانە) – پێچ (پێچەوانە) – (عام)ی ناوقەد براو – ناوی کورانە
٣- سوزاو (پێچەوانە)- ناوی زنجیرە مارکێتێکە – جۆرە تامێکە
٤- جاسوس بە کوردی – هاماش (پێچەوانە) - ناوی جۆرە مەکاینێکە
٥- تۆ بە ئینگلیزی – شارێکی باکوری کوردستانە – جۆرە ئارایشێکە ئافرەتان بە کار دەهێنن – (کاخ) ی ناو قەدبراو
٦- (با) ی بن براو – (کا)ی بن براو – مردوو بە بادینی – (دە)ی سەر براو
٧- شارستانییەکی کۆنی کوردستانە – لە وەرزی زستان دەبارێت
٨- شارێکی باکوری کوردستانە – هەلمەتێک بە بادینی (پێچەوانە) – ڕاول تێکەولا
٩- پێچەوانەی میر – (مەر)ی سەر براو – جۆرە میوەیێکە – ریمۆ تێکەولا
١٠- (زو)ی بن براو – هەنار بە عەرەبی – (سم)ی بن براو – تەمەن بە فارسی – (تیتال)ی بن براو
١١- وەکویەکە – (وس) ی بن براو – تەم بە بادینی (پێچەوانە)- (سم)ی سەر براو – سەو تێکەلاو- جۆرە میوەیێکە (پێچەوانە)
١٢- خۆشەویستی بوک (پێچەوانە) – مانگێکی کوردیە (پێچەوانە)
١٣- وولاتێکی عەرەبیە (پێچەوانە) – جۆرە ماسییێکە – (رم)ی بن براو – (رو)ی بن براو – (تی) بن براو
١٤- وربارێکی کوردستانە – ناوی پالەوانێکی ئەفسانەی کوردە (پێچەوانە) – قیاس (پێچەوانە)
١٥- هەلپەرکێ (پێچەوانە)- جۆرە بارهەلگرێکە (پێچەوانە)- هۆلی زەماوەند
١٦- چیاییێکی کوردستانە – شوێنی کۆکردنەوەی کا – بێچووی مەر

**ستوونی:**

١-هەرە تریشقە بە بادینی – جۆرە کازاییێکە – جۆرە تانکێکە (پێچەوانە)
٢- یانەیەکی ئیتالیە – چا بە عەرەبی (پێچەوانە) – پێداویستییەکی ریش تاشینە- (مار)ی بن براو
٣- نەمر بە عەرەبی (پێچەوانە) – پێداویستییەکی دارتاشە - پێچەوانەی سەرما (پێچەوانە)
٤- ماچ بە عەرەبی (پێچەوانە)- (رۆس) ی سەر براو – جۆرە میوەیەکە- پرد بە عەرەبی
٥- یانەیەکی عێراقە – براندێکی کالەیە بەناوبانگە – ئەندامێکی لەشی مرۆڤە
٦- (کەف)ی سەر براو – شار بە ئینگلیزی – ئافرەت (پێچەوانە)- جۆرە بالندەیێکە (پێچەوانە)
٧- پێداویستییەکی هاتوچۆکردنە (پێچەوانە) – سێ پیت لە گەیشت – پاشماوەی گەنم و جۆ (پێچەوانە)
٨- پایتەختی پیرۆ – سەگ بە بادینی (پێچەوانە) – نەفام تێکەڵاو
٩- جۆرە ئۆتۆمبێلی بارهەلگرە – ڕەنگێکە – مانگێکی ئینگلیزیە
١٠- هەڵبەستڤان بە عەرەبی (پێچەوانە)- چوار پیت لە مریەم – داسنی تێکەڵاو
١١- پێوەری هەڵسەنگاندنی قوتابیە لە کۆتایی ساڵ – سەرپەرشتیاری یاریزانانی تۆپی پێ – ناوی فیستڤالێکی نێودەولەتیە
١٢- (کیس)ی بن براو – ئەندامێکی لەشی سەرەکی مرۆڤە
١٣- (دال) ناوقەدبراو – پێک بەستنەوەی دوو تەلەفۆن – سەهۆل (پێچەوانە)
١٤- پاشماوەی هەنگوین – جۆرە میوەیەکە – نیروە تێکەڵاو
١٥- لەگەل گۆرانی لێدەدرێت – کەسی گەنم و جۆ دەچینێت (پێچەوانە)
١٦ چیاییێکی کوردستانە – رووبارێکی کوردستانە - تیر(پێچەوانە)



ئامادەکردنی: عەمید منیر ئەحمەد

## وەڵامی ژمارە ٤٧

| 16 | 15 | 14 | 13 | 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ک | م | ش | | ۆ | ن | ر | ب | | ر | ه | ز | ۆ | د | ل | ب | 1 |
| ا | و | ه | ر | | م | ع | | ل | و | ف | ه | | ل | ا | ر | 2 |
| ر | ز | م | | ت | ر | ا | م | ی | ت | | و | س | ا | ز | و | 3 |
| ۆ | ی | ا | د | | ه | ش | ا | م | ا | | ر | و | خ | ی | س | 4 |
| خ | ک | | ل | ک | | | ن | ا | م | ت | ا | ب | | و | ی | 5 |
| | | ه | | ی | د | م | | | | ا | | | ب | | | 6 |
| ر | ف | ه | ب | | ا | ی | م | ا | ت | ۆ | پ | ۆ | ز | ی | م | 7 |
| و | ا | ر | ل | | ه | ه | و | | گ | ن | و | س | م | ا | س | 8 |
| ر | ی | م | و | | ێ | م | ر | ه | ه | | م | | ا | ش | | 9 |
| ا | ت | ی | ت | | ن | س | | س | | ن | ا | م | ر | | ز | 10 |
| ت | و | | ۆ | س | ه | | م | | م | ژ | | و | | م | م | 11 |
| | ج | و | ز | ه | ر | د | ا | ن | | | | ز | ا | و | ا | 12 |
| ت | | ر | | ر | | ن | ی | ف | ل | ۆ | د | | م | س | ر | 13 |
| س | ا | ی | ز | | ک | ا | و | ه | | ه | ل | ج | د | | ب | 14 |
| ه | | ن | ۆ | ل | ا | س | | م | ا | ک | | س | ه | م | ا | 15 |
| خ | ر | ه | ب | | ک | ی | د | ا | ک | | ی | ر | گ | ا | ئ | 16 |

# جەنگە سەیرەکان

● ئامادەکردنی: هۆزان

لەمێژووی جیهاندا کۆمەڵێک جەنگ ڕوویانداوە کە هۆکارەکانیان زۆر سەیر و سادە بوون، بەڵام دەرەنجامی خوێناوییان لێکەوتووەتەوە. لێرەدا باسی چوار لەو جەنگانە دەکەین:



## جەنگی کێك

ئەم جەنگە لەساڵی ١٨٣٨ لەنێوان فەرەنسا و مەکسیک هەڵگیرسا. چیرۆکەکە لەوەوە دەستی پێکرد کە لە ساڵی ١٨٣٢ چێشتلێنەرێکی فەرەنسی بەناوی ریمۆنتێل سکاڵای کرد کە ئەفسەرانی مەکسیک دوکانەکەیان تاڵان کردووە، بەڵام حکومەتی مەکسیک ڕەتی کردەوە قەرەبووی بکاتەوە. دوای چەند ساڵێک، فەرەنسا ئەمەی کردە بیانوو و داوای ٦٠٠ هەزار پیسۆی کرد. کاتێک مەکسیک پارەکەی نەدا، کەشتیگەلی فەرەنسا گەمارۆی بەندەرەکانی مەکسیکی دا و شاری ڤێراکروز و قەڵای سان خوان دی ئولای بۆردومان کرد. دوای شەڕێکی سەخت و کوژرانی سەدان کەس، مەکسیک ناچار کرا پارەکە بدات، بەڵام ئەمە بووە هۆی گرژیی زیاتر لە ساڵانی دواتردا.



## جەنگی سەگی بەرەڵا

لە ساڵی ١٩٢٥ و لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی یۆنان و بولگاریا گرژ بوون، ڕووداوێکی بچووک بووە هۆی کارەسات. سەربازێکی یۆنانی لەسەر سنوور بەدوای سەگێکی بەرەڵادا ڕایکرد بۆ ناو خاکی بولگاریا، پاسەوانانی بولگاریا تەقەیان لێ کرد و کوشتیان. یۆنان تووڕە بوو و داوای سزای بکەرانی کرد، کاتێک داواکەی جێبەجێ نەکرا، سوپای یۆنان هێرشی کرد و شاری پیتریچی بولگاریای داگیر کرد. خەریک بوو جەنگێکی گەورە هەڵبگیرسێت، بەڵام کۆمەڵەی گەلان بەپەلە دەستوەردانی کرد و یۆنانی ناچار کرد پاشەکشە بکات و قەرەبووی بولگاریا بکاتەوە.



## جەنگی کورسییە زێڕینەکە

لە ساڵی ١٩٠٠ لە ڕۆژئاوای ئەفریقا، بەریتانیا جەنگێکی دژی ئیمپراتۆریەتی ئاشانتی لە غانا بەرپا کرد. هۆکارەکە سووکایەتییەکی گەورە بوو بە پیرۆزییەکانی ئاشانتی؛ کاتێک فەرمانڕەوای بەریتانی داوای کرد لەسەر کورسییە زێڕینەکە دابنیشێت، کە لای خەڵکی ناوچەکە تەنها کورسی نەبوو بەڵکو هێمای ڕۆحی نەتەوەکەیان بوو. ئاشانتییەکان ڕاپەڕین و کورسییەکەیان شاردەوە. جەنگەکە چەند مانگێکی خایاند و نزیکەی سێ هەزار کەس لە هەردوولا کوژران. بەریتانیا ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد و پاشاکەی دوورخستەوە، بەڵام نەیانتوانی دەست بەسەر کورسییەکەدا بگرن تا ساڵی ١٩٢١ کە بە ڕێکەوت دۆزرایەوە.



## جەنگی تۆپی پێ

لە ساڵی ١٩٦٩ گرژیی نێوان هندۆراس و ئێلسالڤادۆر گەیشتە لوتکە. کێشەکە تەنها تۆپی پێ نەبوو، بەڵکو پەیوەندی بە کۆچبەرانی ئێلسالڤادۆرەوە هەبوو لە هندۆراس. لە کاتی یارییەکانی پاڵاوتنی مۆندیالدا ئاژاوە دروست بوو و هاندەران لێکیاندا. دوای یارییە یەکلاکەرەوەکە، ئێلسالڤادۆر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی بڕی و هێرشی ئاسمانی و زەمینی کردە سەر هندۆراس. شەڕەکە تەنها ١٠٠ کاتژمێری خایاند، بەڵام کارەساتبار بوو و نزیکەی سێ هەزار کەس کوژران و هەزاران کەس ئاوارە بوون، تا دواجار بە نێوەندگیریی نێودەوڵەتی ئاگربەست کرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی listverse.com

ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە hewalname.com/ku




وەزارەتی پێشمەرگە
MINISTRY OF PESHMERGA

# بۆ بەئاگابوونت لە نوێترین هەواڵی پێشمەرگە

سەردانمان بکەن لە سەرجەم
سەکۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

**@KRG.MOPA.OFFICIAL**

No 48

# PESHMARGA

PERIODIC JOURNAL ISSUED BY MINISTRY OF PESHMARGA

ساڵی نوێتان پیرۆزبێت

# 2026

Happy New year

به بۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە گۆڤاری پێشمەرگە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدە سەربەرزەکان و برا مەسیحیەکان لە هەریمی کوردستان و تەواوی خەڵکی کوردستان دەکات.

هیوادارین ساڵی نوێ ساڵی خێر و خۆشی و سەرکەوتنی گەورە بێت



hewalname.com/ku ئەم گۆڤارە لە ماڵپەڕی هەواڵنامەی کتێب داگیراوە